زمانناسیی دیکارتی

بەشێک لە مێژووی بیرکردنەوەی ئەقڵگەرا

نوام چۆمسکی

وەرگێڕ: مستەفا غەفوور

زماننا‌سیی دیکارتی

بەشێك لە مێژووی بیرکردنەوەی ئەقڵگەرا

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

٢٠١٣

م چۆمسکی

زمانناسیی دیکارتی

بەشێك لە مێژووی بیرکردنەوەی ئەقڵگەرا

وەرگێڕ: مستەفا غەفوور

MUKIRYANI

خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

- **زمانناسیی دیکارتی**
- زمانناسیی دیکارتی / نوام چۆمسکی
- وەرگێڕانی بۆ کوردی: مستەفا غەفوور
- نەخشەسازی ناوەوە: ڕێدار جەعفەر
- بەرگ: ڕێمان
- نرخ (٤٠٠٠) دینار
- **چاپی یەکەم : ٢٠١٣**
- **تیراژ: (١٠٠٠) دانە**
- **چاپخانە: موکریانی (هەولێر)**
- **لەبەڕێوەبەرایتیی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٢٧١٣) ساڵی (٢٠١٣)ی پێ دراوە.**

زنجیرەی کتێب (٧٨٥)

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

ناوەرۆك

بەرچاوڕونی.. ٧

پێش وتە.. ٩

پێشەکی... ١٣

لایەنی داهێنەرانەی کارایی زمان....................... ١٩

ژێرساز و رووساز...................................... ٧٧

لێکدانەوە و روونکردنەوە لە زمانناسی دا................ ١١٥

فێربوونی زمان و کارایی زمان.......................... ١٢٩

دەرئەنجام... ١٥٣

سەرچاوەکان... ١٥٥

بەرچاوڕوونی

خوێنەری بەرێز... بەندە لەلایەك بڕوام بەوە نییە لە ژێر ناوی پێشەکی، هیچ شتێك بۆ هیچ بەرهەمێکی وەرگێردراو بنوسرێ، لە لایەکی تر لەوە بچوکترم پێشەکی بۆ بەرهەمی نووسەرێك بنووسم، کە ئەستێرەیەکی پرشنگداری بواری زانستیی زمانە و خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ. ترسی بە گژداچوونی بابەتێکی قووڵ و ئاڵۆزی زمان، کە پتر دەکەوێتە خانەی فەلسەفەی زمان، هۆگریم بۆ گرینگی بابەتەکە، لە نێوان ترس و هۆگری دا رایانگرتم، لەبەرئەوە ناچار بووم بە ریسك کردن مل لەوەرگێڕانی ئەم بابەتە بنێم، سەرەڕای وەرگێڕاوە فارسییەکە دەقە ئینگلیزییەکەشم دەستەبەر کرد. داوام لە مامۆستای بەڕێز دکتۆر رەفیق شوانی کرد یارمەتیم بدات، ناوبراویش بە دڵفراوانییەوە پەسندی کرد و رێنوێنییەکی باشی کردم کە لە دڵەوە سوپاسی دەکەم. دیارە میکانیزمی وەرگێڕانی بابەتێکی ئاوا گرفتی زۆرە، هەر لە ساغکردنەوەی زاراوەکان و خۆشکردنی بابەتەکە و روونکردنەوەی ئاڵۆزییەکان و ئاڵوگۆڕی پەراوێزەکان و... کە هەریەکیان ئەزموونی تایبەت بەخۆی گەرەکە، ئەگەر ساغکردنەوەی زاراوەکەش ئاسان بێ ئەوا جێکردنەوەی لە رستەیەکی بێ گرێوگۆڵدا رەنگە ئاسان نەبێ، ئەگەر رەوانیی و جوانکاریی رستەسازییەکەش ئاسان بێ دوور نییە مەبەست یا مانای پڕ بە رستەکە نەگەیەنێ. بە کورتی ناچار بووم هەر رستەیەکی وەرگێڕاوە فارسییەکە لەگەڵ دەقە ئینگلیزییەکە بەراورد بکەمەوە. دواتر بینیم زۆربەی زاراوەکانی زمانەوانی، هێشتا نە نووسەران تەنانەت خودی شارەزایانیش لەسەری ساغ نەبوونەتەوە، ئیتر لەبەر ئەوە بێ کە رێنوێنییەکانی کۆڕی زانیاری کورد لە ئارادا نیین و ئەو جۆگەلەیە وشکی کردووە، یا کەس خەتی کەس ناخوێیتەوە، یا وشە و

زاراوەسازی بە گەشەکردنی ئەمڕۆی زمانی کوردی راناگا، یا...، کە ئەمە خۆی بابەتێکی جیایە و ئێرە جێگای باسکردنی نییە. بۆیە لەگەڵ بۆڵت یا تۆخکردنی هەر زاراوەیەك، زاراوە ئینگلیزیەکەشم خستە پەراوێزەوە، دواتر بۆ ئەوەی زەحمەتی خوێنەر کەم بکەمەوە پەراوێزەکانی پاشکۆی دەقەکەم بە جیا خستە پەراوێزی لاپەرەکانی بەردەم بابەتەکان.

ئیتر بە سوپاسەوە چاوەڕوانی رەخنەکانتانم...

مستەفا غەفوور

پێش وته

مەبەستی ئەم زنجیرە بەرهەمە، کە ئەم کتێبە یەکەمیانە، ڕۆچوونە بە چۆنییەتی زمان، پرۆسەکانی زمان و پێکهاتەی زەینیی زماندا، کە زەمینە خۆشکەری فێربوون و کەڵك وەرگرتنە لە زمان. گوایە پرسی تاوتویٚ کردنی زمان، زانستی ئێمە لەمەڕ دەروونناسی مرۆڤدا قووڵتر دەکاتەوە، باوەڕێکی نویٚ نییە. ئەوە روونە کە کاتی کەڵك وەرگرتن لە زمانی ڕۆژانە، باڵاترین تواناکانی زەین دەکەونە گەڕ. بە سەرنجدانە ئەم بەهرەیە و تایبەت بوونی بە مرۆڤ، ئاساییە وا بیربکەینەوە کە تاوتویٚ کردنی زمان، زانیاریمان لەبارەی چییەتی مێشك و چۆنییەتی کارکردنی زمان پتر دەکات.

زمانناسی نویٚ، زانیاری جوان و فراوانی لە مەڕ پانتاییەکی بەربڵاوی جۆرەها زمان داوە بەدەستەوە و، هەوڵی داوە بە بەراورد لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی پێشووتری زمان، روونکردنەوە و دڵنیاییەکی پتر دەستەبەر بکات و، لەم ڕێڕەوەشدا سەرکەوتوو بووە. هاوکات پەیوەندیەکی بەردەوامی بە پرسە تیۆرییەکانەوە هەبووە، کە بۆتە بەهۆی روونکردنەوەی بنەماکانی زمانناسی. لە ئاکامی ئەم پێشکەوتنەی زمانناسی دا، ئەم پرسیارە بنەڕەتییە، کە چۆن ئەزموون و پرسەکانی پەرەسەندنی زمان، ئاوێتەی یەکتر دەبن و، لە چوارچێوەی توانا سنووردارەکانی مرۆڤ، دەگەنە توانای زمانی ئاخاوتنی ئاسایی، شایانی خستنە روو و تاوتویٚ کردنە. کەواتە ناواقعییانە نییە ئەگەر هیوادار بین ئەم لێکۆڵینەوانەی ئێستا دەخرێنە بەردەست، روونکردنەوەیەکی بەجیٚ و راست و رەوانی تواناکانی زەینی بدەن بەدەستەوە، کە زەمینە خۆشکەری توانای زمانیین. ئەوەندەی ئاوازی تایبەتی باڵندەکان، خووی بەربەست دروستکردنی سەگلاوٚك و هەمئاهەنگی رەفتاری

مێشەنگوینەکان لەگەڵ یەکتر، لە سیستمێکی چالاکی هەرەوەزی ناو کندودا، ئـەو توانا زمانییانەش هێندەی ئەوانە تایبەتمەند و جۆری تایبەتن بە مرۆڤ.

پێوەری هەڵبژاردنی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەم زنجیرە بەرهەمەدا لەبەرچاو گیراون، ئەمەیە: بتوانین ئـەو پرسـیارە سـەرەکیانەی سـەرەوە روون بکەینـەوە. ئێمـە لـە هەڵبژاردنی بەرهەمە تیۆری و وصفییەکانی سەرەوە، لە خۆمان دەپرسین، ئایا ئـەو زانیارییە زمانییانەی لە ژێـر لێکۆڵینـەوەن، یارمـەتیمان دەدات بـۆ پـەیبردن بـە ژێربینـای زمـان؟ ئایـا ئـەم پێکهاتـە زمانیانـە، زانیاریمـان لەمـەڕ خەسـڵەتە گشتییەکانی زمانی مرۆڤ پتر دەکات؟ ئایا ئەم خەسڵەتە گشتییانەی زمانی مرۆڤ، رێنوێنیمان دەکات بۆ گەیشتن بە زانیاری ئەوتۆ لەمەڕ چییەتی ئـەو ئۆرگانیزمـەی کە دەتوانێ زمان فێربێ و بەکاری بهێنێ؟ هەر ئەم تێبینیانە رینوێنیمان دەکەن لە هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوی مێژویی و بنەرەتییەکان دا. لەمـەڕ بابـەتی لێکۆلینـەوە هێچ سنوورێکی دیاری کراو بوونی نییە، چونکە ئامانجی سەرەکی ئێمـە ئەمەیـە، کە بیرکردنەوە نەریتی و نوێیەکان لەمەر پرسی زمان بە تەواوی بخرێنە روو.

لـە روانگـەی بابـەتی توێژینـەوە، ئـەو لێکۆڵینەوانـەی بڕیـارە لـەم کۆمەڵـەدا بگونجێنرێن، دەکرێ دابەش بکرێن بۆ سێ بەش:

١- ئەو لێکۆڵینەوانەی راستەوخۆ لە چییەتی زمان دەدوێن.

٢- ئەو لێکۆڵنەوانەی پەیوەستن بە کارایی زمان و تواناکان و رێکخستنی مێشـك پێویستی پێشوەختی ئەمکاراییەیە.

٣- ئەو لێکۆڵینەوانەی پەیوەستن بە پێشینەی لێکۆڵینەوە زمانییەکان، کـە چـەند بۆچوونی جیاواز لە لێکۆڵینەوە زمانییەکاندا لە شوێنی گونجاوی مێژوویی و فکری خۆی دادەنێ.

لەبارەی **گروپی یەکەم**، دەمانەوێ چەند لێکۆڵینەوەیك بخەینە روو، کە پەیوەندییان هەیە بە لایەنە تایبەتەکانی چەند زمانێکی دیاری کراو. ئەم لیچکۆڵینەوانە ، باسی نەحو، واتاناسی و مۆرفۆلۆجی چەند زمانی جۆراوجۆر و رێرەوی گۆرانکارییەکانیان دەگرێتەوە. لەتەك ئەمانەشدا هیوامان وایە چەند تاوتوێکردنێك لە بارەی بنەمای تیۆری لێکۆڵینەوەی وصفی بڵاو بکەینەوە. دیسانەوە لێرەدا دەمانەوێ لێکولینەوەی دەستووری، واتاناسی، مۆرفۆلۆجی و پرۆسەکانی و بەڵگەکانی دیاردەی سەیری گۆڕانکاری زمانی بخەینە روو، کە تا یەك نەوە پێشتر بابەتی سەرەکی لێکۆڵڵینەوە زمانییەکان بوو. لە کۆتایی دا بەشی ئەم کۆمەڵەدا، چەند کتێبێك چاپ دەکرێن لەمەڕ لایەنە رووکارییەکانی زمان، کە بە شێوازی ماتماتیکی تاوتوێ کراون.

گروپی دووەم، بە گشتی ئەو لێکۆڵینەوانە دەگرێتەوە لە بواری دەروونناسی زمان دان. مەبەستی ئێمە ئەمەیە، کە ئەو لێکۆڵینەوانی پەیوەستن بە مۆدێلەکانی کارایی زمان، تێگەی زمان، شوێنەوارە گشتییەکانی لەسەر تیگەیشتن. زمانپژانی منداڵان و گەوران، زیانباربوونی زمان و جێگرەوەکانی تری زمان، وەك زمانی ئیشارەی نابیستان، لەم کۆمەڵەدا جێگایان دەکەینەوە. لە دووەمین ژێروتەی ئەم گروپەدا، کەڵك وەرگرتن لە زمان بۆ مەبەستی ئەدەبی، تاوتوێکردنی ئامرازە رووکارە هۆنراوە (وەك، کێش و سەروا و نوێنەی تر) خەسڵەتەکانی زمانەوانی پەخشان و پێکهاتەی واتایی داستان، جێگایان دەکەینەوە. سەرئەنجام لە سێهەمین گرۆپدا، ئومێدەوارین بەرهەمی کۆمەڵناسی زمان و پەیوەندی زمان و رۆڵی زمان لە شێوەکانی تری کۆمەڵایەتیدا، وەك باوەڕە دینییەکان،، رێکخراوە لێکنزیکەکان، جاد و هونەر بڵاوبکرێنەوە. هیوادارم بتوانم لە ناو ئەو

بەرهەمانـەی، پەیوەنـدیان بـە پێشـینەی تـاوتوێکردنی زمانییـەوە هەیـە، ئـەم بەرهەمانەی خوارەوە بگونجێنم: لێکۆڵینـەوە مێژووییـەکان لـەبارەی میتۆدەکـانی وەصفی زمان، بە تایبەتی ئـەوەی پێشـەوایانی مـەزنی زمانـاسـی نـوێ بـەکاریان هێناوە، واتە دەستوورگەرایانی زمانی سانسکریت، توێژەرانی سەردەمانی دێرین و سـەدەکانی ناوەڕاسـت٠ توێـژەرانی عـەرەب و و زمانـەکانی رۆژئـاوا)، هـەروەها سـەردەمی نـوێ. ئـەم لێکۆڵینەوانـە لەبەرامبـەر ئـەو لێکۆڵینەوانەیـە، کـە فەلسەفیانەترن و پەیوەندیگـەلی قـووڵتر تـاوتوێ دەکـەن، کـە بـەردەوام لـە نـاو لێکۆڵینەوەکانی زمان لەلایەك و، لەلایەکی تر لە دەروونـاسی تیۆری و فەلسـەفەی مێشك دا، هەبوون.

نوام چۆمسکی

مۆریس هالە

پێشەکی

ئەگەر بمانەوێ باسێکی کورت و زۆر وردی ژیانی نەژادەکانی
ئەورووپای پێش دووسەدەو نیو بخەینە بەردەست، پێویستە
بڵێین ئەوان لەو سەرمایە فکرییەیان هەڵێنجاوە کە بلیمەتانی
سەدەی حەڤدەهەم کۆیان کردبۆوە.

ئالفرید وایتهید، زانستەکان و دنیای نوێ (١٩٢٥)

وتەی بەناوبانگی **وایتهید** کە لەسەرەوە هاتووە، زەمینەیەکی بەسوود بۆ مێژووی زمانناسی لە سەردەمی نوێ دا، دەڕەخسێنێ. نرخاندنی ئەو، ئەگەر لەبارەی تیۆری پەیوەست بە پێکهاتەی زمان بەکار ببرێ، بە پێی دەسکەوتەکانی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم، بە تەواوی راستە. لەگەڵ ئەمەشدا، زمانناسی نوێ بە وریاییەوە خۆی لە تیۆرییە کۆنەکانی زمانناسی جیاکردۆتەوە و هەوڵ دەدا بە رێگایەکی باش و سەربەخۆ، تیورییەك لەمەڕ زمان تۆمار بکات. بە گشتی زماناسانی شارەزا، لە بواری تیوری زمانناسی دا ئەوەندە حەزیان لە دەسکەوتەکانی نەریتی ئەورووپایی نییە. ئەوان دەستیان داوەتە پرسگەلی جیاواز، ئەوەیش لە چوار چێوەی هزری تر دا. ئەو پرسیارانەی بوون بە هۆی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی زماناسیی و گەیشتن بە چەند وەڵامێك، لەو چوارچێوەیەدا هیچ شوێنیکیان نییە. لە ئێستادا، دەرئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو یا بە نەزانراوی ماونەتەوە، یا بە دزێوی باسیان دەکرێ. ئەو لێکۆڵینەوە نوێ و جۆراوجۆرانەی لە مێژووی زمانناسی دا ئەنجام دراون، ئەم هەڵویستەیان وەرگرتووە کە (*تێکڕای ئەو لێکۆڵینەوە زمانییە گرینگانەی بەر لە سەدەی نوزدەهەم، کە ئەمرۆ لە چواچێوەی*

زمانناسی دا نین، دەکرێ لە چەند رستەدا کورت بکرێنەوە)[1]. وەلێ لەم ساڵانەی دواییدا، ئەو پرسانە کە لە سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نوزدەهەم بە شێوەیەکی جیدی و پڕ بەرهەم کەوتنە بەر لێکۆڵینەوە، جارێکی تر کەوتنەوە بە سەرنجێکی زۆر. پتر لەوەش، گەڕانەوە بۆ حەزە کلاسیکییەکان بە دۆزینەوەی چەند لایەنێك کۆتایی هات، کە لەو سەردەمەدا بە باشی نەناسرابوون، ئەو سەردەمەی کە من بەو بەڵگانەی خوارەوە ناوی دەنێم سەردەمی (**زمانناسی دیکارتی**).

تاوتوێ کردنی وردی هاوشێوەکانی زمانناسی دیکارتی و هێندێك دەسکەوتی هاوچەرخ، لە زۆر رووە بەرهەمدارە، وەلێ شرۆڤە کردنی ئەم وێکچووانە لە توانای ئەم وتارە بەدەرە. ئینجا، هەرجۆرە هەوڵێك بۆ خستنە رووی لێکدانەوەیەکی ئاوا، بەهۆی بارودۆخی نالەباری بەشی مێژووی زمانناسی، ناوەخت دەبێ (دیارە دەبێ بزانین بارودۆخی نالەباری ئەم بەشە، خۆی تارادەیك **هۆکریاوی**[2] سەردەمی نوێیە، کە دزێوکردنی بەرهەمەکانی پێشینیان تایبەتمەندی دیاری ئەو سەردەمەیە). لێرەدا من خۆم بۆ ئامانجیکی ئاسانتر واتە پرۆژەی سەرەتایی و گشتی، هێندێك پرسی زمانناسی دیکارتی تەرخان دەکەم، وەلێ باسی شیکردنەوەی پەیوەندی ئەو ئامانجە لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی ترەدا ناکەم، کە دەخوازن روونی بکەنەوە یا پەرەی پێبدەن. بۆ ئەو خوێنەرەی کە لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی **دەستووری بەرهەمهێن**

---

[1] - **ئارنوا** بەگشتی لەگەڵ ئەم بۆچوونەیە و بڕوای وایە، کە ناتوانین زمانناسی کلاسیك بەزانست دابنێین، ئەو مێژووی زمانناسی پێش ئەوەی زمانناسی ببێتە زانست، تاوتوێ دەکات. کەسانی تریش چەندین جار رای هاوشێوەیان دەربڕیوە:

G. Harnois "Les theories du Language en France de 1660 Romanes a 1821", Etudes Francaises, vol. 17 (1929)

[2]- **هۆکار و هۆکریاو** لە بری علت و معلول عەرەبی بەکار هاتووە. و/ کوردی

ئاشنایه، تێگەیشتن لەو پەیوەندییە زەحمەت نییە[١]. وەلیٚ سیمای گشتی ئەم پرۆژەیە، ئەو پرسانە دیاری دەکەن کە ئەمڕۆ کەوتوونەتە بەر سەرنج. بە واتایەکی تر، من هەوڵنادەم زمانناسی دیکارتی وەك چۆن خودی زانستەکە دەخوازیٚ ئاوا باسی بکەم[٢]، بەڵکو هەوڵدەدەم سەرنجی خۆم بخەمە سەر ئەو روانگە و بۆچوونانەی

١- مەبەستی من لە **دەستووری بەرهەمهێن** (generatin rule) باسکردنی توانای نائاگایانەی ئاخێوەر و بیسەرە، کە ژێربینای کردەی راستەقینەی ئەو لە گوتار دایە. **دەستووری بەرهەمهێن**، لە شێوەی بەرنامەیی خۆی دا، رەنگدانەوەکانی **دەنگسازی** و **رستەسازی** لە پانتاییەکی بیٚ سنووردا پێکەوە دەبەستێتەوە و، گریمانەیەك لەمەڕ چۆنییەتی لێکدانەوەی گوتار بە هۆی ئاخێوەر و بیسەرەوە، دەخاتە روو و زۆر فاکتەری شاراوە لێدادەبڕی، کە لەگەڵ کردەی زمانی دا تێکەڵاوبوون. بۆ روون کردنەوەی پتر بڕوانە:
Katz and Postal, An Integrated Theory of Linguistic Description (Cambridge M. I. T. Press, 1964), Chomsky, Current Issuse in Linguistic Theory (The Hague, Mouton and Co. 1964), Aspects of the theory of Syntax (Cambridge, M. I. T. Press, 1965)

٢ - هەروەها دەتوانین وای دابنێین کە بیرمەندانی ئەو قوتابخانەیەی من ناوم ناوە (زمانناسی دیکارتی)، خۆیان بە پەیڕەوی نەریتێکی تایبەتی دەزانن بە دڵنیاییەوە ئەم گریمانەیە راست نییە. مەبەستی من لە زمانناسی دیکارتی بە تایبەتی کۆمەڵێك بیرو راو رای دوو نەریت **دەستووری فەلسەفی** یا **هاوبەشی گشتییە**، کە دەتوانین رەگ و ریشەیان لە کتێبی **دەستووری گشتی سەلمێنەرانەی** پۆرت رۆیاڵ (١٦٦٠) و لە **زمانناسی هاوبەشی گشتی** کە لە قۆناغی رۆمانتیك و دوای ئەو پەرەیسەند، هەروەها لە **فەلسەفەی ئەقلگەرایانەی زەین** دا، بدۆزینەوە، کە پێشزەمینەی هاو بەشی ئەم دووانە بووە. ئەوەی کە دەستووری گشتی لە بۆچوونەکانی دیکارتەوە سەریان هەڵداوە وتەیەکی نویٚ نییە، بۆ نموونە، **سان بۆڤ** تیوری دەستووری پۆرت رۆیاڵ (بە لقێکی فەلسەفەی دیکارت دەزانیٚ کە خودی دیکارت هۆی پەرەسەندنی نەبووە. پۆرت رۆیاڵ ج ٣ ١٨٨٨ ل ٥٣٩).
هاوئاهەنگی **زمانناشی هاوبەشی گشتی** لە قۆناغی رۆمانتیکدا، لە یەکەمین سەرنجدا لەگەڵ ئەم کۆمەڵەیە دێتە بەرچاو، وەلیٚ من هەوڵ دەدەم نیشانی بدەم کە هێندێك تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی (هەروەها ئەو تایبەت مەندییانەی کە من پێوایە بە نرخترین دەسکەوتەکانییەتی) بگەڕێنمەوە بۆ پێشینیانی دیکارت.
بە هۆی باسی تیورییەکانی رۆمانتیکی **زمان و زەین** لەم چوارچێوە دیاریکراوەدا، پێویستەمن واز لە باسکردنی لایەنەکانی تری ئەم تیورییە بێنم، بۆ نموونە دەتوانم ناوی organiscism بێنم، کە بە راست یا هەڵە کاردانەوەیك بووە بەرامبەر شێوازی دیکارتی. بە شێوەیکی گشتی دەبیٚ جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە

بەشێوەیکی تۆکمە و سەربەخۆ لـە بەرهەمـە نوێیەکانـدا، دەرکـەوتوون. ئامـانجی سەرەکی من، تەنیا ئەوەیە کە هەندێك توێژینەوەی نەناسراو، بخەمە بەردەمی ئـەو کەسانەی، کە بە لێکۆڵینەوە لەسەر **دەستووری بەرهـەمهێن** و دەرکەوتەکانییـەوە خەریکن. ئەم رەئییانە لەگەڵ خولیا و پرسـەکانی ئەواندا دەگـونجیٚ، زۆرجـار بـە هەمان دەرئەنجامی تایبەتی ئەوان کۆتایی دێت.

ئەوەی ئێمە لەم کتێبەدا دەیخەینە بەردەست، وەك وێنـەی دەموچـاوێکە کـە هـەر بەشێك لە بەشەکانی لە شوێنێك وەرگیراوە. کەس نییە بتـوانیٚ لـە سـەر بنـەمای نووسینەکان، بانگەشەی ئەوە بکا کە تێکرای ئەم بیروباوڕانە هی ئەو بووە. رەنگـە **هامبۆڵت** کە راستەوخۆ لە سەر خاڵی بەیـەك گەیشـتی ئەندێشـەی **ئەقلگـەرا**[1] و **رۆمانتیکـدا** وەسـتاوە، بەرهەمـەکانی لـە زۆر رووەوە لـە خـاڵی ترۆپکـی ئـەم بیرکردنەوەیەدایە، نزیکترین کەسی ئەم بارودۆخە بیٚ. هاوکـات زاراوەی زمانناسـی دیکارتی لە تیوری زمانی دا، دەکریٚ بۆ ئەو رایانە بە چەند بەڵگـە نـەگونجاو بـن: **یەکەم**، ئەم رایانە خۆیان رەگ و ریشەیان لە بەرهەمکانی کۆنتری زمانناسی دایە، **دووەم**، زۆر لە پڕکارترین بانگەشـەکارانی ئـەم بیرکردنەوەیـە، بـە تـەواوی خۆیـان بەدژی زانیاریەکانی دیکارتی دەزانن، **سێهەم**، **دیکارت** خۆی زۆر گـوێی نەداوەتـە

کە ئامانجی من گواستنەوەی ئەندێشە و رێنوینی تایبەتی نییە، بەڵکو ئامانجم بایەخدانـە بـە نـاوەرۆك و لـە کۆتایی دا گرینگییانە لە لەم سەردەمەدا.

لێکۆڵینەوەیکی ئاوا، دەتوانیٚ بەشێك لە تاوتویٚ کردنی گشتی تـری زمانناسـی **دیکـارتی**، بـە بەرامبـەریی کۆمـەڵێك گریمانـە و رێنـوێنی بزانـریٚ، کـە زمانناسـی **پێکهاتەگـەرا** و پـۆلێنکردنی نـویٚ، هـەروەها گۆڕانکارییەکانی هاوئاڕاستەی ئەو لە فەلسەفە و دەروونناسیی دا، بەرجەستە بووە. وەلیٚ من نامەویٚ لێـرەدا ئەم جیاوازییە بە تەواوی یا بە روونی شرۆڤە بکەم.

[1] -Mentalic

زمان و، دەکرێ هێندێك لە بۆچوونەکانی بە شێوازی جیاواز لێکبدرێنەوە. هەرکام لەم را ناکۆکانە تا رادەیەك راستن. لەگەڵ ئەمەشدا، بە بڕوای من لەو قۆناغەدا کە ئێمە لەبەرچاومان گرتووە، لە کۆمەڵێك رەئی و ئەنجامگیری پەیوەست بە چییەتی زماندا، کە لەگەڵ تیورییەکی دیارکراوی تایبەت بە **زەین**[1] هاورێ بووە، گۆڕانێکی لۆجیکی و بەسوودی وەدیهات، کە دەتوانین بە درێژەی شۆڕشی دیکارتی دابنێین. بەهەر حاڵ، پەیوەندی زاراوەکە خۆی هیچ بایەخێکی نییە. پرسی گرینگ ئەوەیە، کە چییەتی وردی زمان، ئەم سەرمایە گەورەی هزری، کە پێش سەردەمی مۆدێرن هاتۆتە ئاراوە، دیاری بکرێ و بایەخی ئەمڕۆی ئەم دەسکەوتانە، مەزندە بکرێن و ریگاکانی کەڵك لێوەرگرتنیان، لە بەرەو پێشبردنی زمانیی دا بدۆزرێنەوە.

[1] – ئێمە پێویستە بزانین لە قۆناغێك داین، کە پێشەنگی لێکجیاکردنەوەی **زمانناسی** و **دەروونناسی** و **فەلسەفەی**ە. پێداگرتنی هەریەکێکیان لەسەر ئەم بەشە زانستییانە، بۆ خۆ رزگارکردن لە خشتوخاڵی بەشەکانی تر، دیاردەیەکی نوێیە. جارێکی تر دەڵێم، توێژینەوە هاوچەرخەکان لە سەر دەستووری بەرهەمهێن، دەگەرێتەوە بۆ روانگە کۆنەکان و پەیوەندی پێگەی زمانناسی لەگەڵ لێکۆڵینەوکانی تر.

لایەنی داهێنەرانەی کردەیی زمان

لەگەڵ ئەوەشدا دیکارت لە نووسینەکانی خۆیدا تەنیا ئاماژەیەکی کورتی بە زمان کردووە، هەندێك لە بۆچوونەکانی ئەو لە بارەی چییەتی زماندا، ڕۆلێکی گرینگیان لە هەوێنکردنی بۆچوونی گشتی ئەودا هەیە. **دیکارت** لە کاتی تاوتوێکردنی قووڵ و وردی سنوورەکانی روون کردنەوەی میکانیکی، کە لە بواری فیزیکی تێپەڕاند و گەیاندییە بواری فیزیۆلۆژی و دەروونناسی، بەو بڕوایە گەیشت کە دەتوانین هەموو لایەنەکانی رەفتاری ئاژەڵی بەم گریمانەیە روون بکەینەوە[١]، کە ئاژەڵ ئامێرێکی خودکارە. ناوبراو لە کاتی ئەم توێژینەوانەدا، سیستمێکی فیزیۆلۆژی داهێناوە، کە زۆر گرینگ و کاریگەرە. وەلێ ئەو لە کۆتاییدا بەو ئەنجامە گەیشت کە مرۆڤ توانایی ئەو تۆی هەیە، ناتوانین تەنیا بە بەڵگەی میکانیکی رووت لێکیبدەینەوە. هەرچەندە دەتوانین کردەوە و رەفتارە جەستەییەکانی مرۆڤ، تا رادەیەکی زۆر لەسەر

---

[١] - ئەو لەبارەی ئەم پرسە کە گریمانە پێشنیار کراوەکانی لەمەڕ روونەکردنەوە، بە واتای رەها (راست)ن یا نا، چونکە پرسیارێکی ئاوا لە چوارچێوەی بیرکردنەوەی مرۆڤ بەدەرە. ئەو تەنیا خووی بەم وتەوە گرتووە، کە ئەم گریمانانە کاریگەر نین، هەرچەندە لەم رووە شتێکی تایبەت نین. بڕوانە:
principles of philosophy, Principle CCIV
پێویستە ناوەرۆکی ئەم باسەمان لەمەڕ ئاستەنگەکانی لێکدانەوەی میکانیکی، بە تەواوی لەبیر بێ. پرسەکە ئەوە نییە کە بوونی **زەین**، وەك جەوهەرێکە کە خودی بیرکردنەوەیە. بە رای دیکارت، دەتوانین بەروونی لە رێگەی **دەروونگەراییەوە** لەم بابەتە بگەین و، لە رستیدا بوونی ئەم پرسە لە بوونی خودی جەستە ئاسانتر دەسەلمێنرێ. ئەوەی گرینگە بوونی زەینگەلی ترە، ئەمیش تەنیا لە رێگەی بەڵگەی ناراستەخۆوە پەی پێدەبرێ، کە **دیکارت** و هاوبیرانی دەیخەنەروو. لە روانگەی بیرکردنەوەی هاوچەرخ، ئەم هەوڵانە بۆ سەلماندنی بوونی زەینگەلی تر قەناعتهێن نین، بۆ نموونە، **پی یر بایل** بێ توانایی دیکارتییەکانی لەمەڕ سەلماندنی زەینگەلی تر بە (*لاوازترین لایەنی قوتابخانەی دیکارت*) دەزانێ: پێشەکی لە:Rorarius , Bobbs
Historiticl and critical dictionary 1697 selections translated by. R. h. popkin, Bobbs-Mrrill,Indianapolis. 1965, p.231

بنەمای چەند بەڵگەی میکانیکی روون بکەینەوە. دیارترین جیاوازی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ لە زمانی مرۆڤ دایە، بە تایبەتی پەیوست بە توانای دروستکردنی وتەی نوێ، کە بیری نوێ دەردەبڕێ و دەگونجێ بۆ بارودوخی نوێ. لە روانگەی دیکارتەوە دەتوانین بڵێین:

ئامێرێك دروست بکەین کە بتوانێ وەشەکان ئەدا بکات، یا کاردانەوەی جەستەیی نیشان بدات، کە ببێتە هۆی وەدیهێنانی گۆڕانکاری لە ئەندامەکانی لەشی دا. بۆ نموونە ئەگەر دەست لە شوێنێکی تایبەتی جەستەی بدەین رەنگە بپرسی ئێمە چیمان گەرەکە، وە لە خاڵێکی تری بڵێ هەست بە ئازار دەکات، وەلێ هەرگیز وتەکانی بە شێوازی جیاواز رێك ناخات، تا بۆ هەر بابەتێك کە بە ئامادەبوونی ئەو ئەنجام دراوە، وەڵامێکی گونجاو لە زەینی دابێت، لەکاتێکدا ئەم توانایە لە نزمترین ئادەمیزاددا هەیە[١] .

تونای کەڵك وەرگرتن لە زمان نابێ، بە **جوڵانەوەی سروشتی** لێکبدریتەوە، کە پێشاندەری خۆشی و هەڵچوونە و ئامێریش دەتوانێ لاسایی ئەم جوڵانەوانە بکاتەوە، هەم ئاژەڵیش دەتوانێ ئەنجامیان بدات. جیاوازی سەرەکی لەوە دایە کە ئامێر خودکار (*هەرگیز ناتوانێ بەو شێوەی ئێمە ئادەمیزاد کاتێك بیروبۆچوونەکانمان بۆ کەسانی تردەخەینە روو، کەڵك لە وتار یا نیشانەی تر*

[1] -Discours on Method, part v. in the philosophical Works of Descartes, Translaited E.S Haldane G. R. T. Roos vol 1. p 116

لە وتە گوازراوەکانی لاپەڕەی ١١٦ و ١١٧. بە گشتی، کاتێك کەڵك لە وەرگێڕاوی دەقە ئینگلیزییەکە وەردەگرین، کە وەرگێردراو و دەقە سەرەکییەکە هەردووکیان بە ئاسانی لەبەردەست دابن. هێندێکجار لە ناوهێنانی سەرچاوە سەرەکییەکان دا هەندێك نیشانەی خاڵبەندی راست دەکەمەوە.

وەربگرێ). ئەم توانایە تایبەت بە ئادەمیزادانە و هـیچ پەیوەندییـەکی بەهۆشـەوە نییە. لەبەر ئەوە:

پێویستە زۆر سەرنج بدەینە ئەم واقعییەتە کە هیچ کەسێك واتە مرۆڤێك نادۆزینەوە، تەنانەت مرۆڤی گێل و دواکەوتوی ئەقڵی یا شـێتیش، نـەتوانێ بـۆ دەربڕینـی بیرۆکـەکانی زاراوەی جۆراوجۆر، لە قالبی چەند دەستەواژەیەکدا دارێژێ. لە لایـەکی تـر هـیچ ئاژەڵێـك نییـە، هەرچەندە کامڵ و شارەزا بێت، بتوانێ ئەو کارە بکات.

هەروەها ناتوانین ئەم جیاوازییەی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ، لە سەر بنـەمای جیـاوازیی فیزیۆلۆژی نێوان ئەم دووانە، روون بکەینەوە، دیکارت پێمان دەڵێ:

ئەم توانایە بە هۆی بوونی ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە نییە، چونکە توتی و مـورغی مینـاش دەتوانن وەك ئێمە وشەکان ئەدا بکەن، وەلێ ناتوانن وەك ئێمە بدوێن، واتە نیشـانمان بـدەن سەبارەت بەو شتەی دەیلێن بیربکەنەوە. لەلایەکی تر تەنانەت ئـەو مرۆڤانـەی کـەڕو لاڵـی زگماکین، لەبەر ئەوەی لە ئەندامەکانی ئاخاوتن بێبەشن، لە بارودۆخی شیوە ئاژەڵ یا خراپتر دان، هەمیشـە چـەندان هێمـا ونیشـانە دەخـولقێنن بـۆ تێگەیانـدنی کەسـانی تـر لـە مەبەستەکانیان.

بە کورتی جۆری مرۆڤ، خاوەنی توانای تایبەت بە خۆیەتی، واتە خاوەنی نەزمێکی زەینییە تایبەتە، کە ناکرێ وابزانین پەیوەستن بە ئەندامەکانی **هۆشی گشـتی**[1] ئـەو

[1]- general intelligence. بۆ راو بیروبۆچوونی نوێ لەم بارەوە بڕوانە:
E. H. Lenneberg, "A Biological Perspective of Language "in new directions in the study of Language, edited by E. H. Lenneberg. M. I. T. Prees, 1964

واتە مرۆڤ. هەروەها دەرکەوتنی ئەو شتە بە جۆرێکە کە دەتوانین بە لایەنی داهێنەرانەی کردەوەی رۆژانەی زمان داینێین: ئەو تایبەتمەندییەی کە هیچ سنوورێکی بۆ نییە و لە هەر بزوێنەرك سەربەخۆیە. بەم پێیە **دیکارت** بەو ئاکانە گەیشت کە زمان ئامرازێکە بۆ راڤەکردنی ئازادانەی بیرکردنەوە، یا کاردانەوەیەکە بەرامبەر بارودۆخی نویٚ و، هیچ گوتەزایەك پەیوەندی بە بزوێنەری دەرەکی یا هەل و مەرجی فیزیکییەوە نییە و، بە هۆی چۆنییەتی **نادەورانی**[1] خۆی شایانی شوناسایی کردنە[2].

---

[1] -noncircular

[2]- تایبەتمەندییەکانی بێ سنووریی و بەتاڵ بوون لە هەر بزوێنەرێك، لە یەکتر سەربەخۆن. دەزگایەکی خودکار تەنیا دوو کردەی هەیە، کە بە رێکەوت ئەنجام دەدرێن. دەزگای دەنگ تۆمارکردنی شەخسی، کە زانستە زمانییەکەی لە سنووری نووسینە، بەرهەمێکی کەمی هەیە، کە لەم واتایەدا بەدەر لە بزوێنەر نییە. پەیڕەوانی دیکارت، رەفتارەکانی ئاژەڵ بەگشتی بە بێ سنوور دەزانن، بەڵام نەك بەتاڵ لە بزوێنەر، هەر لەم رووەوە، وەك وتەی مرۆڤ بە **داهێنەری** دانانێن. بۆ نموونە بڕوانە:

Francios Bayle, The general system of the Cartesian Philosophy, 1669

(وەرگێڕاوە ئینگلیزییەکەی ١٦٧٠ ، ل٦٢):

لەبەر ئەوەی کاریگەری شتومەك لەسەر هەستەکان بێ سنوورە، لە حاڵەتە روحییەکاندا، جۆراوجۆری زۆر بەرچاو بۆ ویستی بزواندنی ماسولکەکان لە ئارادایە، سەرئەنجام جموجوڵی ئاژەڵەکان بێ سنوورە. چونکە تا ژمارەی ئەندامەکان پتر بێ، لە پێکهاتەیاندا ئامادەکاری پتر کرابێ، جۆراوجۆری جموجوڵەکان پترە. بەڵام بێ سنووری بوونی وتەی مرۆڤ، بۆ دەربڕینی بیرکردنەوەیکی بێ سنوور، بە هۆی ئازادبوونی لە کە کۆنترۆڵی بزوێنەرە دەرەکییەکان و گونجانیان لەگەڵ هەل و مەرجی نویٚ، وتەیەکی ترە.

گرینگە جیاوازی دابنێین لە نێوان (**گونجاوی رەفتار بۆ هەل و مەرجی نویٚ**) لەگەڵ (**کۆنترۆڵی رەفتار بە هۆی بزوێنەر**). دووەمیان، تایبەتمەندی دەزگای خودکارە، بەڵام لەمەڕ بابەتی **یەکەم** بڕوایان وایە لەبەر فرەجۆری رەفتاری مرۆڤ، ئەم تایبەتمەندییە دەکەوێتە دەرەوەی سنووری **لێکدانەوەی میکانیکی**.

لێکۆڵینەوە نوێیەکان لە بواری پەیوەندییە ئاژەڵییەکاندا، تائێستا بەڵگەیەکی نەداوە بەدەستەوە، کە پێچەوانەی ئەم گریمانەی دیکارتی بێت، کە زمانی مرۆڤ لە سەر چەند بنەمایەکی تەواو جیاواز دامەزراوە. تێکرای دەزگا ناسراوەکانی پەیوەندی ئاژەڵیی، یا چەند نیشانەیەکی دیاری کراو لەخۆ دەگریٚ، کە هەریەکەیان

به لەبەرچاو گرتنی ئەو گریمانەی، کە ناتوانین بۆ لایەنی داهێنەرانی کردەی ئاسایی زمان، روونکردنەوەی میکانیکی بخەینە روو، **دیکارت** بەو دەر ئەنجامــە گەیشــت، کە مرۆڤ دەبێ سەرەڕای جەستە خاوەنی زەینیش بێت (*واتە خاوەنی ئەو مادەی کە مــاکی ســەرەکی بیرکردنەوەیــە*). بــە ســەرنجدانە ئــەو باســانەی **دیکــارت** لەمــەڕ پەیوەندی زەین بەو جەستانەی وەك لەشی ئەون، روونە کە ئەم مــادە گریمانــەکراوە وێرای **بنەمای داهێنەر**، ڕۆڵی **بنەمای میکانیکی**[١] دەگێڕێ کە کردە جەستەییەکان وەدی دێنن. لە راستی دا ئەقڵی مرۆ (*ئامرازێکی هاوبەشی گشتییە کە لە هــەموو پێشهاتەکاندا بەکار دێت*). لە کاتێکدا ئەندامەکانی هەر ئاژەڵ یا ئامێرێك (*دەبــێ بۆ هەر کارێکی تایبەت، بە تایبەتی خۆبگونجێنن*)[٢].

بەستراوەتەوە بە هەل و مەرجی دەرهاویشتە یا بارو دۆخی دەروونی، وەیا بڕێکی نەگۆڕ **رەهەندی زمــانین** کــە هەر کامێکیان پەیوەندی بە رەهەندێکی **نازمانییەوە** هەیە، بــەو مانایــەی کــە هەڵبــژاردنی یــەکێکیان، بــە ناچاری هەڵبژاردنی یەکێکی تری بەدوادا دێت. ئەم دوو حاڵەتە هیچ کامیان، وێکچــوونێکی دیاریــان لەگــەڵ زمانی مرۆڤ دا نییە. پەیوەندییــەکانی مــرۆڤ و پەیوەندییــەکانی ئاژەڵــەکان، تــەنیا لــە رەفتــاری گشــتی دا هاوبەشن، کە جگە لەرەفتاری زمانی هەر رەفتارێکی تر دەگرێتەوە.

[1] -creative principle ، mechanical principle”

[٢]- کەواتە بەگشتی (هەرچەند ئامێرەکان دەتوانن هەندێك کار وەك ئێمە تەنانەت باشــتر لــە ئێمــەش ئــەنجام بدەن، وەلێ بە دڵنیاییەوە لە کارەکانی تردا ئەم توانایەیان نییە و لە ئاکامدا دەردەکــەوێ، کــە کــاری ئــەوان لەسەر بنەمای مەعریفە نییە، بــەڵکو بــە هــۆی ئۆرگــانی ئەندامەکانیانەوەیــە). کەواتــە دوو تاقیکردنــەوی دیاریکراو هەن، کە دەتوانین لە رێگەی ئەوانەوە بزانین ئایا ئامێر مرۆڤــە یــان نــا: **یــەکێکیان** تاقیکردنــەوەی لایەنی داهێنەرانەی کەڵك وەرگرتنە لــە زمــان و **ئــەویتریان** تاقیکردنــەوەی جۆراوجــۆری کــردەوەی مرۆییــە. (تائەندازەیەك مەحاڵە ئامێر بتوانێ ئەوەندە فرەجۆری پەسند بکات، بۆ ئەوەی لە تێکڕای هەل و مەرجەکانی ژیان هەر بە هەمان شێوە کاربکات، وەك چۆن ئێمە بەهۆی لــۆجیکی خۆمانــەوە کاردەکــەین. **دیکــارت** بــە وەرگرتنی ئەم بۆچونانە، **هێزی مەعرفە** وەك ئەو توانایە لەبەرچاو دگرێ، کە تەواو چالاك نییە و (لە کاتێکدا ناوی دەنێ زەین کە بیرۆکەی نوێ بخولقێنێ، یا سەرگەرمی ئەو بیروڕایانەبێ کە پێشوەخت هەوێن کراون). بــە

بڕوای **دیکارت**، زەین بە شێوەیەك كار دەكات، كە بەتەواوی لە ژێر فەرمانی **هەستەكان** یا **خەیاڵ** یا **یادگە** دا نییە.

Rules for the direction of the mind, 162 B; Haldane and ross, p 39).

دیكارت پێش ئەمە وتوویەتی: (ئێمە لە كامڵی كردەوەی ئاژەڵی بەو ئاكامە دەگەین كە ئەوان ئازادی ئیرادەیان هەیە) وەرگیراو لە **رۆزنفیلد** لە كتێبی:

From Beast- Mashine to Man-Mashine, New York, Oxford University Press, 1941, p.3

كە ئەمە یەكەمین گەڕانەوەی دیكارتە بۆ پرسی نەفسی ئاژەڵی)

ئەم رایەی كەوا **هێزی مەعریفە،** تەنیا كاتێك دەتوانین پێیبلێین **زەین،** كە لە هەندێك رووە و خاوەنی داهێنان بێت، شوێنی سەرهەڵدانی لەوە كۆنترە. یەكێك لەو سەرچاوانەی كە **دیكارت** بە تەواوی لەگەڵی دا ئاشنا بوو كتێبی (Examen de ingeios 1575) ، لە نووسنی **خوان هوارتە،** كە بە شێوەیەكی بەربڵاو وەرگێردراو بڵاوكرایەوە.(من لە وەرگێڕاوە ئینگلیزییەكەی **لامی** وەرمگرتووە ١٦٩٧). لە روانەگەی **هوارتەوە** زاراوەی Ingenio مانا ریشەییەكەی **وەدی هاتن** و بەرهەمهاتنە، ناوبراو ئەو زاراوەیە بە Ingenero, genero, gigno دەبەستێتەوە (ل٢). كەواتەدەتوانین دوو **هێزی بەرهەمهێن** لە مرۆڤدا بدۆزینەوە: **یەكێكیان،** ئەو هێزەیە كە لەگەڵ ئاژەڵ و گژوگیادا هاوبەشە، **دووەمیان،** هێزێكە خاوەنی **جەوهەری روحانی** و خوایی و فریشتە ئاسایە. (ل٣) (شعور Ingenio هێزی بەرهەمهێنە... و پەیپەری هێزی بەرهەمهێنە ل٣). مرۆڤ و **جەوهەری روحانی** بە پێچەوانەی بلیمەتی (Genius) ئیلاهی، ئەوەندە توانای بەرهەمهێنی نییە كە ئەوەی بەرهەمیدێنێ بوونی واقعی پێ ببەخشێ، بەڵكو تەنیا دەتوانێ رووداوێك لە یادگەدا بەرهەمبێنێ، واتە (خەیاڵ و ویناكردنی ئەوەی دەیزانین تێیدەگەین) كە دەبێ لە رێگەی كار و هونەرەوە بوونی واقعی بەدەست بێنێ (ل٤ و٥).

بەم پێیە، زانست و هونەرەكان (جۆرە خەیاڵ و وێناكردنێكن، كە زەینی مرۆڤ لە یادگەدا تۆماری دەكا و، حاڵەت و پێكهاتەی سروشتی شتێك لەو زانستە تایبەتیە، لە ژیانی مرۆڤدا دەردەخا.(ل٦). ئەو كەسەی فێری زانستێك دەبێت پێویستە (لە دەرونی خۆیدا شێوەیەكی كامڵ و واقعی بەرهەم بێنێ) كە نیشانەی بنەما و پێكهاتەی ئەو زانستەیە (ل٦). زەینە چالاكەكان بەراستی (بە جۆرێكن كە تەنیا بە یارمەتی خودی بابەت و بێ یارمەتی وەرگرتن لە جەستە، هەزاران بیرو هزری هەڵێنجراوی دوور لە زەین دەخولقێنن، كە هێشتا لەبارەیەوی هیچ نەوتراوە. (ل٧).

دروشمی **ئەزمونگەرایی** مانای (جگە لەوەی لە رێگەی هەستەكانەوە بەرهەم دێ، هیچ شتێكی تر لە تێگە دا بوونی نییە). كە وتەی ئەرستۆیە (مَن فَقَد حِساً فَقَد فَقَدَ عِلماً)، تەنیا بۆ (داهێنەریی راهێنان وەرگر) راستە كە ئەم توانایەی نییە. هەرچەندە (شعوری تەواو) تەنیا یەك مەبەست (وەلێ دەبێ بزانین، ئێمە كەسانێكی زۆر

رۆڵەی سەرەکی زمان لە باسەکانی دیکارتدا، لە نووسراوەکانی دواتری دا، بە روونییەکی پتر شرۆڤە کراوە. ئەو لە نامەیەکدا کە بۆ **مارك نیۆکاسلی** (١٦٤٦) نووسیوویەتی، جەختی کردۆتەوە کە *(بۆ ئەو کەسانەی بە لێکۆڵینەوەی جەستەوە خەریکن، جوڵە دەرەکییەکانی لەش دەیسەلمێنن جەستەی ئێمە لە ئامێرێك بەولاوە*

دەناسین، کاتێك کە لێیان نزیك کەوتووینەتەوە و، وتەی ئەو تۆیان دەربڕیوە کە پێشتر لە هیچ دەمێك دەرنەچووە و لە هیچ کەسێکیش نەبیسراوە، کورت گوتەنی لە قوتووی هیچ عەتتارێکدا نییە و/ کوردی). (ل١٦). تەنانەت جۆر سێهەمی شعوریش بوونی هەیە (کە لەرێگەی ئەو شعورەوە، هێندێك کەس بێ هیچ زانست و هونەرێك، وەتەی ئەوەندە سەیر و وسەرسوڕهێنەریان دەربڕیوە کە هەرچەند راستن، بەلاّم پێشتر نە بینراون نە بیسراون، تەنانەت بەبیری هیچ کەس دا نەهاتوون). واتا شتێکی تێکەڵ بە شێتی تێدا بەدی دەکرێ. (ل١٧). ئەم سێ جۆرە شعورە بەریز پەیوەندییان بە **یادگە** و **تێگە** و **خەیاڵەوە** هەیە.

بە گشتی (تێکڕای شانازی و مەزنی مرۆڤ، هەر وەك **سیسرۆ** وتوویەتی، نیعمەتی هەبوونی زمانێکی رەوانە: **ئەگەر شعور خشڵی مرۆڤە، زمان رەوانی رۆشنایی و جوانی شعورە**، مرۆڤ تەنیا بەم بەڵگەیە لە ئاژەڵ جیادەکرێتەوە و لە خوا نزیکترە کە بالاّترین بونەوەرە لە سروشت دا دەبینرێ. (ل٢٢) قورسترین (بێ توانایی شعور) کە بە هۆیەوە (مرۆڤ هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئاژەڵدا نابێ) بێ تواناییەکە کە زۆر لە نێرەمووکەکان دەچێت... کە توانای نەوە خستنەویان نییە). ئەم بێ توانایییە، رێگە لە هێزی ئاخاوتن دەگرێ دەستی رابگا بە (یەکەمین بنەماکانی هونەر، کە پێش ئەوەی مرۆڤ دەست بە فێربوونیان بکات لە زەینیدا تۆمارکراون)، ئەو بنەمایانەی کە (شعور هەیچ نیشانەیکی بوونیان دەرناخا، مەگەر ئەوانەی کە پێشتر هەبوون، وەریانبگرێ، و ئەگەر مرۆڤ نەتوانێ وێناکردن یا لێکدانەوەیەکی ئازاد لە زەینی خۆی دا هەوێن بکا، دەتوانین بە راستی بەو ئاکامە بگەین کە ئەو کەسە بە تەواوی لە بواری زانستەکاندا کلۆڵە). لەم حاڵەتەدا (نە لێدان نەداغکردن، نە ئاه و ناڵە، نە میتۆد، نە زمان، نە تاقیکردنەوە و نەهیچ شتێکی تر ناتوانێ وای لێبکات شتێك بەرهەم بێنێ. (٢٧ و ٢٨).

بۆ باسە سەرنجراێشەکەی دیکارت لە بارەی **هۆش دەزگای میکانیکی** دا بڕوانە:

K. Gunderson, "Descrates, La Mettrie, Languge & Machine" Pilosophy .vol. 39 pp. 193-222 (1964) بۆ زانینی زیاتر لەمەڕ پێشینەی گشتی پەرەسەندن و رەخنەگرتن لە تیوری دیکارت یا پانتایی و ئاستەنگەکانی لێکدانەوەی میکانیکی بڕوانە:

Rosenfield, op. ct, and H. Kirkine, "Les Origiens de la Conception moderne de I Homme-Machine" Annales Academiae, Scientairum, ser B, vol 122,Helsinki (1961)

چیتر نییە، کە لـە خۆیـە دەجـوڵێ، وەلێ ئامێرێکـە زەینـی هەیـە و ئـەو زەینـە بیردەکاتەوە، جگە لەو زاراوە یا نیشانانەی تر کە زەین بـۆ دەرخسـتنی خـۆی بـێ گەڕانەوە بۆ سۆزەکان، دروستی کردوون). ئەم مەرجەی دوایی بۆ ئەوە دانـراوە کـە (*هاتو هاوار نیشانەی خۆشییە نەك دەردو ئازار*) هـەروەها (*دەتـوانین ئـەوە فێـری ئاژەڵ بکەین*)[١] لەو توانایانە جیابکرێنەوە. ئەو لە کتێبی **گوتار لە میتـۆددا** هـەر ئەم شێوەیە دەگرێتەبەر و جارێکی تر جەخت دەکاتەوە، کە هیچ مرۆڤێك ئەوەنـدە کەم ئەندام نییە، نەتوانی زمانی بـۆ دەربڕینـی ئەندیشـەکانی بـەکاربێنێ، (*هـیچ ئاژەڵێك ئەوەندە کامڵ نییە، بۆ ئاگادارکردنەوەی ئاژەڵەکانی تر لە هێنـدێك کـارو کردەوە، هێما یا نیشانەی ئەوتۆ بەکار بێنێ کە پەیوەندیان بە هەستەکانەوە نەبێ*) ئەو جارێکی تر هەموو غەریزەکانی ئاژەڵان، بە نیشانەی نەبوونی بیرکردنەوە و بـە

---

[١]- واتە بە مەرجـداریی (conditional reflection)، کاتێـك کـە ئاژەڵێـك رادەهێـنین، رەفتارەکانیـان ئاکامی هەستکردنن، بەو مانایەی کە ئەم رەفتارانە هاوڕێن لەگەڵ (بزاوتی ئارەزووەکان بۆ خـواردنی شـتێك) یا (هەستکردن بە ترس و ئومێدی خۆشی). بەم پێیە، دیکارت رایگەیاند کـە (رەفتـاری گوتـاری) وەك هـەر کەڵك لێوەرگرتنێکی ئاسایی، بەتاڵە لە هەر بزوێنەرێکی ناسراوی دەرەکی، یا بارودۆخی فیزیکـی دەروونـی. ناوبراو لەم بارەوە نادوێ، رنگە لەبەر ئەوەبێ کە بابەتەکە ئەوەندە بە روون و ئاسایی دەزانێ، کـە باسـکردنی بێ هوودەیە. وەلێ ئەو خاڵەی جێگای سەرنجە ئەمەیە، کە قوتابخانەی **رەفتارگەرایی هاوچـەرخ**، نکـۆڵی لـەم خاڵە ئاسایی و ئاشکرایانە دەکات. بۆ روونکردنەوەی پتر بڕوانە:

Chomsky. "Review of Skinner. Verbal Behavior" Language vol, 35. pp. 26-58: Aspects of the Theory of Seyntax. Chapter I.& 8, J. katz, Philosophy of Language, Harper & Row, 1966, J. Fodor, "Could Meaning be an r_m "Joranal of Verbal Learning & Verbal Behavieor, vol, 4. pp. 73-81 (1965)

نموونەیەك دادەنێ بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئاژەڵان بە تەواوی ئامێری خودکارن. **دیکارت** لە نامەیەکی دا لە ساڵی ١٧٤٧ بۆ **هێنری مۆڕ** نووسیویەتی:

وەلێ بە بۆچوونی من، بەڵگەی سەرەکی کە قەناعەت بە ئێمە دەکات، ئاژەڵان هەست و سۆزییان نییە، ئەمەیە، کە هەرچەند لە نێوان ئاژەڵانی تایبەت بە یەك جۆر، هێندێکیان لە هێندێیکان کامڵترن (وەك چۆن لە ناو مرۆڤکانیش دا ئاوایە): هەرچەندە هەندێك ئاژەڵ لەوەی فێریان کراوە لەوانی تر بە تواناترن، وەك ئەوەی لە سەگلاوك و ئەسپی دەریاییدا دەبینرێ، هەرچەندە هەموویان دەتوانن بە روونی سەرنجمان بۆ لای جوڵە سروشتییەکانی خۆیان رابکێشن، وەك توڕەبوون، ترس، برسییەتی، چەند هەستێکی تر، ئیتر چ لە رێگەی دەنگ یا بەهۆی جوڵەی جەستەوە بێ، لەگەڵ ئەمەشدا ، تا ئێستا نەبینراوە هیچ ئاژەڵێك بەو پلەیەی کامڵ بوون گەیشتبێت، کە بتوانێ سوود لە زمانی وەربگرێ، واتە بتوانێ بە کەڵك وەرگرتن لە دەنگ یا جوڵەی تر، سەرنجمان بۆلای وتەیەکی بیرکردنەوە رابکێشێ، چونکە زاراوە تەنیا هێما و نیشانەی تایبەتی بوونی بیرکردنەوەیە، کە لە جەستەدا حەشار دراوە. وەلێ تێکرای مرۆڤەکان، تەنانەت هەرە گەمژەو هەرە شێتەکەیان، کە ئەندامەکانی ئاخاوتنیان نییە، کەڵك لە نیشانە یا هێما وەردەگرن، کەچی ئاژەڵان هەرگیز کارێکی ئاوا ئەنجام نادەن، ئەمەش دەتوانین بە جیاوازی راستەقینەی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ دابنێین[1] .

بەکورتی، **دیکارت** بە هۆی فرەچەشنی رەفتارەکانی ئادەمیزاد و، گونجانی ئەو رەفتارانە لەگەڵ بارودۆخی نوێ و، توانای ئادەمیزاد بۆ خولقاندن و داهێنان،

---

[1]-Torrey, The Philosophy of Descartes, pp. (284-287)

رۆزن فیلد ئەو بەشە لە نامەکانی **دیکارت- مۆر** کە پەیوەندی بە خودکار بونی ئاژەڵەوە هەیە، لەم گۆڤارەی ژێرەوەدا بە تەواوی وەریگێڕاوە و بڵاوکردۆتەوە: Annals of science, vol. no.1 (1936)، دیکارت هەروەها روونی دەکاتەوە کە تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە ئەندامکەکانی جەستەوە هەیە، ئەو نکۆڵی لە ژیان یا هەستەکانی ئاژەڵان ناکا

ئادامیزان بە خاوەنی زەین دەزانێ. لە ناو ئەم تایبەتمەندییانەدا، داهێنانی ئادەمیزادە، کە کەڵك وەرگرتن لە زمان گرینترین نیشانەیەتی و گەورەترین شایەتی ئەم وتەیە. دیکارت وێناکردنی ئەم توانایە، بەدەر لە سنووری توانای هەر ئامێرێك لەقەڵەم دەدا. بۆ ئەوەی دروونناسیێکی شارەزامان دەسبکەوێ، ناچارین، بە دڵنیاییەوە گریمانەی **بنەمای داهێنەر** و **بنەمای میکانیکی** بکەین، چونکە تەنیا بەم شێوەیە دەتوانین، هەموو لایەنەکانی جیهانی زیندوو و بێ گیان و پانتایی کردەوە و سۆزدارییەکانی مرۆڤ روون بکەینەوە.

کووردۆموا تێبینییەکانی دیکارتی لەمەڕ زمان و پرسی روونکردنەوەی میکانیکی زمان، لە توێژینەوەیەکی سەرنج راکێشدا شرۆڤە کردووە[1]. ئامانجی ئەو لەم لێکۆڵینەوە، ئەمەیە کە دیاری بکات، ئایا بوونی زەینگەلی تریش دەبێ بە بنەمای حاشاهەڵنەگر دابنرێ یا نەخێر[2]؟ بەشێکی زۆری لە ئالۆزییەکانی رەفتارەکانی ئادەمیزاد، پەیوەندیان بە سەلماندنی ئەم خاڵەوە هەیە، کە مرۆڤەکان ئیتر ئامێرێکی خودکار نین، چونکە دەتوانین ئەم ئالۆزییانە لە چوارچێوەیەکی فیزیۆلجییانەدا روون بکەینەوە، واتە لە سەر کردە و ئەو گۆڕانکارییانەی لە وەڵامی گونجاو بۆ ئەم بزوێنەرە دەرکییانە، سەرهەڵدەدەن. بەڵام ئەم واقعییەتە کە

[1]- Discours Physique de la parole

ژمارەی لاپەڕەکان بۆ چاپی دووەمی ساڵی ١٦٧٧ دەگەڕێتەوە. لەم بەرهەمە وەرگێردراوێکی ئینگلیزی لەبەر دەستدایە، کە لە ساڵی ١٦٨٨ دا چاپکراوە، **رۆزن فیلد** رایدەگەیەنێ کە **کۆردۆموا** بە شێوەیك درێژەی بە باسەکەی دیکارت داوە لەمەر ئاخاوتنی نێوان ئاژەڵەکان، کە دوای ئەو ئیتر (ئەوەندە بایەخی پێنەدرا، وەك ئەوەی نووسەرانی دواتر ئەم باسەیان بە دوا وتە دانابێ لەربارەی ئەو بابەتە. (From Beast- Machine to Man- Machine p 40)

[2]- لە روانەگەی **کۆردۆموا** هەروەها دیکارتیش، هیچ گرفتێك لەوەدا نییە کە ئەوان خاوەنی نەفسن، چونکە بە رای ئەو دووانە لە رووی **دەروونگەراییەوە**، دەتوانیین پەی بە بوونی نەفس ببەین.

مرۆڤەکان، (*جاری واهەیە بە هەموو تواناى خۆیانەوە لەو شتە نزیك دەبنەوە، کە لەناویان دەبات و لەوەش دوور دەوکەونەوە کە دەیانپارێزێ.* ل٧)، سنووورداری بۆچوونێکی ئاوا نیشان دەدەن. مانای کردەوەکانی مرۆڤ لە ژێر ئیرادەیەك دایە هاوتای ئیرادەی خۆی. بەڵام باشترین بەڵگەی ئەوە بوونی ئاخاوتنە:

لە نێوان ئەو وتانەی دێنە سەر زمان، هاویوەندییەك لە ئارادایە و من هەرکاتێك گویم لە وتەیەك دەبێ هەست بەم هاویوەندییە دەکەم. (ل٨).

لەبەر ئەوە لەگەڵ ئەوشدا باش دەزانم، ئامێرێکی بێ عەیب و کامڵ دەتوانێ چەند وتەیەك بەسەر زمان دا بێنێ، هاوکات دەشزانم لە نێوان ئەو فاکتەرانەی هەوا دابەش دەکەن، یا دەبنە هۆی کرانەوەی رێڕەوی هەوا، واتە شوێنی دروست بوونی ئەو دەنگانە، نەزم و رێکو پێکییەك هەیە کە ناگۆڕدرێ، چونکە لەگەڵ بیستنی یەکەمین دەنگ، بە شێوەیەکی ئاسایی ئەو دەنگانەی بە دوای ئەو دادێن ئەوانیش دەبیسرێن، بەو مەرجەی رەوتی هەوایەکە نەپچڕێ. لە کاتێکدا بوونەوەرانی وەك من خولقێنراون، کە وتەی ئەو تۆ بەسەر زماندا دێنن، تارادەیەك کۆتایی یەکسانیان نییە، لەلایەکی تر دەبینم ئەم وتانە هەمان ئەو وتانەن، کە بۆ خستنە رووی بیرو هزری خۆم بۆ ئەوانی تر، دەبێ بەکاریان بێنم، و ئەوانیش لە وتەکانی من تێدەگەن. لە کۆتایی دا کاتێك لەبەرامبەر ئەو گیانلەبەرانەدا چەند وتەیەك بە سەر زمانمدا دێنم، تا پتر بایەخ بەو کاریگەرییە بدەم کە وتەکانم وەدیی دێنن، پتر تێدەگەم کە ئەم وتانە بیستراون. هەروەها ئەوەی ئەوان لە وەڵامی وتەکەی مندا دەیخەنە سەر زمانیان، ئەگەر بە تەواوی تێگەیشتنی وتەکانی من بێت، هیچ گومانێك نامێنێ، کە زەینی ئەوان هەمان شت لە دەروونی ئەواندا وەدی دێنی، کە زەینی من وەدیهێنا.ل(٨-١٠)

کورتەی لێکدانەوەکی **کۆردۆموا** ئەمەیە، کە بۆ جوان بوون و پێکەوە بەستراوی وتەی ئاسایی، بە هیچ شێوەیەك ناتوانین **روونکردنەوەیەکی میکانیکی**[1] بخەینە بەر دەست. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو جەخت دەکاتەوە کە بۆ کەڵك وەرگرتن لە توانای ئاخاوتن، وەك بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی نارێکی روونکردنەوەی میکانیکی، پێویستە وریا بین. ئەو پرسەی کە ئایا دەنگەکان بەرهەم دێن یا دەتوانین لاسایی ئاخاوتن بکەینەوە، هیچ بایەخێکی نییە، چونکە دەتوانین بە شێوەی میکانیکی ئەم بابەتانە بسەلمێنین. یا دەتوانین بۆ نیشاندانی بارودۆخی دەروونی و زەینی، **نیشانەی سروشتی**[2] بەکار بێنین، یان دەتوانین چەندین هێمای تایبەتی بە هۆی بوونی هاندەری دەرەکی، بەرهەمبێنین، کە ئەوانە هیچ پەیوەندییەکیان بە بابەتەکەوە نییە. رەنگە تەنیا توانای داهێنان، ئەویش بە شێوەیەکی گونجاو بۆ بارودۆخی نوێ و بەرهەمهێنانی گوفتاری هاوئاهەنگ، بە بەڵگەیەکی گرینگ دابنرێ. (*ئاخاوتن دووبارە کردنەوەی ئەو گوتەزایانە نییە کە دەگاتە گوێ... بەڵکو هێنانە سەر زمانی وتەی ترە لە بارەی ئەو گوتەزایانەوە.* ل ١٩). بۆ ئەوەی نیشانی بدەین کە مرۆڤ ئامێری خودکار نییە، پێویستە چەندین بەڵگ بهێنینەوە، کە نیشانی بدا، وتە هەم رەنگدانەوەی داهێنان و هەم وەڵامێکی گونجاوە بۆ وتەکانی تاقیکەرەوە (*ئەگەر بە هەموو تاقیکردنەوەکانی خۆمان بۆمان دەرکەوێ، وەك چۆن من کەڵك لە ئاخاوتن وەردەگرم ئەوانی تریش وەك من کەڵك لە ئاخاوتن وەردەگرن، ئەوا پێموایە بەڵگەیەکی سەلمێنەرم بەدەستەوەیە بەو دەرئەنجامە بگەم، کە ئەوانیش وەك من خاوەنی زەینن* (ل٢١). دواتر چەند توانای ئەنجامدان

---

1 -mechanistic explanation

2 – signs natural

بۆ تاقیکردنەوە پێشنیار کراوە. بۆ نموونە دەتوانین (**نیشانەی گرێبەستی**)[1] نوێ دروست بکەین:

دەزانم دەتوانم لەگەڵ هەندێکیان رێکبەکەوم، چونکە ئەوەی بەشێوەی ئاسایی مانای شتێکە، واتایەکی تری هەیە و دەتوانین بەو ئاکامە بگەین، تەنیا ئەو شتانە بوونیان هەیە، کە ئێمە پەسندمان کردوون و وێدەچێ ئەوەی لە هزری من دایە، دەیبیستم. (ل٢٢-٢٣).

بەم پێیە چەندین بەڵگەش دەخرێنە روو:

کاتێك دەبینم ئەم بوونەوەرانە نیشانەی ئەو تۆ وەدی دێنن، کە هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ ئەو بارودۆخەی تێیدا بەسەر دەبەن، یا لەگەڵ پاشماوەکانی ئەو بونەنەوەرانەدا نییە. کاتێك دەبینم ئەم نیشانانە لەگەڵ ئەوانەی من بۆ لێکدانەوەی بیرو هزرەکانم دەیانخولقێنم گونجاون، کاتی وا هەیە دەبینم ئەم نیشانانە بیربڕوایەکی ئەوتۆ دەخنە بەر دەمم، کە پێشتر لێیان بە ئاگا نەبووم و، جاری واهەیە پەیوەندییان بە هێندێك شتەوە هەیە کە من پێشتر لە زەینم داهەبووە. بەکورتی پەیوەندییەکی زۆر لە نێوان نیشانەکانی خۆم و ئەوانی تردا دەبینم. (ل٢٨و٢٩).

یا بە شێوەیکی ئەوتۆ دەجوڵێنەوە وەك ئەوەی (*دەیانەوێ بمخەڵەتێنن.* ل٣٠ و ٣١). لەم هەل و مەرجەدا، دوای ئەوەی چەند تاقیکردنەوەی لەم جۆرە بە دەرئەنجامی ئەرێنی دەگەن، (*ئاقڵانەتر ئەوەیە کە وابیربکەمەوە ئەوانیش وەك منن.* ل٢٩)

---

[1] - Convention sign مەبەست نیشانەی گرێبەستی زمانییە، گرێبەستی زمانی ئەو پەیوەنییە ئارەزوومەندانەیە کە لە نێوان شکڵ و مانای وشەکاندا پەسند بکرێ.

ئەوەی لەسەرتاسەری ئەم نووسراوەدا بەرچاو دەکەوێ، جەخت کردنەوەیە لەسەر لایەنی داهێنەرانەی چالاکی زەینی. لە ئاکامدا:

... ئەو بیر و هزرە نوێیانەی لەکاتی ئاخاوتن لەگەڵ مرۆڤکانی تر بە زەینمان دادێ، شایەتی ئەوەن بۆ هەرکامێکمان، کە ئەوانی تریش وەك ئێمە خاوەنی زەینن. (ل١٨٥)
... گرینگترین بەڵگە کە بۆتە هۆی ئەوەی وابزانین، زەین و جەستەی ئەو مرۆڤانەی لەگەڵ مندا دەدوێن، پێکەوە بەستراوەتەوە، ئەمەیە: زەین، زۆرجار بیروهزری جوان دەخاتە روو، کە پێشتر نەمانزانیوە و لە ئاکامدا ناچارمان دەکات بیرو باوڕەکانمان بگۆڕین...(ل١٨٧).

کۆردۆموا چەندین جار دەڵێ: (**ئەو تاقیکردنەوانەی**) سنووورداری توانای میکانیکی دەردەخەن، هەرئەوانەن کە بۆ کردەی زمان بە تایبەتی ئەوەی ئێمە بە لایەنی داهێنەرانەی زمانی دەزانین، بەکار دەبرێن. لێرەدا باسەکانی کۆردۆموا، لەمەڕ بنەمای دەنگ و بەرهەمهێنانی کارایی زمان و میتۆدەکانی بەڵگەمەندی و رەنگدانەوە و بەهێز کردن، کە فێربوونی زمانی واقعی مرۆڤ ئاسان دەکەن، هەروەها ئەو سیستمە پەیوەندییە نازمانییەی ئاژەڵەکان، ناوبراو دەخزێنێتە ناو چوارچێوەی گریمانە دیکارتییەکان.
ئەوەی بۆ ئێمە گرینگە، جەخت کردنەوەیە لەسەر لایەنی داهێنەرانەی کردەی زمان و، جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان زمانی مرۆڤ لە لایەك، دەزگاکانی پەیوەندی کردن و کردەیی و هاندەری بونیادی ئاژەڵەکان، لەلایەکی تر، نەك هەوڵە دیکارتییەکان بۆ لێکدانەوەی تواناکانی زمان.
پێویستە ئەو خاڵە بایەخی پێبدرێ کە لە باسەکانی داهاتوودا، کەڵك لە بەڵگە هێنانەوە دیکارتییەکان وەرناگرین بۆ سنووردارکردنی روونکردنەوەی میکانیکی.

دیکارت ئەوەی کردە سەرمەشق کە دەبێ بـوونی **مـاکی بیرکردنـەوە**[1] بـە گریمانـە دابنێین، تا بتوانین ئەو راستییانە شرۆڤە بکەین، کـە لەبـەر چـاومان گرتـوون. بـە شێوەیەکی گشتی پێشنیاری ئەو پێچەوانەی ئەو بانگەشەیە، کـە دەڵێ پێکهاتـەی ئاڵۆزی جەستەی مرۆڤ، بۆ سەلماندنی توانا ئالۆزەکانی مرۆڤ بەسە. بـەڵام ئـەو بـۆ سەلماندنی بۆچوونی خۆی ئەوەندە خۆی مانـدوو ناکـات (*لـە راسـتیدا **دیکـارت** و **کۆردۆموا** لە ریزی ئەو کەسانەدا بوون کە هـەوڵیان دەدا نیشـانی بـدەن، دەتـوانین رەفتاری ئاژەڵی وکردەوەی جۆراوجۆری مرۆڤ، بە کـەڵك وەرگـرتن لـە گریمانـەکانی پێکهاتەی جەستەی مرۆڤ روون بکەینەوە*). لە ناو ئەو کەسانەدا دەتوانین **لامـیتری** ناوبەرین، کە بڕوای وابوو مرۆڤ خۆی ئالۆزترین ئامێرە. (*مرۆڤ و مەیموون و ئاژەڵـە هەر هۆشمەندەکان، هەمان پەیوەندییان هەیە کە پاندۆڵی **هیگنیز** لەگەڵ کاتژمێری جۆلین لرِوا دا هەیەتی. ل١٤٠*).

بە بۆچوونی ئەو بە ئاسانی دەتوانین بیرکردنەوەش لەسـەر بنـەما میکانیکییـەکان تاوتوێ بکەین. (من بڕوام وایـە کـە بـیر کردنـەوە لەگـەڵ مادەیـەکی رێکخـراو، ناگونجاو نییە. بیرکردنەوە یەکێکە لە خەسـڵەتەکانی مـادە، وەك کارەبـا، توانـای جولآن، **بەرگری**[2] و کشان و هیتر. ل١٤٣و١٤٤). کەواتە نـابێ فێرکردنـی مـەیمون لەسەر قسەکردن، رووبەرووی گرفتێکی بنەڕەتی ببێتەوە. تەنیا رێگر (*کـەموکوڕی ئەندامـەکانی ئاخاوتنییـەتی و دەتـوانین ئەمـەش بـە راهێنـی گونجـاو لابـەرین. ل١٠٠*). (*گۆمانی تێدانیە ئەگەر دەکرا ئەم ئاژەڵە بخریتە بەر راهێنانێکی گونجـاو، لە کۆتایی دا دەکرا گۆکردنی دەنگەکان ئینجا بە دوای ئەودا زمانێك فێر ببێـت،*

[1]-thinking substance

[2] - impenetrability

ئەوسا ئەو ئیتر مرۆڤێکی درِندە یا کەمئەندام نەدەبوو، بەڵکو دەبوو بە مرۆڤێکی نەك هەر کامڵ بەڵکو کەسێکی وەك ئەریستۆکرات. ل۱۰۳). بەم پێیە دروستکردنی ئامێرێکی ئاخێوەریش لە زینی بە دوور نەدەبوو. (***ڤۆکانسن*** ***۱۷۰۹-۱۷۸۱*** *کە بۆ دروستکردنی ئامێرە فلوتژەنەکەی، ناچار بوو لێهاتوویەکی پتر لە دروستکردنی مراویەکەی بخاتە گەڕ، ئەگەر بیویستبا ئامێرێکی ئاخێوەر دروست بکات، ئەو ئامێرەی کە ئێستا دروستکردنی مەحاڵ نییە، تەنیا پێویستی بەوە بوو برێکی تر شارەزایی خۆی بەکار بێنێ. ل۱٤۰و ۱٤۱)*

بوژان چەند ساڵ پێش بڵاوکردنەوەی مرۆڤی ئامێری لە یەکێك لە بەرهەمە بەرِواڵەت نیمچە جدجییەکانی خۆی دا، هەوڵیدا تا لێدانەوەکانی **دیکارت** رەتکاتەوە، لەمەرِ سەلماندنی ئەوەی کە زمانی مرۆڤ و زمانی ئاژەڵ لەیەکتر جیاوازن. کەچی لێکدانەوە بە رِواڵەت پێچەوانەکەی ئەو، جەختی لەسەر بۆچوونەکانی دیکارت کردەوە لەبارەی زمانی مرۆڤ و زمانی ئاژەڵ. بانگەشەی سەرەکی ئەو، (*ئاژەڵەکان وەك ئێمە تەنانەت زۆرجار لە ئێمە باشتر، لەگەڵ یەکتر دەدوێن و وتەکانی یەکتر دەبیستن. ل۱٤)*، لەسەر ئەم بنەمایەیە کە دەتوانین ئاژەڵەکان رابێنین، تا کاردانەوەیان بۆ چەند نیشانەی تایبەتی هەبێ، ئاژەڵەکان هەستە جۆراوجۆرەکانی خۆیان بە چەند هیمای دەرەکی دەردەبرِن، هەروەها بە شێوەی کۆمەڵ کاردەکەن (*وەك سەگلاوك، ئەو دەڵێ سەگلاوکەکان زمانیان هەیە، لەگەڵ* ***گەمە زمانییەکان*** *دا، کە بە پێی بۆچوونی* ***وتگشتاین*** *شێوازی سەرەتایی زمانی مرۆڤە، خاڵی هاوبەشیان زۆرە)*. لەگەڵ ئەمەشدا ئەو (*تێگەیشت کە زمانی ئاژەڵەکان تەنیا لە دەرخستنی هەستەکان و هەڵچوونەکانیاندا چرِ دەبێتەوە و، دەتوان هەموو هەست و هەڵچوونەکانیان لە چەند نیشانەیەکی دیاری کراودا کورت*

بكەنەوە. ل١٥٢). (*ئاژەڵەكان دەبێ بەردەوام یەك دەستەواژە دووبارە بكەنەوە، ئەم دووبارە كردنەوەیەش ئەوندە درێژە دەكێشێ، كە هەموو زەینی ئەوان بە خۆیەوە خەریك دەكات. ل١٢٣*) ئەوان واتە ئاژەڵەكان هیچ جۆرە بیر و هزرێكی ئەبستراكت یا فەلسەفیان نییە:

ئەو زانیارییانەی ئەوان هەیانە، بەتەواوی لە بابەتی هەنوكە و مادی دا كە هەستەكانی ئەوان دەجولێنێ، سنووردارکراوە. مرۆڤ كە خاوەنی زمانێكی لە رادەبەدەر بێ هاوتایە و خاوەنی بیرو بڕوای بڵندە، ناتوانێ وتەكانی خۆی بە بێ زاراوە و راناوە كەسییەكان و راناوەكانی پەیوەندی دەربڕێ و كارایی وتەكانی دیاری بكات. ل١٥٦

لە راستیدا ئاژەڵەكان تەنیا بۆ (*ئەو هەستانەی هەستی پێدەكەن.* ل١٥٥) ناوی جۆراوجۆریان هەیە و ناتوانن (*وەك ئێمە دەستەواژەیەكی شەخسی یا پێكهاتەیەك دروست بكەن.* ل١٥٦)

بۆچی سروشت، توانای ئاخاوتنی بە ئاژەڵەكان بەخشیوە؟ هەر لەبەر ئەوەی ئارەزوو و هەستەكانی خۆیان بۆ یەكتری دەربڕن و، بتوانن لەم رێگەیەوە بە نیازەكانی خۆیان بگەن و، ئەوەی ویچدەچێ بۆ مانەوەیان پێویستە، دەستەبەری بكەن. دەزانم كە زمان ئامانجێكی تریشی هەیە، ئەویش دەربڕینی بیرو بۆچوون و بڕواو زانیاری و لێكدانەوەكانییەتی. بەڵام ئاژەڵەكان دەزگایەكیان هەیە مەعریفە (شناخت)... گومانی تێدا نییە كە سروشت تەنیا یەك مەعریفەی بە ئاژەڵەكانی داوە، كە بۆ پاراستنی جۆر و تاك تاكی ئاژەڵەكان بەكەڵك و پێویستە. لە ئاكامدا ئاژەڵەكان هیچ جۆرە لێكدانەوەی ئەبستراكت و وەرگێراویان نییە، هیچ كاتێك توێژینەوەیەكی پشكێنەرانە لە سەر ئەو شتانەی دەورووبەریان ئەنجام نادەن ، و هیچ زانستێكیان نییە تەنیا ئەوەنەبێ كە چۆن تەندروستی خۆیان بپارێزن، پارێزگاری لە خۆیان

بکەن، لە هەرشتیك مەترسی هەبێ بۆ سەریان دوور بکەونەوە و خۆراکی خۆیان بەدەست بێنن. هەرگیز نەبینراوەئاژەڵەکان لە کۆمەڵدا وتارێك بدەن، یا لە بارەی گرفتی کاروبارەکانیان و کاریگەرییان، بدوێن. ل٩٩و ١٠٠)

کورتی وتە ئەوەیە، زمانی ئاژەڵەکان لە چوارچێوەی **روونکردنەوەی میکانیکی** دایە، ئەمەش هەر ئەوەیە کە **دیکارت** و **کۆردۆموا** وتویانە.

بەڕواڵە نە **لامیتری** نە **بوژان** سەرنجیان بۆ لای ئەو خاڵە نەچووە، کە **دیکارت** باسی کردووە، ئەو خاڵەی کە بەرهەمی لایەنی داهێنەرانەی زمانە، واتە ئەم دیفاکتۆیە، کە زمانی مرۆڤ بە دوورە لە کۆنترۆڵی بزوێنەرە دەرەکییەکان و هەل و مەرجە فیزیۆلۆجییەکانی دەروونی، هەروەها ئامێرێکی هەمەکییە بۆ بیرکردنەوە وخۆدەربڕین، نە تەنیا بۆ گوزارشت و داواو فەرمان دان[1]. توێژینەوە نوێیەکان بۆ روون کردنەوەی رەفتاری هۆشمەندانە، لە توێژینەوەکانی پێشوو پەسندتر نین. بۆ نموونە **رایل**، لە رەخنە گرتن لە **ئوستورەی دیکارت** بەگشتی لە خستنە رووی ئەم پرسە خۆی بە دوور دەگرێ. ناوبراو دەڵێ دێکارتییەکان لە بری ئەوەی بە دوای تاوتوێ کردن و روون کردنەوەی رەفتاری هۆشمەندانەدا بگەڕێن، دەبوو (*بپرسن کە پێوەری لێکجیا کردنەوەی رەفتاری هۆشمەندانە و ناهۆشمەندانە چییە*؟ ل٢١).

ئەگەر ئەم راو بۆچوونانە بە باشی پەیان پێ ببرێ کۆکردنەوەیان مەحاڵ نییە. ئەو پێوەرانەی **رایل** دەیانخاتە بەردەم، لە بنەمادا جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ئەو تاقیکردنەوانە نییە، کە **کۆردۆموا** پێشنیاری کردبوون. لە کاتێکدا **رایل** تەنیا

[1] – ئەمەش بە مانای نکۆڵی کردن نییە لەم بابەتە، کە رێبازی **لامیتری** لە راستیدا راست نییە. ئەوەی پەیوەندی بە منەوە هەیە، تاوتوێ کردنی تەواوی روونکردنەوەی پێشنیار کراوی **دیکارت** و ئەوانی تر نییە، بەڵکو بۆچوونی ئەوانە لە بارەی زمانی مرۆڤ، کە بۆتە هۆی ئەم لێکدانەوانە.

باسی ئەم واقعیەتەی دەکرد، کە رەفتـاری هۆشمەندانـە ئاکـاری تایبـەتی هەیـە[١].
دیکارتییەکان لەبەر بێ تواناییان لەمەڕ روون کردنەوەی میکانیکی، پتر خـەریکی سەلماندنی ئەم جۆرە رەفتارەن. ئێمە زەحمەتە بتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین بلـێین: لە دیاری کردنی تایبەتمەندییەکانی رەفتاری هۆشمەندانەدا، میتۆدەکانی دەسـتەبەر کردنی ئەو رەفتارانە، ئەو بنەمایانەی زالـن بـە سـەریاندا، چـۆنییەتی پێکهاتـەی بنەڕەتییان، لە سەدەی حەڤدەهەم لە پێشترین. دیارە دەتـوانین ئـەم پرسـانە لەبـەر چاو نەگرین، وەلێ تائێستا هیچ بەڵگەیەکی بەهێز نەهاتۆتـە ئـاراوە بلـێ ئەمانـە ناواقعین، یا لە سنووری تاوتوێکردنی ئێمە بەدەرن.

زمانناسی نوێ هەرگیز راو بۆچوونەکانی دیکارتی لەمەڕ زمان، بە جیـدی تـاوتوێ نەکردووە. بۆ نموونە **بلۆمفیلد** تێگەیشت کە زمانی سروشتی *(توانای ئاوێتە بوونی پراکتیکی بێ سنووری هەیە)*، کەواتە ناتوانین کەڵك وەرگـرتن لـە زمـان، لەسـەر بنەمای دووبارە کردنەوە یا پێرستێکی کەرەستە زمانییەکان پێناسە بکـەین. وەلێ ئەو لەم پرسەدا تەنیا بەو وتەیە وەستاوە کە وتەبێژ، شێوازی نوێ (*لەسەر بنـەمای بەراورد یا شێوازی هاوشێوە کە پێشتر بیستویەتی*)[٢] دروست دەکـات. **هاکـتیـش**

---

[١]- ئەمانە لەسەر بنەمای **توانا** و **ئارەزوو** و **رێکخستن** لێکدانەوەیان بۆ کـراوە، تـەنیا بـە هـۆی نموونەگـەلی پەراگەندەوە دیاری کراون. ئەمانە ئوستورەی نوێیان دروستکردووە کە وەکو **ماکە زینییەکەی** دیکارت لێـل و ناروونە.

[2] -L. Bloomfield, Language, New Yourk, Holt (1933) p 275.

ئاخێوەر، ئەو کاتە شێوەکانی گوتار بەرهەم دێنێ کە تا ئێستا نەیبستووە (دەڵێین ئەو بە بەراوردکردن لەگـەڵ ئەو گوتەزا هاوشێوانەی پێشتر بیستوویەتی، وتەکانی بەرهەم دێنێ)، لە روانگەی **بلۆمفیلد**ەوە، زمانی مـرۆڤ جیاوازییەکی زۆری نییە لەگەڵ سیسـتمی پەیوەندییـەکانی ئـاژەڵان و، تاکـە جیـاوازی نێوانیـان (خەسـڵەتی گرینگ) زمانی مرۆڤە. لەم جیاوازییە بەلاوە، کردەوەکانیان هاوشێوەیە. (مرۆڤ کۆمەڵێك دەنگـی جۆراوجـۆر بەرهەم دێنێ و بە گەلێك رێباز کەڵك لەم فرەجۆرییە وەردەگرێ: لەژێر کاریگەری بزوێنەری تایبـەتی، دەنگـە

هەروەها بە هەمان شێوە بە تەواوی داهێنان دەبەستێتەوە بە بەراورد. **پال**، **سۆسۆر**، **یسپرین**، و کەسانی تریش هەمان بیرو بۆچونیان هەیە. بۆ بەستنەوەی لایەنی داهێنەرانەی زمان بە **بەراوردکردن** analogy[1] یا **نموونە دەستوورییەکان**ەوە، بە شێوەیەکی تەواو خوازراوە کەڵك لەم دەستەواژانە وەرگیراوە، بێ ئەوەی تێگەیشتنێکی روونیان هەبێت و پەیوەندییان لەگەڵ تیوری زمانی (بە تێگەیشتنە هونەرییەکەی)،دیاری کرابێ. ئەم گوزارانە ئەوەندەی لێکدانەوەکەی **رایل** ناروونن، کە ئەنجامی داوە بۆ رەفتاری مرۆیی لەسەر بنەمای بەکارهێنانی جۆرێکی ناروون لە **دەسەلات** و **تواناکان**، یا هەوڵدان بۆ کەڵك وەرگرتنی ئاسایی داهێنەرانە لە زمان، لەسەر بنچینەی **گشتگیرکردن** یا **خوو** یا **مەرجدار بوون**. بەکارهێنانی ئەم زاراوانە لە لێدواندا، ئەگەر بە مانای هونەری

گوتارییەکان بەرهەم دێنێی و گوێگرەگانی دوای بیستنی ئەو دەنگانە کاردانەوەی گونجاو نیشان دەدەن. ل٢٧). ئەو بڕوای وایە کە (زمان لە بنەڕەتدا پرسێکە پەیوەندی بە فێرکردن و خووخدەوە هەیە. ل٣٤) و بە تاوتوێ کردنی وردی ئاماری (دەکرێ بی هیچ گومانێك بڵێین، کە وتەیەکی تایبەتی، چەند جار لە چەند رۆژی دیاریکراودا دوبارە دەکرێتەوە. ل٣٧). (ئەو دەرئەنجامە تەواو راستە، چونکە بۆ زۆربەی وتەکان ژمارەی پیشبینی دەبێتە سفر.)

[1] -C. F. Hockett, A Course in Modern Linguistics, New York, Macmillan 91958). P 36, 50

هاکت وەبیرمان دێنێتەوە کە (دەڵێن کاتێك کەسێك دەدوێ، یا لاسایی کردنەوەیە یا بەراوردکرن). ئەو ئەم رایە قبوڵ دەکا و دەڵێ: (کاتێك ئێمە بەدرێژی دەدوێین، راستەوخۆش وتەکە ناگوێزینەوە، بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین بەراوردکردن لەکار دایە.ل٤٢٥). رای ئەو لە ناو زمانناسان نائاساییە، چونکە لانیکەم قبوڵی دەکا کە ئەم بۆچوونە هەڵەیکی تێدایە.

وێدەچێ ناوبراو لە باسی داهێنانی زمانیی دا، بەشێوەیەکە دەڵێ، گوزارەی جوان تەنیا بە پەیوەندی لەگەڵ تۆڕی وتەکە، پەی پێدەبرێ. ل٣٠٣). لە راستیدا پشتگوێ خستنی میکانیزمی زمانیی، کە مانای رستەی ئاسایی و زۆرجار نوێ، لە زمانی رۆژانەدا دیای دەکات، لایەنی دیاری زمانناسی نوێیە.

خۆیان بەکار نەبڕێن هەڵەیە، ئەگەر هەوڵ بدرێ ئەوتوایانەی باسیان لێوە دەکرێ لە ئاستی **حاڵەتێکی ئاڵۆزتر** لەوەی کە ناسراوە لەبەرچاو بگیردرێ، ئەوا ڕێ بزرکەرن.

بینیمان کە روانگەی **دیکارت**، کە بەهۆی **دیکارت**، **کۆردۆموا**، و دژە دیکارتییەکان وەك **بوژان** روون کراوەتەوە، ئەمەیە: کە زمانی مرۆڤ لە حاڵەتی کەڵك لێوەرگرتنی دا، بە دوورە لە دەسەڵاتی بزوێنەرە دەرەکییەکان و تەنیا رۆڵی پەیوەندی ناگێڕێ، بەڵکو ئامرازێکە بۆ دەربڕینی ئازادانەی هزر و کردەی گونجاو لە هەل و مەرجی نوێدا[1]. هەروەك دواتر دەیبینین کە ئەم رایانە لەمەڕ ئەوەی کە ئێمە ناومان ناوە لایەنی داهێنەرانەی زمان، لە سەدەی حەڤدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا، بە درێژی شرۆڤە کراون. هاوکات ئەزموونی دووەمی **دیکارت**، بۆ دیاری کردنی ئەوەی کە ئایا ئامێری خودکار هەمان **مرۆڤی واقعیی**ە لە چوارچێوەی **زنجیرەی گەورەی بووندا***. سەرلەنوێ لێکدانەوەی بۆ کراوە؟.

دیکارت جیاوازییەکی گەورەی لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ دا داناوە و دەڵێ: رەفتاری ئاژەڵ لە سەر بنەمای غەریزەیە و تێکڕای نیشانەی تایبەتی غەریزەکان، لە چوارچێوەی لێکدانەوەی میکانیکی دا، دادەنێ. روانگەی دیاریکراوی دواتر ئەمەیە: هۆش چەند پلەی هەیە و لە نێوان کامڵیی غەریزەکان و توانای زەینی دا پەیوەندییەکی پێچەوانە لە ئارا دایە. بۆ نموونە بە بۆچوونی **لامیتری** (*تا هۆشی تاك پتر دەبێ (لە چوارچێوەی روح دا) لە غەریزەکانی کەم دەبێتەوە*. ل٩٩) یاسای هاوبەشی سروشتە.

---

[1] - لێکۆڵینەوە نوێیەکان لەمەڕ جیاوازی زمانی مرۆڤ و دەزگای پەیوەندییەکانی ئاژەڵان، زۆرجار بە هەمان دەرئەنجامی دیکارت دەگات. بۆ نموونە بڕوانە: L. Carmichael, "The early Growth of Language in the individual" in Lenneberg (ed) op, cit.

* - Great chain of bing

هێردر دوو ئەزموونی دیکارتی **هەبوونی زمان** و **فرەجۆری کردەوەکان**[1]، لە وتارێکدا دەربارەی سەرچاوەی پەیدابوونی زمان، بە شێوەیەکی جوان، پێکەوە بەستراو لەقەڵەم داوە. ئەویش وەك **دیکارت** بەڵگە دێنێتەوە کە زمانی مرۆڤ لەگەڵ ئەو دەنگ و ئاوازانەی لە هەستەکانەوە دێن جیاوازە و ناکرێ بگەڕێنرێنەوە بۆ ئەندامەکانی تری پلەبەرزی دەنگسازی. هەروەها ناتوانین لە لاسایی کردنەوەی سروشت، یا لە یەکسانی زماندا، بۆ رەگ و ریشەکانیان بگەڕێین[2]. چونکە زمان موڵکی سروشتیی مرۆڤە. بەڵام سروشت مرۆڤی چەکدار نەکردووە، بە زمانی غەریزی یا توانای غەریزی زمان یا تواناکانی بەڵگە هێنانەوە، کە زمان رەنگدانەوەی ئەوبێ. بە پێچەوانەوە، تایبەتمەندی بنەمایی مرۆڤ، لاوازی غەریزەیە. مرۆڤ لە رووی غەریزەکانەوە لە ئاژەڵ زۆر لاوازترە. بەڵام غەریزە و ناسك هەستی و شارەزایی ئێمە، بە سنووری ئاسۆ و پانتایی ژیان و ئەزموونی ئێمەوە بەستراوەتەوە. مانای هەموو توانای تێگەیشتن و نواندنی ئێمە، لە ناوەندێکی گچکە و دیاری کراودا چڕبۆتەوە. (ل١٦و ١٧). دەتوانین ئەم وتەی ژێرەوە بە بنەمایەکی گشتی ئەژمار بکەین: (*هەستەکان، تواناکان، چالاکییەکان و پاڵنەرە جێنێتیکییەکان ئاژەڵەکان کە تێیاندا بەهێز دەبێ و پاتایی و قووڵایەکی پتر وەخۆ دەگرن، لە گەڵ ئەندازە و فرەجۆری بازنەی کردەوەکانیان پەیوەندییەکی رێژەیی پێچەوانەی هەیە. ل١٦ و ١٧*) بەڵام تواناکانی مرۆڤ بەربلاوتر و

1-possession of language, diversity of actions

2- ئەم خاڵە لەمەڕ گەشەکردنی زمان لە تاکیشدا، راستە. تاوتوێکردنی **سەرچاوەی زمان** لە راستیدا تاوتوێکردنی **ماکی زمانە**. لەم لایەنەوە نیشانەکانی گەشەکردنی زمانی تاك لە ناو خەڵکدا زۆرجار بە هاوئاڕاستە دادەنرێ. بڕوانە:

A. W. Schlegel, Die Kunstleher (1801: Stuttgat, W. Kohlhammer Verlag, 1963 p 234)

جۆاوجۆرترن. (*مرۆڤ کەش و هەوایەکی ئاوا دیاری کراو و تاك رەهەندی، کە تەنیا یەك کاری تێدا ئەنجام دەدرێ، لەبەر دەست دانییە*. ل١٧) بە وتەیەکی تر، لە ژێر دەسەلاتی بزوێنەرە دەرەکییەکان و و پالنەرە دەروونییەکاندا نییە و، پێویست ناکات بە تەواوی و شێوەیکی دیاری کراو کاردانەوەی هەبێ. ئەم ئازاد بوونە لە کۆتی غەریزە و بزوێنەرەکان، بنەمای ئەو شتەیە کە ئێمە ناوی دەنێین **ئەقلی مرۆیی**: (*ئەگەر مرۆڤ خاوەنی بزوێنەری ئاژەڵی با، نەیدەتوانی ئەو شتەی هەبێت کە ئێستا ئێمە پێی دەڵێین **ئەقڵ**. لەبەر ئەوەی ئەم بزوێنەرانە، بەشێوەیەکی ئەوتۆ هێزەکانی مرۆڤ بەرەو تاریکایی دەبەن، تواناکانی تایبەت دەکەن بە ئاراستەیکی دیاری کراو، کە ئیتر ئازادی بیرکردنەوەو و تێگەیشتن بۆ ئەو مانەکی نەمێنێ.* ل٢٢). بە راستی هەر ئەم لاوازییەی غەریزەکانە بە ئیمتیازێکی سروشتی مرۆڤ لەقەڵەم دەدرێ و دەیکاتە **بوونەوەرێکی ئەقڵگەرا**[1]. ئەگەر مرۆڤ وەك ئاژاەڵ بەستراوە و پابەند بە غەریزەکانی نەبێ، دەبێ بە بەهرەی هێزی ئازادی دەروونی خۆی، بوونەوەرێکی وریا بێ ل٢٢). بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەم لاوازیی غەریزەیە و تێگەیشتن، مرۆڤ خاوەنی (*هەستی بەرزراگرتنی ئازادییە* ل٢٠). ئەم هەستە (*وەك ئامێری بەدوور لە هەڵە لە سروشتی ئەودا نییە، بەڵکو ئەو خۆی نیاز و ئامانجی ئەم ئازادیەیە*. ل٢٠)

مرۆڤ لە بیرکردنەوەی ژیرایەتی دا ئازادە، و دەتوانێ ببینێ، بەراورد بکات، تایبەتمەندییە سەرەکییەکان لێکجیا بکاتەوە، شتەکان بناسێ و ناویان لەسەر دابنێ. ل٢٣) لەم چەمکەدایە کە **زمان** و **دۆزینەوەی زمان** بۆ مرۆڤ سروشتی و زاتییە ل٢٣). و(مرۆڤ بە شێوەیەکی وا پەروەردە بووە کە خۆی خولقێنراوی

---

[1] -rational being

دەستی زمانە. ل٤٣). لە لایەکی تر **هێردر** تێگەیشت، کە مرۆڤ بە شێوەی جێنێتیکی خاوەنی زمان نییە، واتە *ئاخاوتن لە مرۆڤدا زگماکی نییە*. لە لایەکی تر، بە بۆ چوونی ئەو زمان بەم شێوەیە، لە دایك بووی تایبەتمەندی پێکهاتەی زەینی زمانە، کە ئەو توانی بلّێ (*ئێستا من دەتوانم هەموو نیازەکانم پێکەوە گرێ بدەم و بە تاڵێکییەوە بکەم ببینرێ، ئەو تاڵەی کە ئێمە ناوی دەنێین سروشت و سروشتی مرۆیی، نەك ئەو تاڵەی کە تەنیا بە هۆی زمانەوە خزاوەتە ناو سروشتی ئێمە*). ئەو ئەم پێکناکۆکییە رواڵەتییەی بەم شێوەیە چارەسەر کرد، کە زمانی بە دەرئەنجامی لاوازی **غەریزەکانی مرۆڤ**[1] دانا.

دیکارت، ئاقڵمەندی مرۆڤی (*ئامرازێکی هاوبەشی گشتییە کە بۆ هەموو کاروبارەکان بەکاردێ*)، هەروەها بە بنەمای فرەچەشنی بێ سنوور وئازادانەی بیرکردنەوە و کارکردن دەزانێ[2]. **هێردر** ئاقڵمەندیی، بە توانای زەینی ئەژمار ناکات، بەڵکو بە ئازادبوونی دەزانێ لە دەسەڵاتی بزوێنەرەکان و، هەوڵدەدا دەری بخات کە چۆن ئەم **خەسڵەتە سروشتییە**[3]ی پەرەسەندنی زمان لە مرۆڤدا دەکاتە شتێکی شیاو و - لە راستیدا پێویست - (ل٢٥) .

---

[1] -human instinct

[2]- دیکارت زمان لە واتای تایبەتی خۆیدا، بە کردەوەی ئەقڵی رووت نازانێ، بۆ نموونە بڕوانە: Principle of philosophy, CXCVII (Haaldane & Ross, p 296) دەبینین، زاراوەی وتراو یا نووسراو، لە زینی ئێمەدا جۆرێك هزرو هەست دەبزوێنێ... دەتوانێ وشەگەلێك یەك لە دوای یەك ریز بکات، تا لەزەینی خوێنەراندا بیرو رای جەنگ، تورەیی خوێنرشتن بوروژێنێ، یا هەستی دڵتەنگی و بێ رێزی، خۆ ئەگەر پێنووسەکەمان بەلایەکەی تردا بڕەتێنین، ئەوا، بیرورای تەواو جیاواز سەرهەڵدەدەن، وەك بیرو هزری ئارامی، ئاشتی، بەختەوەری، ئەوین و شادی.

[3] -natural advantage

کەمێك پێش **هێردر**، **جیمیز هاریس** ئەقڵانییەتی هاوشێوەی **هێردری** راڤە کردووە. بەم مانایە کە بە ئازادبوون لە دەسەڵاتی غەریزەی دەزانێ، نەك توانا دیاری کراوەکان. **هاریس** وەك لە ژێر ئەم دەقەی خوارەوەدا دەیبینین، جیاوازی داناوە لە نێوان **ماکی مرۆڤ**[1] کە ناوی دەنێ **ئەقڵ** و **ماکی ئاژەڵ**[2] کە ناوی دەنێ **غەریزە**:

کەواتە...سەرنج بدەنە جیاوازی نێوان هێزی مرۆیی و ئاژەڵیی، وا دەردەکەوێ لە هەر ئاژەڵێکدا، ئارەزووی بەرەو یەك ئامانج هەبێت، بە گشتی ئاژەڵ بە هاوئاهەنگییەتی تەواو، بەرە و ئەم ئامانجە دەروات و هەر لەم ئامانجەدا دەوەستێ. ئەو پێویستی بە هیچ بڕیار و فەرمانێك نییە و بە ئاسانی ناگۆڕدرێ و ڕێرەوێکی تر ناگرێتەبەر. بە پێچەوانەوە، ماکی مرۆڤ لە توانایدایە، چەندان ڕێڕەوی لە رادەبەدەر جۆراوجۆر هەڵبژێرێ: ئامانجەکانی دەگۆڕێ، جۆرەها بابەت لای ئەو یەکسانە و ئەگەر لێگەڕێی هەر بۆخۆی بێ و بەس، ئەوا رووت دەبێتەوە لە کەماڵ و تێگەیشتن، بەڵام لە کاتی گەشەکردن لەگەڵ زانست و هونەردا، پوختە دەبێ و دەتوانێ بە پلەی کەماڵ واتە ئەقڵ و تێگەیشتن بگات. تەنیا ئێمەی ئادەمیزاد ئاواین. هێز و توانایەکانی تر، دەتوانن لە بەکارهێنانیان و توانا سروشتییەکانی دەوروبەرمان، یارمەتیمان بدەن. دەتوانین دووی هێزی پێچەوانەی یەکتر لە وتەیەکدا، بەم شێوەیە شرۆڤە بکەین: خودی ماکی مرۆیی فرەچەشن، رانەهێنراو، وەرچەرخێن[3] و ملکەچە، بەڵام ماکی ئاژەڵ، یەك جۆر، ئامانجدار و لە زۆر حاڵەتدا وەرنەچەرخێن و سەرکێشە.

---

[1]- لە دقە فارسییکەدا **جەوهەری مرۆڤە**.

[2]- Brutal Principle کە بەرامبەرەکەی بنەمای درندەییە. و/ کوردی

[3]- مەبەست ئەوەیە دەتوانێ بگۆڕدرێ لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر یا ئاڕاسەکەی بگۆڕی یا گۆڕانکاری بەسەر دابێت و/ کوردی.

کەواتە دەتوانین بڵێین: ***مرۆڤ بە شێوەی سروشتی ئاژەڵێکی ئاقڵە*** بەو مانایە کە لە ژێر کۆنترۆڵی غەریزەکان دا نییە[1].

خولیای لایەنی داهێنانی کردەوەی زمـان سـەبارەت بـە پرسـی گشـتی داهێـنانی راستەقینە، بەمانای تەواوی وشەکە، بە درێژایی قۆناغی رۆمانتیکی بەردەوامـە[2].

---

[1]- وێدەچی **هاریس** لەم باسەدا بێ هێچ بەڵگەیەك، ئەم گریمانەیە کـە نموونەیـەك لـە شـێوەی مـۆدێرنی ئـەم تیورییە، لەبەرچاو بگرێ، لەبـەر ئـەوەی مـرۆڤ توانـای هەڵبـژاردنی **زۆر رێگـای** هەیـە، کەواتـە بەتـەواوی وەرچەرخان قبوڵ دەکات، بەواتایەکی تر تا رادەیەك تواناکانی زەینی مرۆڤ کۆنترۆڵ دەکات. ئەم گریمانەیە هیچ پەیوەندییەکی نییە، بە بڕوای ئازادبوون لە فەرمانی غەریزەکان، نیازەکان، پانتاییەکی بـێ سـنووری توانـا و زانستە شاراوەکان. **هاریس** بەم گریمانە سەربەخۆیە بە تەواوی دەکەوێتە دەرەوەی بیرکردنەوەی **دیکارتی**.

هاریس لە شوێنێکی تردا، رای بە شێوەیەك دەردەبڕێ کە دەکرێ سەرنجێکی تەواو جیاوازی لێوەربگرین. ئـەو لە باسی پەیوەندی نێوان بلیمەتی داهێنەرانە و یاسـاکان (philogical Inquiries, 1780 in works vol. III)، ئەم بۆ چوونە رەت دەکاتەوە:

بلیمەتیی پێشەنگی دەزگایە، هەروەها پێشەنگی رێساکانیشە، (هەر وەك یەکـەی کـات و شـوێن لـە تیـوری نواندن دا)، لەبەرئەوەی یاساکان لە سەرەتاوە لە خۆیانەوە هەبوون، و بەشێك لەو راستییە نەگۆڕە بوون کە بـۆ هەموو کات **و شوێنێکە.(ل٤٠٩).**

بلیمەتیی و رێساکان (ئەوەندە پێکپەیوەستن کە بلیمەتیی لە یاساکان **کە نائاگایانە لە زەین دا هەن** دەگات و دواتر یاساکان فەرمانڕەوایی بەسەر بلیمەتیی دا دەکەن)

[2]- ناتوانین لەبەر نوێیی، یـا سـەربەخۆیی لـە بزوێنـەر یـا پاڵنـەرە شەخسـییەکان، **کـار** (فعـل) نـاو بنـێین (**داهێنەرانە**). کەواتە گوزارەی **لایەنی داهێنەرانەی کەڵك وەرگرتن لـەزمان**، بـێ لێکدانـەوەی تایبەتمەنـدی زمانی رۆژانە، کە **دیکارت** و **کۆردۆموا** بایەخیان پێ دابوو، زۆر گونجاو نییە.

زۆرباشە بزانین کە **گالیلۆ** دۆزینەوەی میتۆدەکانی گواستنەوەی (شاراوەترین بیرو هزرەکانی مرۆڤ بـۆ کەسـانی تر... کە بە ئاسانی لە رێگەی ریکخستنی (٢٤) نیشانەی وردەوە (ئەلفابێت)لە سەر کاغـەز ئـەنجام دەدرێ) ناوی نا گەورەترین داهێنانی مرۆڤ و، تەنیا بە شیاوی ئەوەی دەزانی لەگـەڵ دەسـکەوتەکانی **مایکـل ئانـژ** و **رافائیل تیسین** بەراورد بکرێ.

(Dialogue on the greate world system. 1630, university of Chicago press. 1953. pp116-117) گەڕانەوە بۆ کتێبی **دەستووری هاوبەشی گشتی و سەلماندن** لەگەڵ ئەم وتەیە بەراورد بکە:

تیۆرییەکانی **أ . و .شلگل** لە کتێبی **زانستی هونەر** دا لە بارەی زمانداو، لێکدانەوەیکی تایبەتی بەم دەسکەوتانە بەخشیوە. ئەو باسەکەی لە سەر زمان لێرەوە دەسپێدەکات، کە وتە پەیوەندی بە ئامانج یا بزوێنەری دەرەکییەوە نییە. وشەکانی زمان لە بێژەر و بیسەردا، وێناکردنی ئەو تۆ دەربارەی شتەکان دەخولقێنن، کە ئەوان خۆیان پەیان پێنەبردووە، بەڵکو لە ڕێگەی لێکدانەوە هەستیان پێکردووە، وەیا (*ئەم وێناکردنانە ناکرێ لە ڕێگەی هەستەکانەوە پەیان پێ ببرێ، چونکە لە دنیای روحی و مەعنەوی دا بوونیان هەیە*). هەروەها زاراوەکان دەتوانن تایبەتمەندی ئەبستراکت (رووت) و پەیوەندییە ئەبستراکتەکانی نێوان بیسەر و بێژەر، بابەت و وتە، وەیا پەیوەندی نێوان کەرەستەکانی ئاخاوتن بە گوێگر بگەیەنن. ئێمە بۆ شێوە بەخشین بە ***وێناو بیرۆکەکان*** مان، وشەی ئەو تۆ بەکاردێنین کە (*روونکردنەوە و مانای ناسك و جوانیان هەیە، تەنانەت فەیلەسوفەکانیش تووشی سەرسوڕمان دەکات*). بەم حاڵەشەوە کەسانی بێ هۆش و زانیاری، بە ئازادی کەڵك لەم وشانە وەردەگرن:

ئێمە بۆ ئاخاوتن تێکڕای ئەم وشانە لێکدەدەین. ئامانج لە وتە تەنیا ئەوە نییە، لەبارەی مەبەستی خۆمانەوە هەواڵ بە بەرامبەرەکەمان بگەیەنین، بەڵکو یارمەتی مان دەدات قووڵترین حاڵەتی سۆزداری و هەستیاری خۆمان نیشان بدەین. بەم پێیە ئێمە ئارەزووی جۆراوجۆر دەسنیشان دەکەین و بڕیارە ئەخلاقییەکانمان پتە و دەکەین، یا لەناویان دەبەین و

ئەم پێرستە سەرسوڕهێنەرە بە کەڵك وەرگرتن لە ٢٥ تا ٣٠ دەنگ، وشەگەلێکی بێ سنوور دەخولقێنێ، وشەی ئەوتۆ کە نە لێکدەچن و نە ڕێگە بە کەسانی تر دەدا رەمز و رازی تێکرای ئەوەشتەی بە دەروونماندا تێدەپەڕێ ئاگادار بن. ئەوانەی کە ناتوانن نهێنی ئەوە بدۆزنەوە، مۆڵەتی بیستنی ئەو شتانەی پەیان پێدەبەین و ئەو جموجوڵە زەینییەی ئێمە، دەستەبەر ناکەن. ت٢٧).

دەبینە هۆی ئەوەی کە بزوێنەرە هاوبەشەکان چالاك بن. ڕێگەی دەربڕین دەدەین بە گەورەترین و وردترین شت، بە سەرسوڕهێنەرترن پرسی نەبیسراو تەنانەت مەحاڵیش کە بە بیردانایات. تێکڕای ئەمانە بەهۆی سادەیی خودی زمانەوە دەردەکەون.

کەواتە تایبەتمەندی زمان بە بۆچوونی شلگل، ئازادبوونیەتی لە ژێر کۆنترۆڵی دەرەکی وەیا **ئامانجی کرداری**[1]، چونکە هەر ئەو لە شوێنێکی تردا دەڵێ: (*هەموو ئەوشتانەی لە ڕێگەی توخمی دەروونی مرۆڤەوە دەردەکەون، بە ڕاستی پێیان دەوترێ زمان*).

ویناکردنێکی ئاوا بۆ زمان، نزیکە لە هاوئاڕاستە بوونی لایەنی داهێنەرانەی زمان لەپاڵ داهێنانی هونەریدا[2]. **شلگل** بە بووچوونەکانی وەك **هێردر** و **ڕۆسۆ**، ئاوا پێناسەی زمان دەکات: (*زمان سەسوڕهێنەرترین توانای داهێنانی ئەدەبی یا شاعیرانەی مرۆڤە*. زمان و هۆنراوە ل١٤٥). زمان (*هۆنراوەیەکە لە بارەی هەموو نەوەکانی مرۆڤ، کە بەردەوام لە حاڵەتی بوون و گۆڕان دایە و هەرگیز کۆتایی نایات*. **زانستی هونەر** ل٢٢٦) بە هۆی ئەم چۆنییەتی هۆنراوەئاسابیەی، کە تایبەتمەندی کردەی ئاسایی زمانە، دەتوانین بڵێین: (*هیچ کاتێك زمان لە دۆخی شاعیرانەی خۆی دەرناچێ و، دەتوانین هەمیشە کۆمەڵێك توخم و کەرەستەی بەربلاوی هۆنراوەی تێدا بدۆزینەوە، تەنانەت ئەگەر، ئەم توخمانە، وشك و بێ*

---

[1] - Practical end

[2] - (...کە ئامرازی گواستنەوەی هونەرن، ئەو کردەوانەی مرۆڤ لە ڕێگەی ئەوانەوە، بۆچوونە دەروونییەکانی خۆی پێدەردەبڕێ. زانستی هونەر ل٢٣٠) (ئەم ئامرازانە بریتین لە زاراوەکان، ئاوازی ئاخاوتن، بزاوتی ئەندامەکان) کەواتە ئاساییە **شلگل** بەو ئاکامە بگات، کە زمان خۆی لە خویدا جۆرە شێوەیەکی نەمری هونەرە و، وێڕای ئەمە (هەر لەسەرەتای پەیدابوونیەوە، بە کەرەستەی سەرەتایی هۆنراوە دادەنرێ. زانستی هەنەر ل ٢٣٢).

گیان، ئارەزوو و گرێبەستیش بن. لە واقعی ژیانی ڕۆژانەدا زمان خێرا، بێ نێوبەند، بەکەڵك، لە ژینگەکانی چالاکی مرۆیی دا لە ئارادایە. هەمان سەرچاوە ل٢٢٨) دواتر **شلگل** دەڵێ: بەم پێیە گرفت نییە کە **بە جۆردین مۆلێر** بڵێین وتەکانت هەم پەخشانە و هەم هۆنراوە.

چۆنییەتی **هۆنراوەئاسای** زمانی ڕۆژانە، لە سەربەخۆیی و پاڵنەری بێ دابڕانەوە دێ، واتە (*جیهانیکە بە هەستە جەستەییەکانی ئێمە پەی پێدەبرێ*) هەروەها ئازادبوونە لە مەبەستە کردەییەکان. ئەم تایبەتمەندییانە لەگەڵ بێ سنووری زمان وەك ئامرازێك بۆ گوزارشت لەخۆکردن، لە ڕاستیدا هەر ئەو تایبەتمەندییانەن کە کە **دیکارت** و پەیڕەوانی دیکارت، ئەژماریان کردوون. ئیستا جێگای سەرنجە، کە لێکدانەوەی **شلگل** لەمەڕ پەیوەندی داهێنانی ڕاستەقینە، لەگەڵ ئەوەی ئێمە ناومان ناوە لایەنی داهێنەرانەی زمان، کەمێك درێژتر باسی بکەین. هونەریش وەك زمان توانایەکی بێ سنووری دەربڕینی هەیە[1]. وەلێ شلگل دەڵێ هۆنراوە

---

[1]- لە ڕوانگەی شلگلەوە (زانستی هونەر ل٢٢٥) هونەر هزرێکی بێ کۆتاییە، هەر لەبەر ئەوە ڕێرەوی هەوڵەکانی پێشبینی ناکرێ، وەلێ ئەوەی بە درێژایی کات لە هەوڵەکانی ئەم بوارە وەدی دێ و دەکرێ وەدی بێ، دیاری ناکرێ و لێکدانەوەیەکی بۆ وێنا ناکرێ، لەبەر ئەوە ناتوانین سنوورێك بۆ هوونەر دیاری بکەین، دەقی وتەکەی **شلگل** ئاوایە:

Bei Der Poeise findet e saber in noch hoherem Grade statt; denn die ubrigen doch nach ihern beschrankten Medien oder Mitteln der Darstellung eine bestimmte sphar, die sich einigermassen ausmessen lasst. Das Medium der poesie die sich einigermassen ausmessen lasst. Das Medium der poeise aber ist eben dasseble, wodurch der menschliche Geist uberhaupt zur besinung gelangt, und seine vorstellungen zu willkurlicher verknupfung und Ausserung in de gewalt bekommt; die sprache. Daher ist sie die auch nicht an gegen stand gebunden, sondern sie schafft sich die ihergen selbst; sie ist die umfassendste aller Kunste, und gleichsam der in ihnen uberall gehenwartige Unversalgeist. Dasjenige in de Darstellungen der ubrigen kunste, wasunsuberde gewohn liche wirklichkeit in eine welt der phantasie

بارودۆخێکی تایبەت بەخۆی هەیە. هۆنراوە بە واتایەك، بنەمای هونەرەکانی ترە و، خۆی خاوەنی شێوەی بنەڕەتی و هونەری تایبەتییە. وەلێ کاتێك لەم تایبەتمەندییە دەگەین، کە زاراوەی شاعیرانە بۆ نیشاندانی چۆنییەتی واقعی داهێنەرانە، لە هونەرەکانی تر دا بەکاردەهێنین. هۆی بەناوندبوونی هۆنراوە لە ناو هونەرەکانی تردا، کەڵك وەرگرتنە لە زمان. هۆنراوە بابەتێکی تایبەتە، چونکە ئامرازەکانی ئازاد و بێ سنوورن. ئامرازەکانی هۆنراوە: مانای زمان، سیستمێکی خاوەن توانای شاراوە بۆ داهێنان لە ڕێکخستن و دەربڕینی بیرو باوڕەکان. هەر بەرهەمێکی هونەری، دوای چالاکییەکی داهێنەرانەی زەینی هەوێن دەکرێ، کە ئامرازەکەشی لە زمان پێکهاتووە. کەواتە هۆنراوە هەمان کەڵك وەرگرتنی داهێنەرانەیە لە زمان، لە لایەکی تر، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو بوارەی هەوێنی دەکا، دەبێتە بنەمای هەر خەیاڵێکی داهێنەرانە. بەم پێیە هۆنراوە لە ناو هونەرەکاندا دۆخێکی تایبەت وەخۆ دەگرێ و هەر جۆرە داهێنانێکی هونەری،

---

erhebet, nennt man das poetische in ihen; poesie bezeichnet also in diesem sinne uberhaupt die kunstlerische Erfindung, den wunderbaren Akt, wodurch dieselbe die nature bereichert; wie der Name aussagt, eine wahre Schopfung und Hervorbringung. Jeder ausseren materiellen Darstellung geht eine innere in dem Geiste des Kunstlers voran, bei welcher die sprache immer als vermittlerin des bewusstseins eintritt, und floglich kann man sagen, dass jene jederzeit aus dem schosse der poesie her vorgeht. Die sprache ist ein product der nature, sondern ein Abdruck des menschlichen Geister der darin die entstehung und verwandtschaft seiner Vorsteellungen und den ganzen Mechanismus seiner Operationen niederlegt. Es wird also in derpoeise scon Gebildetes wieder gebildet; und die Bildsamkeit ihers organs ist ebenso grenzenlos als die Fahigkrit des Geistes zur Rukkehr auf sich selbst durch immer hohere potenziertere Reflexionen.

پەیوەندی بە لایەنی داهێنەرانەی زمانەوە هەیە[1]. ئەم خاڵە لەگەڵ سێهەمین خاڵی هێزی ئاقڵمەندیە لە بیروباوەڕەکانی **هوارتە** دا).

شلگل، زمانی مرۆڤ و ئاژەڵ بە هەمان ڕێبازی دیکارتی لێکجیا دەکاتەوە. ئەو پێیوایە کە ناکرێ توانایی زمانی مرۆڤ، بە تەنیا بۆ حاڵەتی ئەندامەکانی بگێڕینەوە:

جۆرەها ئاژەڵ بە رادەیەکی دیاری کراو لایەنی هاوبەشیان لەگەڵ مرۆڤدا هەیە، دەتواونن لانیکەم بە شێوەی میکانیکی فێری ئاخاوتن بن. لە راستیدا ئاژەڵ لە رێگەی پێویستی و دووبارە بوونەوەی رۆژانە، بزوێنەرێك بۆ جموجوڵێکی دیاری کراوی ئەندامەکانی دەخاتە گەڕ، وەلێ ئەمانە هەرگیز وشەی فێرکراو بە شێوەی سەربەخۆ بەکار ناهێنن، تا ئاماژەی پێ بەشتێك بکەن (رەنگە بە رواڵەت وا دەرکەوێ). لە ئاکامدا زمانی ئەوانە زمانی خۆیی و واقعی نییە بۆ ئاخاوتن، بەڵکۆ جۆرێکە لە دەرهێنانی دەنگ کە لە دەزگای دەنگەوە دێتە دەرەوە. (ل٢٣٦)

ناتوانین کارایی زەینی مرۆڤ و ئاژەڵ پێکەوە بەراورد بکەین. ئاژەڵەکان بە واتا مرۆییەکەی، لە جیهانی پێداویستییەکانیاندا دەژین، نەك لە جیهانی بابەتەکاندا. (*دەتوانین تا رادەیەك هەمان لێکدانەوە بۆ منداڵان بکەین*)، چونکە لەسەر ئەم

---

[1]- بۆ بەدواداچوونی پتر لە مەڕ چییەتی و سەرچاوە و کەشەکردنی **تیوری جوانناسی ڕۆمانتیك**، بڕوانە:
M. H. Abrams, The merror & The Lamp, Oxord University Press (1953).
باسێك لە بارەی فەلسەفە و زماندا لە روانگەی رمانتیکییەوە، لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەد گونجێنراوە:
E. Cassirer, The philosophy of Symbolic Forms (1923, English Tranlation, Yale University Press. 1933)
هەروەها بڕوانە:
E. Fiesel, Die Sparchphilosophie der deutschen Romantik. Tubingen Verlag. Von. J. C. B. Moher (1927)

بنەمایە دەتوانین، شێواوی و پچڕپچڕی تەنانەت زیندووترین یادگارەکـانی منـداڵی روون بکەینەوە). بە رای **شلگل بەسترانەوی ئاژەڵی**[1] بە تەواوی لەگەڵ **خۆپەسندیی مرۆیی**، واتە بنەمای **ئیرادەی ئەقڵانی** کە روونکەرەوەی ژیانی مرۆییـە، دژپـێکن. ئەم بنەمایەیە دەبێتە بناغەی زمانی مرۆڤ و، دەگا بە هاوئاهـەنگی و یەکییـەتی لە تاقیکردنەوەکاندا و کاریگەروەرگری ئاگایانە (*کە پێویستی بە چـەند نیشـانەی زەینی هەیە*) و نیازەکان و توانا تایبەتییەکانی مرۆڤ. (*لـەپاڵ ئـەوەدا ئێمـە ئـەوە شتە بە زمان باس دەکەین، کە ناتوانین لە ئۆرگانـە هەسـتییەکاندا دەری بـبڕین*). سەرئەنجام زمانی ئێمە زمانێکە کە ئامانجـە بنەڕەتییەکـەی (**جوڵانـدنی** *ئەنـدامی هزرە، واتە ئەو راگەیاندنەی خۆی دەگاتە زەین) و ئامانجی* **پەیوەندی کۆمەڵایەتی**[2] *زمان تەنیا ئامانجی لاوەکییە*. ل**٢٣٧** تا **٢٤١**).

جەخت کردنەوەی **دیکارت**، لەسەر رۆڵی داهێنەرانەی کەڵك وەرگرتن لە زمان، لـە پلەی تایبەتی سەرەکی و جیاکەرەوەی زمانی مرۆڤ، لە هەوڵەکانی **هامبۆڵت** دا بۆ تۆمار کردنی تیۆرییەکی گشتی و تۆکمە لەمـەڕ زمـان، بـە باشـی نیشـاندراوە[3].

---

[1] - animal dependency

[2] -social communication

[3]- بە شێوەیەکی دیاری کراو لەم کتێبەی خوارەوەدا، کە لەساڵی ١٨٣٦ دوای مردنی بڵاوکراوەتەوە:
Uber die Verschiedenheit des Menschlichen Spraschbaues
چاپێکی تری لە ساڵی ١٩٦٠ بڵاوکرایەوە: (F. Dummmlers Verlag, Bonn) ژمارەکەی لاپەڕەکانی کۆتاییە. چەند بەشێك لەم کتێبە لە کتێبـی **کـوان** دا (Humanist, without portfolio, Ditroit, Wayne State University Press, 1963) وەرگێڕدراوە بۆ ئینگلیزی. شرۆڤەو وەرگێرانـی تـەواوی ئەم کتێبە لە لایەن **ویرتل** ئەنجام دراوە. بوارەکانی تیورییەکانی **هامبۆڵت** لە نامەی دکتۆرای چاپ نـەکراوی. ل. **براون** (Some Sources and Aspects of Wilbelm von Humboltdts Conception of Linguistic Reletivity) لە زانکۆی **ئیلینویز** (١٩٦٤) تاوتویێ کراوە.

هامبۆڵت لە تیورییەکەی خۆی دا زمانی بە جۆرێك **چالاکی** داناوە، نەك (**دەسکەوتێکی بەرهەمهاتوو**)[١]، هەروەها بە جۆرێك **وەدیهێن** دەزانێ، نەك **بەرهەمی بێ گیان**[٢]، وە بە هەمان رێبازی ئاسایی زمانناسی دیکارتی و **تیۆری جوانیناسی**[٣] و فەلسەفەی رۆمانتیك، زمان شرۆڤە دەکات. بە رای هامبۆڵت تەنیا پێناسەی راستی زمان ئەمەیە کە بڵێین **چالاکیەکی بەرهەمهێنە**[٤]، واتە (*لە راستیدا کارێکی بەردەوام و دووبارە کراوەی روحی*)یە[٥]. فاکتەرێکی نەگۆڕ و

بلۆمفیلد نامەکەی **هامبۆڵت** بە (یەکەمین گەروە کتێب لە بارەی زمانناسی گشتی دا. زمان ل١٨) دادەنێ.بە سەرنجدانە ئەو ئەو بوارەی کە ئێمە لێرەدا خستومانەتە ژێر باس و لێکۆڵینەوە، وێدەچێ ئەم نامەیە خاڵی کۆتایی زمانناسی دیکارتی بێ، نەك دەسپێکی قۆناغێکی نوێی بیرکردنەوەی زمانناسی. بۆ لێکۆڵینەوە لەمەڕ **زمانناسی گشتی هاوبەش ی هامبۆڵت** و، پەیوەندی لەگەڵ بەرهەمەکانی سەدەی دواتر و، دەرکەوتنەوەی دووبارەی ئەو بابەتە لە توێژینەوەکانی هاوچەرخ دا، لەمەڕ زمان و مەعریفە، بڕوانە:

Chomsky, Ccurrent Issues in Linguistic Theory.

[١]- باوەڕناکەم ئەم چەمکانەی **هامبۆڵت** بە تەواوی روون بن، من لێرەدا تەنیا لە لایەنێکی دەکۆڵمەوە. لەبەر ئەوەی، دەقەکە تەنیا یەك لێکدانەوەی تاك لایەنەی ئەم چەمکانە بە شێوەیەکی روون دیاری دەکات، زۆر روون نییە. لەگەڵ ئەوەشدا باشترە بەو ئاکامە بگەین کە ئەوەی لێرەدا دەخرێتە روو، لانیکەم یەکێکە لە بۆچوونە سەرەکییەکانی بیرکردنەوەی **هامبۆڵت**. من بۆ زۆربەی راو بۆچوون و پێشنیارەکانی لێکدانەوەی دەقەکە خۆم بە قەرزاری **ج. ویرتل** دەزانم.

[2] -lifeless product

[3] -aesthetic theory

[4] -productive activity

[٥]- بە بۆچوونی هامبۆڵت، بە **بەرهەمهاتوو** زانینی زاراوەیەکی زمان، مانای گێڕانەوەی ئەو زاراوەیە بۆ سیستمی توخمەکانی ژێرساز، کە لێوەی بەرهەمهاتووە، ئەو توخمانەی کە دەکرێ بە کەڵك لێوەرگرتنیان، ژمارەیەکی زۆر زاراوەی تر، هەر لەسەر ئەو ریسایانە دروست بکرێ. لەم لێکدانەوەدا کە زاراوە **بەشتێکی بەرهەمهاتوو** لەبەرچاو دەگیردرێ و بە هۆی زمانەوە پەی پێدەبرێ، نەك بەهۆی پرۆسەی بەراوردکردن لەگەڵ **تواناو هەستە ئاژەڵییەکان**. لە لاپەڕە ٧١ ئەم دەقە دەخوێنینەوە:

تەنیا، ژێرخانی ئەم **چالاکیە روحیەیە**[١] هەر ئەم فاکتەرەیە کە هامبۆڵت ناوی دەنێ **شێوەی زمان**[٢]. تەنیا یاسا نەگۆڕەکانی زمان، **یاساکانی بەرهەمهێنن**[٣]. پانتایی و ئەو شێوەی کە پرۆسەکانی بەرهەمهێن بۆ بەرهەمهێنانی وتە (*یا پەی بردن بە وتە*

ئێستاکە ئەوەی لە بنەڕەتدا بە **بەرهەمی** زمانی ئەژمار دەکرێ... ئەمەیە: کە زاروە بە شێوەی راستەوخۆ وەك بەشێك لە گشتی بێ کۆتایی، واتە زمان، دەردەکەوێ. لەبەر ئەوەی لەم رێگایەوە بۆ تاك تاکی زاراوەکان ئەم زەمینەیە دەخولقێ، بۆ ئەوەی لە توخمەکانی ئەم بەرهەمە، کۆمەڵێکی نادیار زاراوەی تر لە سەر بنەمای هەست و رێسا دروست بکرێ و، لەنیوانیاندا جۆرێك پەیوەندی، هاوەرێکی پەیوەندی گشتی نێوان چەمکەکان، سەرهەڵبدا.

ئەو دواتر ئەم مانایە پتر روون دەکاتەوە و ئاماژە بەوە دەکات، زمان تەنیا پرۆسەی بەرهەمهێنە، کە لە زەین دا پەسند دەکرێ و ناتوانین بە شێوەیەکی تر دەریبخەین. ناکرێ زمان بە گشتێکی دیاریکراو بچوێنین، بەڵکو زمان دیاردەیەکی بەرهەمهێنە، کە رێساکانی بەرهەمهێنانی تێدا حەشار دراوە، هەرچەند سنووری ئەم بەرهەمهێنییەش بە تەواوی نادیار ماوەتەوە.

ئەم وتانە لەگەڵ پێناسەی **بەرهەم** لە روانگەی شلگل دا بەراورد بکە (زانستی هونەر ل٢٣٩)

بەرهەمهێنانی گوتار (هەروەها پچڕانی ئاخاوتن)، لە جوڵەی دەسکرد و کاریگەری ئەندامەکانی ئاخاوتن دا شاردراوەتەوە. کەواتە لەگەڵ کردەوەکانی هاوشێوەی زەین هەمنەوایە. ناوبراو دەڵی، زمانی بەرهەماتوو، جیاوازە لەو دەنگە هەستییانەی ئاژەڵەکان و ناکرێ لەسەر لاسایی کردنەوەی کوێرانە دروست بکری، بەڵکو پێویستی بە چەند بنەمای نوێ هەیە. (بڕوانە یاداشتی ژمارە ٣٠)

[1] - mental labour

[٢]- language form بڕوانە لاپەڕەی ٥٨:

Das in dieser Arbeit des Geistes, den artiulirten Laut zun Gedankenauedruck zu erheben, liegende Bestandige und Gleichformige, so volstandig , als moglich, in seinem Zusammenhange aufgefasst, und systematisch dargestellt, macht die Form der Sprache aus.

وادێتە بەرچاو، (شێوەی زمان لە روانگەی هامبۆڵت) ەوە هەر لە سەر ئەو شتە بێت، کە ئەمڕو لە فراوانترین واتای خوی دا ناوی دەنێین (دەستووری بەرهەمهێن). بڕوانە لاپەڕەکانی ٤٣ت ٤٥ی ئەم کتێبە.

[٣]- مەبەست ئەو یاسایانەن کە وشە، زاراوە و رستە بەرهەمدێنن کە پێیان دەوترێ (Generative linguistic rules)

که هامبۆڵت لەگەڵ کردەی زمانی تا رادەیەك بەیەکسانیان دەزانێ) بەکاری دێنێ بە تەواوی نادیارن).

چەمکی شکڵ، **ڕێساکانی وتە ڕێکخستن**[١] و ڕێساکانی **زاراوەسازی** و هەروەها یاساکانی شێوەدان بەو چەمکانە دەگرێتەوە، کە چینی **زمانە بنەماییەکان** دیاری دەکات.(ل ٦١). بە پێچەوانەوە، ماکی زمان، **کەرەستە** و ئاوا یا دەنگی بەرهەم نەهاتووە (ل٦١). شێوەی زمان پێکهاتەیەکی ڕێکخراوی هەیە، تاك توخمەکانی وەك بەشی لیکجیا نین، بەڵکو تا ئەو شوێنەی **میتۆدەکانی پەروەردەی زمان**[٢] ڕێگە بدەن، لەگەڵ یەکتر ئاوێتەیان دەکات. (ل٦٢).

ئەو میکانیزمە نەگۆڕانەی لە ڕەنگدانەوەی ڕێکخراو و هاوئاهەنگی خۆیاندا، شێوەی زمان دروست دەکەن، پێویستە وا لە زمان بکەن بتوانێ تا پانتاییەکی بێ سنووری کردەی گوفتاری بەرهەم بێنێ، کە هاووێنە بێ لەگەڵ ئەو هەل و مەرجانەی بە هۆی پرۆسەی بیرکردنەوە هاتوونەتە ئاراوە. پانتایی زمان بێ سنوور و بێ لیوارە، (*هەرشتێك دەگرێتەوە کە وێنا بکرێ، ل.١٢٢*)[٣]. لە ئاکامدا، دەبێ تایبەتمەندی بنەڕەتی زمان، بۆ کەڵك وەرگرتن لە چەندین میکانیزمی دیار و دیاری کراو، لە بارودۆخی پیشبینی نەکراو دا، توانای بێ سنووری هەبێ. (*پێویستە زمان بە ئامرازی دیاری کراو، کارایی بێ سنوور بدا بەدەستەوە و، بتوانێ لە ڕێگەی تاکە پێناسە هێزی بیرکردنەوە و زمان، ئەم کارە ئەنجام بدات. ل١٢٢*).

---

[1] -rules of speech articulation”

[2] – method of language formation

[٣]- واتا بە بیر دابێت. و/کوردی.

لەسەر بنەمای رایەکانی **هامبۆلت**، تەنانەت ناتوانین زاراوەکانی زمان بە کەرەستەیەکی خۆشکراو، زیندو و ئامادە لەقەڵەم بدەین. جگەلە رۆنانی زاراوەی نویٚ، تەنانەت کەڵك وەرگرتن لە زاراوە بە هۆی بیٚژەر یا بیسەرەوە، لە راستیدا (*بەرهەمهیٚنانی پوختە و کامڵ، هەروەها بەرهەمهیٚنانەوەی هەمان توانایی پیٚکهیٚنان و دروستکردنی زاراوەکانە. ل١٢٥-١٢٦*). ئەم وتەیە، هەم لە بارەی شکلگرتنی زمانی سەرەتایی منداڵان، هەمە لە بارەی مەودای ئەنجامدانی کاری رۆژانەدا، راستە). بەم پیٚیە ئەو زاراوەکان بە پیٚرستیٚك نازانیٚ، کە بە یادگە سپیٚردرابن و لە کاتی کەڵك وەرگرتن لە زمان، زاراوەی لیٚ دەربیٚنیٚ. (*ئەگەر دەروونی مرۆڤ بە شیٚوەی غەریزی، خودی کلیلی رۆنان و پیٚکهیٚنانی زاراوەکانی نەبیٚت، ئەوا یادگەی هیچ مرۆڤیٚك بەشی ئەو پیٚرستە ناکات*). **هامبۆلت** پیٚی وایە، زاراوەکان لەسەر بنەمای یاساکانی بەرهەمهیٚنی تایبەت هەڵدەبژیٚدرین، کە جۆری تایبەتی ئەو زاراوانە لە بارودۆخی دیاری کراودا دیاری دەکا و ریٚکیان دەخات. لە سەر ئەم گریمانە بوو کە ناوبراو بۆچوونە بە ناوبانگەکەی دامەزراند: چەمکەکان لەسەر بنەمای **ناوەندەکانی مانا**[1] ریٚکدەخریٚن و **بەهای** خۆیان لە سەر ئەو پەیوەندییە دیاری دەکەن، کە ئەم سیستمە مانایییە پیٚیان دەبەخشیٚ.

وتە ئامرازی بیرکردنەوە و **خۆکردە**[2] و رۆڵیٚکی **هەمیشەیی** و **بنیاتنەر** دەگیٚڕی، لە دیاری کردنی چۆنییەتی پرۆسەی مەعریفەی زمان، هەروەها **هیٚزی داهیٚنەری**[3] **بیرکردنەوە** و **جیهانبین** ی ئەو، هەمان رۆڵ دەگیٚڕیٚ لە **پەیوەندی هزری** ئەودا.

---

[1] -semantic fields

[2] -self-expression

[3] -world view & creative power

(ل٥٠). بە گشتی، زمانی ئادەمیزاد گشتێکی ڕێکخراوە، شوێنەکەی دەکەوێتە نێوان مرۆڤ و(*سروشتی دەروونی دەرەکی کاریگەر لەسەر ئەو، واتە مرۆڤ*).

هەرچەندە زمانەکان تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە، کە دەتوانین بە زادەی زەینی مرۆڤی بزانین، وەلێ هەر زمانێك**جیهانبینی**[1] و ڕوانگەی تایبەت بە تاکی خۆی دێنێتە ئاراوە. **هامبۆڵت** بە گێڕانەوەی ئەم ڕۆڵە بۆ زمانە جیاوازەکان، لە تێڕوانینی **دیکارت** دوور دەکەوێتەوە و، ڕوانگەیەك هەڵدەبژێرێ کە لە بنەڕەتدا ڕۆمانتیکییە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، کاتێك هامبۆڵت دەڵێ: (*مرۆڤ خاوەنی دنیای دەنگ و دنیای بابەتەکانە، کە تێگەیشتن لە چەمکەکان، دەرئەنجامی هاوکاری و پێکەوە گونجانی جیهانی دەنگ و جیهانی بابەتەکانە. ل٧٠*) و مادام لە بنەڕەتدا زمان بە ئامرازی بیرکردنەوە و خۆدەربڕین دەژمێرێ، نەك سیستمێکی پڕاکتیکی بۆ پەیوەندی، وەك زمانی ئاژەڵ، لە چوارچێوەی بیرکردنەوەی دیکارتی دا دەمێنێتەوە. لەسەر ئەم بنەمایە زمان تەنانەت لە سەرتای بوونی دا (*بە شێوەیەکی بێ سنوور و خۆی بۆ خۆی، تێکڕای بابەتەکانی تێگەیشتنی ڕێکەوت و هەستپێکراو و دەروونی، دەگرێتەوە. ل٧٥*). بەم پێیە، **هامبۆڵت** ئەم بڕوایە کە زمان زادەی نیازی مرۆڤە بۆ هاوکاری کردن، بەهەڵە دەزانێ (*مرۆڤ ئەوەندەش پێویستی بەزمان نییە، چونکە دەنگی ئەداکراو دەتوانی بۆ یارمەتی بەرامبەر بەس بێی. ل٧٥*). بە دڵنیاییەوە زمان خاوەنی کارایی پڕاکتیکییە، وەك ئەو کاتەی کەسێك فەرمان دەدا درەختێك ببڕدرێتەوە و (*لەو درەختە بەولاوە بیر لە هیچ شتێکی تر ناکاتەوە، چونکە زاراوەکە دەلالەت لە درەختەکە دەکات.*

---

[1] - thought world

ل٢٢٠). بەڵام هەر ئەم زاراوانە ئەگەر لـە هۆنراوەیەکـدا بـۆ باسـکردنی سروشـت بەکار ببرێن، رەنگە بایەخی چەند ئەوەنـدەیان هـەبێ، چـونکە بـۆ ئـامراز یـا بـۆ کاردانەوەیەك بە کار ناهێنرێن. زاراوەکان تەنیا *(لەگەڵ یـەك چـالاکی دەروونـی و شێوەی تاکلایەنە و بۆ خزمەتی ئامـانجێکی دیـاری کـراو کـەڵکیان لێوەرنـاگیرێ، بەڵکودەگەڕێنرێنـەوە بـۆ شـێوەی سـەرەتایی (ل٢٢١)*. تـەنیا لـەم بارودۆخـەی دواییدایە کە تێکڕای تواناکانی زمان، لە شکلگیری یا لێکدانەوەی گوتـەدا بـەکار دەبرێن و، هەموو لایەنەکانی زاراوەکان و پێکهاتە دەسـتووری یـەك گوتـەزا، لـە لێکدانەیەوەیدا دەور دەگێڕن. کەڵك وەرگرتنی پڕاکتیکی لە زمان، تایبەت بە هیچ زمانێکی مرۆیی واقعی نییە، بەڵکو ئەوە تایبەتمەندی ئەو دەزگایانەن کە زیـادە و ساختەن[١] .

هامبۆڵت بە خستنە رووی چەمکی **شێوەی زمان**[٢] لە پلەی سەرەکی **بەرهەمهێن** و نەگۆڕ و گۆڕانهەڵنەگر، لە زەمینەی دیاری کردنی پانتایی، هەروەها دیاری کردنـی ئەو ئامرازەی بـۆ کـردەی **داهێنەرانـە** و بـێ سـنووری کـەڵك ورگـرتن لـە زمـان پێویستە، هاوکارییەکی مەزن و بێ وێنە بە تیۆری زمانی دەکات، یارمەتییەك کە بە داخەوە تا ئەم قۆناغـانەی[٣] دوایی نەناسراومایەوە و کەڵکی لێوەرنەگیرا. کاتێـك

---

[١]- بۆ نموونە دەتوانین زمانەکانی نێوان کەناراوەکانی دەریای سپی ناوەڕاست ناوبەرین، کە لـە رووی سیسـتمی پەیوەندی ئاژەڵانەوە یا گەمە زمانییەکان، لەو جۆرەی **بلۆمفیلد** و **ڤینگشتاین** و زۆری تریش باسیان دەکەن و لە ریزی **شێوەی زمانە سەرەتاییەکان** یان دادەنێن.

[2] -form of language

[٣]- لە روویی شوناسایی بارودۆخی تایبەتی یـەك زمـان، لـە ئاسـتی بابـەتی لێکدانـەوە لەگـەڵ **واقعییـەتی دەروونی**، ئیمە لە روانگە و بۆچوونەکانی **هامبۆڵت** دوور دەکەوینەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی پێناسەیەکی روون، بۆ پەیوەندییەکانی **هاوکاتی** و **ناوکاتی** نادەن بە دەستەوە.

دەتوانین پەی بە چۆنییەتی دەسکەوتەکانی **هامبۆڵت** ببەین کە بەراوردیان بکەین لەگەڵ چەمکی **شێوە** لە کتێبێکی وەك کتێبی **هۆرمز** دا (١٧٥١) کە **هاریس** نووسیویەتی. بە بۆچوونی **هاریس** زمان بریتییە لە کۆمەڵێك زاراوە کە ماناکانیان (*ئەو چەمکانەی وشەکان هێمایانن*)، شێوەی زمانی و دەنگەکانیان، ماکی زمان پێکدێنن. بۆچوونی **هاریس** لەمەڕ **شێوە** لەسەر نموونەی کلاسیکی دروست و رێك و پێك کراوە. ئەم نموونەیە لەسەر **شێوەی** دەرەوە و رێکخستن دامەزراوە. بەڵام **هاریس** هەرگیز ناڵێ باسکردنی **شێوەی** زمان پێویستی بە شتێکی پترە، لە دیاری کردنی توخمەکانی و، پەیوەندی **نێوان توخمەکانی**[1] لەگەڵ توخمەکانی **دەربڕین** دا. بە واتایەکی تر، ئەو هیچ نیشانەیەك لەمەڕ تێگەیشتنی بۆچوونی هامبۆڵت نادات بەدەستەوە، لەسەر ئەوەی کە زمان لە زۆر **ئۆرگانی نموونەدار**[2] پێکهاتوو لە جۆرەها توخم بەولاوە ترە و، بۆ باسکردنی دەبێ پەیوەندییەکانی ئەم توخمانە، لەگەڵ دەزگای تایبەتی بنەما بەرهەمهێنەکان، دیاری بکرێ. ئەم **بنەمایانەی بەرهەمهێنی زمانی**[3]، یەك یەك توخمە زمانییەکان و پەیوەندیی نێوانیان، دیاری دەکەن و، دەبنە هۆی فرەجۆری بێ سنووری ئەو کۆمەڵە ردە زمانییەی، کە دەکرێ هەرکامێکیان بە شێوەیەکی مانادار ئەنجام بدرێ[4].

[1] -content elements

[2] -patterned organization

[3] -Linguitic creating principles

[4]- **هاریس** لە کتێبی **هۆرمز** دا لە زمان **ئامۆنیس**ەوە، کە **بزوتن** بە **سەما** و **تەختە** بە**دەرگا** و، هێزی بەرهەمهێنانی دەنگسازی ئاخاوتن (وەك بنەمای مادی گوتار)، بە (بە واتای خۆمانە بە کەڵك وەرگرتن لە **ناو** یا **کار** (فەرمان))، دەبەستێتەوە (کە وەك شێوەکەی لە روحی تەنیای ئادەمیزادەوە سەرچاوە دەگرێ، هەروەك چۆن بنەمای مادی لە سروشتەوە دێ)، بە ئەگەری زۆر لە چەمکی شکڵی **هامبۆڵت** نزیك دەبێتەوە. بڕوانە پەراوێزی کۆمەڵە بەرهەمەکانی **هاریس** بەشی **یەك** لاپەڕە ٣٩٢.

له کاتی خستنه رووی بۆچوونی **هامبۆڵت**، لەمەڕ **شێوەی زمان**، ناکرێ زەمینەی پێشووی باسە فراوان و قووڵەکانی سەردەمی ڕۆمانتیکی لەبەرچاو نەگرین، لەمەڕ جیاوانی نێوان **شێوەی میکانیکی** و **شێوەی ئۆرگانیکی** زمان. أ. و. شلگل بەم شێوەیە باسی ئەم جیاوازییە دەکات:

شێوە، کاتێك بە هۆی هێزی دەرەکییەوە و بە تایبەتی بەهۆی زیادبوونی بە ڕێکەوت و بێ گەڕاندنەوە بۆ چۆنیەتییەکەی، دەبێتە بەش لە شتێك، ئەوا پرسێکی میکانیکییە، وەك ئەوەی کاتێك شێوەیەکی تایبەت بە تەنێکی نەرم دەبەخشین و ئەو تەنە دوای رەق بوون، ئەو شێوەیە دەپارێزێ، شێوەی ئۆرگانیش زاتییە، و لە ناوەوە دەردەکەوێ و هاوکات لەگەڵ کامڵبوونی تەنەکە بە پلەی پێگەیشتنی خۆی دەگات.

کۆلریج بەم شێوەیە باسی هەمان بابەت دەکات:

کاتێك دەتوانین شێوە بە شتێکی میکانیکی لەقەڵەم بدەین کە شێوەیەکی پێشوەخت دیاری کراو بە تەنەکە بدەین. ئەم شێوەیە لە ریشەی تایبەتمەندییەکانی تەنەکەدا نییە، وەك ئەوەی کاتێك ئێمە شێوە بە تۆپەڵە قوڕێك دەبەخشین و دواتر قوڕەکە وشك دەبێتەوە ئەم شێوەیە

هاریس لە شوێنی تردا دەربارەی بابەتێکی تر، واتایەکی تر بۆ **شکڵ** دەردەبڕێ کە لەوەی پێشوو کامڵترە. ناوبراو چەمکی **شێوە** لە ئاستی (بنەمای گیان بە بەرداکردن) دەخاتە روو: (شکلی گیان بەبەرداکەری شتێکی سروشتی، ئۆرگانەکەی نییە، رواڵەتەکەی یا هیچ کامیان لە شکڵەکان کەمتر نین، کە لایەنەکانی دەخولقێنن تا شیاوی دیتن بن، بەڵکو هێزێکە نەئۆرگانە و نەشکڵ و نەهیچ تایبەتمەندییەکی تر، وەلێ دەتوانێ دروستیان بکا، بیانپارێزێ و بەکاریان بێنێ. philosophical arrangement (1775, Works vol. II. P.59)

دەپارێزێ. لەلایەکی تر، شێوەی ئۆرگانی زاتییە، چونکە لە ناوەوەدا بەرفراوان دەبێت و کامڵ بوونە دەروونییەکەی، هاوکات لەگەڵ شێوەی دەرەوی دا بە ئەنجام دەگات، مانای ئەوەیە شێوە وەك ژیان وایە، سروشت داهێنەرترین هونەرمەندە و گەلێك هێزی جۆراوجۆری لەبەردەست دایە. سروشت لە رووی شێوەپێدانیش خاوەنی داهێنانێکی بێ سنوورە - هەر رواڵەتێك نیشاندەری بوونێکی دەروونییە - ئەو رواڵەتە وێنەیەکی راستەقینەیە کە لە ئاوێنەیەکی قۆقزەوە دەردێتە دەرەوە[1].

ناوەرۆکی وتەی هەردووکیان ئەمەیە، کە چۆن یەك یەکی کاری داهێنەرانە بە یاسا و بڕیارەکان دیاری دەکرێن. چەمکی **شێوەی ئۆرگانیك**ی زمان بە رای هامبۆڵت بەرهەمی ئاسایی تاوتوێ کردنی شکڵی میکانیکی و ئۆرگانییە، بە تایبەتی بە لەبەرچاو گرتنی ئەو پەیوەندییەی، لە نێوان داهێنانی هونەری و لایەنی داهێنەرانەی کەڵك وەرگرتن لە زمان دا هەیە[2].

---

1 -Lectures and Notes of 1818" in T. Ashe (ed), Lectures and notes on Shakespeare and other English Poets, George Bell & Sons (1893) p. 229. "

هەندێك لە بۆچوونەکانی **کۆلریج** لە بارەی چییەتی زماندا، لەرووی جەخت کردنەوە لەسەر هێزی شاراوەی داهێنەر لە سنووری یاساگەلی دیاریکراودا، بەسەرکردنەوەی تێبینییەکانی **هامبۆڵت**ە لەسەر زمان. ئەو هەر لەو وتارەدا نکۆڵی لەوە دەکا کە بلیمەتی لەگەڵ **یاسا**دا ناکۆکە و دەڵێ: (هیچ کارێکی بەراستی بلیمەتانە، بە دوای شکڵی گونجاوی خۆیەوە نییە.)، **(بلیمەتی** ناتوانێ بێ **یاسا** بێ- چونکە هەر ئەمەیە کە دەبێتە هۆی بلیمەت بوون - هێزی کاری داهێنەر لە ژێر کۆنترۆڵی چەند یاسایەکە کە رەگ و ریشەی لە ناوخۆی دایە).

هەروەها لە شوێنێکی تردا دەڵێ: وەك ئامێری مۆزیکی هەواییە و، تەنانەت وەك ئۆرگیش نییە تابتوانین لە دەم رووباریك هەردەنگێك بمانەوێ دەربیبێنین، بەڵکو تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە شتومەکەوە هەبێ، لە کەمان یا سازێکی تر دەچێ بە چەند تارێکەوە، کە ژەنیاری لیهاتوو دەیژەنێ. وەرگیراوە لە:

R. Wellek Kant in England, Princeton University Press 1931, p 82.

بۆ زانیاری پتر بڕوانە: **ئابرامز** هەمان سەرچاوە.

2- دەبێ ئاگادار بین، وێدەچێ ئەم باسەبە شێوەیەکی دیاریکراوە لە نامەکانی نێوان **هامبۆڵت** و **شلگل** دا هاتبێ. بڕوانە:

وێکچوونی **شکڵی ئۆرگانی** زمان، لە بۆچـوونەکانی هامبۆڵـت دا و تیـۆری کـۆنی **گۆتە** لەمەڕ **شێوەی بونیادین**[١] لە زیندەوەرناسی[٢] دا زۆر جێگای سەرنجە. چەمکی

A. Leitzmann (ed), Briefwechsel, zwischen W. von Humboldt und A. W. Schlegel (1908)

ئەم نووسراو گۆڕینەوانە، زۆر بابەتی میکانیکی و ئۆرگانیك دەگرێتەوە، بەڵام لە زەمینەیەکی تر دایە، مانای لە بارەی پەیوەندی نێوان گەردانگردن و چوونە پاڵ، وەك پرۆسەیەکی زمانی. ئەمـە بابەتێکـە بـە وردەکـاری زۆرەوە لەم کتێبەی هامبۆڵت دا نوسراوە:

Uber die Verschiedenheit des menschlichen Sprachbause.

ئەم پرسیارە کە شکڵی زمان چۆن لە کردەی تاکانەی داهێنەرانەوە سەرچاوە دەگرێ، و دیاریشی دەکات، لـەم قۆناغەدا پرسیارێکی نائاسایی نییە. بۆ نموونە کۆڵریچ دەڵێ: (زمان کردەیەکی سەیری مێژووییە لەزەینی تاك و تەنیادا، کە لەگەڵ زەینی هاوبەشی یەك وڵات تێکەڵ بووە... و شێواوی خـۆی گۆڕیـوە بـۆ هاوئاهـەنگی و گونجان.) وەرگیراو لە:

A. D. Snyder, colridge on Logic and Learing, Yale Univ. Press (1929) p. 138.

[1] -Urform" in biology

[٢]- بایەخ و شوێنی ئەم چەمکە لەم دوو کتێبەی خوارەوەدا باسکراوە:

R. Berthelot, Science et philosophie chez Goethe, Paris. F.Alcan (1932); and R. Magnus, Goethe als Naturforscher, Leipzig, Barth (1905), translated by H. Norden, Henry Schuman Inc. New York (1949).

هەروەك هەمووان دەزانن، چەمکی **شکڵی ئۆرگانی** لە زیندەوەرناسی و فەلسەفەدا، هەروەها لـە رەخنەشـدا، هەر لەم قۆناغەدا پەرەسندە کە هەنووکە تاوتوێی دەکەین. بۆنموونە، چەمکی **شکڵی ئۆرگـانی** لـە رایـەکانی **شیلگل** دا، بەراورد بکەن لەگەڵ چەمکی شکڵی دەروونی (Bildungstrib) لە روانگەی **بلۆمان باخ**ەوە لـە زیندەورناسی دا، مانای واتای زیندو و بەرهەمهێن و شکڵ پێدەر لە دەروونی هەر بوونەوەرێکدا، کـە شـکڵی **هەراشی** ئەو بونەوەرە دەنوێنێ و شکڵەکەی لە **تۆرەمەوە** تا هەراشبوون دیاری دەکا. **برتۆلە** (ل٤٢٩) دەڵێ کە ئەم خاڵە بۆ رایەکانی هاوشێوەی کانت، لە رەخنەدا کـاری کردۆتـە سـەرهێزی بڕیـاردەر. نـاوبراو دەڵـێ لـە فەلسەفەی سروشتی **شلینگ** دا، وێنەیەکی ئاوا لەمەڕ کـاری سروشـت دەدا بەدەسـتەوە: (گـۆڕانی چـالاك و خاوەن کوالێتی، لە ژێر کاریگەری خۆبەخۆیی و دەوونی لە بنەڕەتدا نائاگایانە، شێوەگەلی نـوێ بەرهەمـدێنێ کە بە شێوەکانی پێشوو لێکهەڵناوەشێن.) (ل٤٠) لەسەرچاوەی جۆراوجۆردا بەدواداچوون بۆ ئـەم کاریگەرییـە کراوە، وەك:

A. O. Lovejoy. The great chain of being; New York, Harper & Row (1936).

شێوەی بونیادین وەك ڕەهەندێکی بەولاوەترە لە چەمکی (ستاتیکی) شکڵ، بەو جۆرەی **لینە** و **کوڤۆی**ە (واتە شکل بە مانای پێکهاتە و ڕێکخراو)، لەبەرچاو گیرابوو. بەڵام گۆتە لانیکەم لە قۆناغێکی بیرکردنەوەکانی دا، ئەم ڕەهەندەی بە خاوە نەزمی لۆجیکی دەزانی، نەك مادی. **گۆتە** لە نامەیەکدابۆ **هێردر** لە ساڵی ١٧٨٧ دا دەنووسێ:

ڕووەکە سەرەتاییەکان، سەرسوڕهێنەرترین بوونەوەرە خوڵقێنراوەکانی جیهانن، لەم پرسەدا تەنانەت سروشتیش حەسوودیان پێدەبات. بە تاتوێ کردنی ئەم نموونەیە، دەتوانین کلیلی وەدەستهێنانی ژمارەیەکی بێ سنوور ڕووەك بدۆزینەوە. ئەمانە تەنانەت کاتێك کە بوونیشیان نییە، ئەگەری بوونیان هەیە، نەك لەبەر ئەوەی سێبەری نیگار یا جیهانی شاعیرانە یا تەنیا ڕواڵەت بن، بەڵکو لەبەر ئەوەی ڕاستییەکی دەروونی و زاتین. دەتوانین هەر ئەم یاسایە بۆ هەر بوونەوەرێکی زیندووی تر بەڕاست بزانین[1].

کەواتە **شکڵی بونیادین** جۆرێکە لە **بنەمای بەرهەمهێن** کە چینی ئەو ئۆرگانیزمانە دیاری دەکا کە شایستەن. **گۆتە** لە شرۆڤە کردنی ئەم چەمکەدا، هەوڵی دا یاساکانی گونجان و یەکبوون بکاتە هاوکێشە، کە تاکە نیشانەی ئەم چینەن و، دەکرێ بە فاکتەری جێگیر و نەگۆڕی هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی بزانین

بۆ زانیاری زیاتر و سەرچاوەی تر بڕوانە:

E. Mendelsohn "Biological Science in The Niniteenth Century; Some Problems and Sources' History of science.

[1] - لە زمان **ماگنۆسەوە** (هـ. س ل٥٩)، **لۆڤجۆی** ڕەگ و ڕیشەکەی بیرۆکە urbild ی **لۆجیکی** لە کتێبی **سروشت** دا (١٧٦١-١٧٦٨) لە نووسینی **ج. ب. ڕابینت**، دۆزیوەتەوە. ئەو لە زمان **ڕابینت**ەوە دەڵێ کە چەمکی **نموونەی سەرەکی** دەناسێ وەك (ئەو سەرەکییە ئەقڵانییەی ناگۆڕدرێ مەگەر بە شێوەی مادە هاتبێتە ئاراوە). **ڕابینت** دواتر ئەم چەمکە گشتگیر دەکات بۆ تێکڕای سروشتی گیاندار و تەنانەت بێ گیانیش.

که بەرهەمی گۆڕانی بارودۆخی دەوروبەرن. (*بۆ زانیاری پتر لەم بارەوە بڕوانە* ***ماگنۆس*** *بەشی ٧*). شکلی زمانی **هامبۆلتیش**، بە شێوەیەکی ئاوا، تێکرای کردە تاکییەکانی بەرهەمهێن و خواستنی وتە لە زمانێکی دیار کراودا، کۆدەکاتەوە و لە چەمکێکی گشگیر تردا، لایەنەکانی هاوبەشی گشتی شێوەی دەستووری، چینی زمانەکان، دیاری دەکات[1].

---

[1] - نابێ ناونیشانی سەرەکی کتێبی **هامبۆلت**، ببێتە هۆی ئەوەی گریمانەی ئەوە بکەین، کە ناوبراو لەگەڵ ئەم بڕوایە دابوو، کە هەر زمانێك تایبەت بە تاکێکە و دەشێ هەر پێکهاتەیەکی هەبێت. زۆر لە زمانناسانی دوای **هامبۆلت**، بە شێوازی جۆراوجۆر ئەم بۆچوونەیان دەربڕیوە. تەنیا نموونەیەك لە ڕەخنەی **و. د. ڤیتینی** لە زمانناسی هامبۆلتی ناو دەبەین:

"Steinthal and Psychological Theory of the Language" North American Review, 1872, reprinted in oriental and Linguistic Studies, New York Scribner, Armstrong & Co. 1874..

ئەو لەو بەرهەمەدا بەو ئاکامە دەگات کە (فرەجۆری بێ سنووری گوتەزای مرۆڤ، بە تەنیا بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم بانگەشەیە بەسە، **یەکێکیان**، پەی بردنە بە توانای ڕوحی پێویست، بۆ لێکدانەوەی وتە.(Oriental and Linguistic Studies. p360) **ئەوی تریان**، زمان دەسکەوتێکی مێژووییە، مانای شتێکە وەك (ئەو کۆمەڵە زاراوە و گوزارانەی مرۆڤ بە هۆی بیرکردنەوەی خۆی دەریان دەبڕێ) (ل٣٧٢). **م. جۆس** لە تاوتوێ کردنی ئەو شتەی ئەو ناوی دەنێ نەریتی **بۆئاسی** لە زمانناسی ئەمەریکایی دا، ئەم ڕوانگەیە هەڵدەبژێرێ: زمانەکان بێ سنووردارکردن بەگەلێك ڕێبازی پێبیشنی،نەکراو، لەگەڵ یەکتر جیاوازن.)

M.Joos ed. Readings in Linguistic, American Concil of Learned Societies, Washington, 1957 p. 96

بەلام هامبۆلت زۆرجار پێی دادەگرت، لەسەر ئەوەی کە زمانەکان، لە ڕووی تایبەتمەندیی پێکهاتەی گشتییەوە خاوەنی یەك چوارچێوەن. من پێوایە ئەو لە نامەیەکدا کە بۆ **شلگلی** ناردووە، لەسەر ئەم ڕایە سوورە. (بڕوانە لیتزمان هەمان ل٥٤):

Dass alle Sprachen in Abischt der Grammatik sich sehr ahnlich sehen, wenn man sie nicht oberflach, sondern tief in iherem Innern untersucht, ist unlaugbar.

له کۆتایی دا، چەمکی زمـان لـە روانگـەی **هامبۆڵت** دا، دەبـێ بـە سـەرنجدانە زەمینەی نووسینەکانی تاوتوێ بکـەین، لەمـەڕ تیـوری کۆمەڵایـەتی و سیاسـی، هەروەها لەبارەی چەمکی سروشتی مرۆیی کە بنەمای هەموو رایەکانە. **هامبۆڵت** وەك یەکێك لە بەرجەستە ترین ئەڵمانی باوردار بە مافی سروشتی دژی حکومـەتی دکتاتۆری، ناسێنراوە. ناوبراو دەسەڵاتی رەهاو هەر جۆرە دوگمێـك رەت دەکاتـەوە و پشتیوانی مافە سەرەتاییەکانی مرۆیی کردووە، چونکە بڕوای وایە، گەشەکردن و کامڵ بوونی تاکایەتی مرۆڤ، لەلایەن کاری داهێنەرانـەی مانـادار و بیرکردنـەوەی ئازاد دەستەبەر دەکرێ:

ئاساییە کە ئازادی مەرجی پێویستە و بێ ئەو تەنانەت گیانبەخشـترین کارەکـان نـاتوانن گیانبەخشی خۆیان نیشان بدەن. هەر کارێك کە مرۆڤ بە ئارەزووی تەواوی خۆی هەڵینەبژاردبێ و هەر شتێکیش رێگەی لێبگرێ، تەنانەت ئەگەر رێنوێنیشی بکات، هەرگیز نابێتە بەشێك لە سروشتی ئەو و هەمیشە لەگەڵیدا بێگانە دەبێ و ئەگەر ئەنجامیشی بدات، بێ گومان بە دڵ نییە، بەڵکو تەنیا وەك شارەزاییەکی میکانیکی ئەنجامی دەدات. (بڕوانە کوان ل٤٦ و ٤٧). (لە حاڵەتی ئازاد بوون لە کۆت و بەندی دەرەکی)... دەتوانین تێکڕای جوتیار و سنعەتکاران بە هونەرمەند بزانین، واتە ئەو خەڵکەی لەبەر خودی کارەکە ئاشقی کارەکەیانن و، بە هێزی دەروونی و هەستی داهێنانی خۆیان کاملی دەکەن و، لەم رێیەوە گەشە بە هێزە زەینییەکانی خۆان دەدەن و، شکۆمەندی بە کەسایەتی خۆیان دەبەخشن و پتریش رازی دەبن. لەم حاڵەتەدا،

جگەلەوە ئەمە تەنیا تێورییە کە لەگەڵ تیوری **ئیفلاتون** لەمەڕ زمان فێربوون هاوئاهەنگە. (cf. p. 64)
بۆ بەدواداچوونی پتر لە بارەی بایەخی مێژوویی کاریگەریی **ڤیتینی** و، (بە رای مـن) رەخنـەی تـەواو هەڵـەو سەرپێیی ناوبراو، بڕوانە:
Chomsky. Current Issues in Liguistic Theory

هەر بەم شتانە کە سەرەڕای جوانییان ئەو سوك و چروك دەکەن، دەتوانن گەشە بە مرۆڤ بکەن. (هەمان سەرچاوە ل٤٥).

تێرکردنی نەفس **جیا لە نیازە ئاژەڵییەکان**، سەرەکی ترین نیازی مرۆڤە. کەسێك لەوە تێنەگات (*گۆمانی ئەوەی لێدەکرێت کە لە سروشتی مرۆڤ تێناگات و لە هەوڵی گۆڕینی مرۆڤ دایە بۆ ئامێر. هـ س ل٤٢*). وەلێ کۆنترۆڵکردن لە لایەن دەسەڵاتەوە لەگەڵ نیازی مرۆڤ ناگونجێ، چونکە سەرکوتکەرە و لە ئاکامدا (*بە وەدیهێنانی وەك یەکی و هاوجۆری، کارەکانی خەڵك لەگەڵ کەسایەتیان نامۆ دەکات.* هـ س ل٤١). ئەم پرسە لەگەڵ جۆرێك هاوجۆری و هاوشێوەیی و لەگەڵ کردەوەی نامۆکردن هاوڕایە. لەبەر ئەم بەڵگەیە کە (*ئەقڵی ساغڵەم بارو دۆخێك قبوڵ ناکات، مەگەر لەو بارودۆخەدا هەر تاکێك خاوەنی ئازادی رەها و بێ کۆت و مەرج بێ، تا تاکایەتی واقعی خۆی لە دەروون دا پوختە بکا*. هـ س ل٣٩). لەسەر ئەم بنەمایە ئەو ئاگادارمان دەکاتەوە لە: (*ئەو ئاکامە زیانبەخشانەی ئاستەنك کردنی ئازادی تاك*) و (*ئەو مەترسییانەی لە بانگەشەی کردەوەی ئاینییەوە سەرهەڵدەدەن، کە بە هۆی دەوڵەتەوە دەکرێ.* هـ س ل١٣٠). هەروەها (*ئەو مەترسیانەی لە دەستێوەردانی دەوڵەت لە خوێندنی باڵا*، دێنە ئاراوە. هـ س ل١٣٣)، یا رێکخستنی هەرجۆرە پەیوەندییەکی تاك (*وەك هاوسەرگیری. هـ. س ل٥٠*) و شتی تر. جگەلەوە بە بڕوای ئەو، ئەو مافانەی باسیان دەکەین تایبەت بە خودی مرۆڤن و، نابێ هەرگیز تایبەت بن بۆ (چەند *تاکێکی هەرنەتەوەیەك*). (*بیر کردنەوە لەوەی کە دەتوانین هێندێك مافی مرۆیی پشت گوێ بخەین، سوکایەتییەکی گەورەیە. هـ س ل٣٣*) بۆ ئەوەی نیشانی بدەین کە ئایا رێز بۆ مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ دادەنرێ، دەبێ نەك هەر ئەوەی تاك ئەنجامی دەدا تاوتوێی بکەین، بەڵکو دەبێ

مەرجەکانی ئەنجامدانیشی لەبەرچاو بگرین، بزانین ئایا ئەم کارە لە ژێر گوشاری دەرەکیدا ئەنجامدراوە، یا ئارەزووی خۆی بووە تا نیازە دەروونییەکانی تێر بکات؟ ئەگەر مرۆڤ بە شێوەی ئامێرێك کار بکات (*دەستخۆشی لەو شتە دەکەین کە ئەنجامی داوە وەلێ لە خودی ئەو کە هەیە بێزارین. هـ س ل٣٧*)[1].

---

[1]- مانای سیاسی تیوری **مافە سروشتییەکان** وەك رایەکانی تری هامبۆڵت، بەروونی پتر پەیوەندییان بەو میتۆدەوە هەیە، کە دیاری کراوە و ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا دەردەکەوێ. نرخاندنی ئەم پرسانە لێرەدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گەلێك پرسیار. کەڵك وەرگرتن لەو زاراوانەی کە هامبۆڵت بۆ لێکدانەوەکەی خۆی بەکاریان دێنێ، نیشاندەری هاوئاراستەییە، لەگەڵ کتێبی **دەستنووسەکانی ئابووری فەلسەفی** ١٨٤٤. (وەرگێڕاوی ئینگلیزی E.Fromm, لە ed, Marx s concept of T. B. Bottomore Man. New York, Ungar 1961

کە بەرهەمی **مارکس**ە. لێرەدا هێنانەوەی چەند وتەیەك لە زمانی مارکسەوە، هاوشێوەی رایەکانی **هامبۆڵت** لەگەڵ ئەودا بەباشی نیشان دەدات: (کاتێك کار بۆ کرێکار دەرەکییە... و بەشێك نییە لە سروشتی ئەو...و ئەو بە کاری خۆی، خۆی رازی ناکا، بەڵکو نکۆڵی لە خۆی دەکات و لەرووی جەستەوە ماندوو، لە رووی روحیشەوە، پوچەڵ دەبێتەوە، دەبێتە هۆی لەخۆنامۆبوونی کرێکار. ل٩٨). پێویستی بەکار لە **چالاکیی ئازاد و ئاگاهانەدا**. (ل١٠١) لە **خەسڵەتەکانی بوونی مرۆڤە** و بە نامۆ بوون لەکار، لەبەشێکی بوونی خۆی بێبەش دەبێ. بەهۆی پێداویستییەوەیە کە (هێندێك کرێکار ناچار دەبن کاری قورس و ئاژەڵی بکەن و هێندێکی تریان دەبن بە ئامێر. ل٩٧)، هەروەها ئاماژە بەناوبانگەکەی مارکس بە شێوەی باڵای کۆمەڵگا کە لە وێدا (کار نەك هەر تەنیا هۆکارێکی ژیانە، بەڵکو باڵاترین ئامانجی ژیانیشە.) Crittique of the Gotha Programe 1875. دەتوانین جەخت کردنەوەی **هامبۆڵت** لەگەڵ رەخنەی **رۆسۆ** لە ئۆرگانە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان، بەراورد بکەین:

Discourse on the Origins and Founations of inequality among men (1755)

وەرگێردراوە لە R. D. Masters. The first and second Discourses, New York, St. Martins [1964]

ئامانجی **رۆسۆ** (نیشان دانی سەرچاوە و پەرەسەندنی نایەکسانی گەندەڵی کۆمەڵگا سیاسییەکانە، بە شێوەیەك کە بتوانێ سەرهەڵدانی ئەوانە بە پەنابردنە بەر لۆجیك بسەلمێنێ، بێ گەڕاندنەوەیان بۆ سروشتی مرۆڤ و، سەربەخۆ لەو دۆگما پیرۆزانەی، کە دەسەلاتی فەرمانڕەوا بە مافی ئیلاهی دادەنێن. ل١٠٤)ز ناوبراو لە

چوارچێوەی ئەندێشەی دیکارتی دا، ئاژەڵ بە تەنیا ئامێری بلیمەت دەزانـێ، کـە سروشـت هەسـتەکانی پـێ بەخشیوە تا خۆی پێبگەیەنێ و، خۆی بپارێزی لەو شتەی دەیەوێ سەغڵەتی بکا یا لە نـاوی بـەرێ). (هـەر ئاژەڵێك لەبەر ئەوەی خاوەنی هەستە بیروبڕوای هەیە و تەنانەت بیروبڕوایەکانی تارادەیەکی دیاریکراو، ئاوێتە دەکات و لەم رووەوە مرۆڤ تەنیا جیاوازییەکی کەمی لەگەڵ ئاژەڵەکانی تردا دەبێـت (بڕوانـە یاداشـتی ١٣). ئەوەی کە مرۆڤ و ئاژەڵ بە تەواوی لێکجیا دەکاتەوە، ئەمەیە کە مرۆڤ **توخمێکی ئازادە** و **ئاگادارە لە ئازادی خۆی**. (جیاوازییەکی گرینگی تر کە دەکرێ سەرچاوەکەی بە ئازادی مرۆڤ بزانین، **توانای خۆچاکسـازییە** هـەم وەك تاك و هەم وەك جۆرێکی بوونەوەر). هەرچەندە دەتوانین زۆربەی لایەنەکانی سروشتی مـرۆڤ بگەڕێنینـەوە بۆ خەسڵەتەکانی مرۆڤی ئامێریی، وەلێ رەفتاری مرۆڤ، لە لێکدانەوەی میکانیکی بەدەرە، (چـونکە زانسـتی فیزیك میکانیزمی هەوێنبوونی وێناکان نیشان دەدات، بـەڵام لـەو هێـزەی ئـیرادە و هـەروەها هەسـتەکان و سۆزدارییەکان، کردە مەعنەوییەکاندا دەدۆزرێنەوە، کە یاسا میکانیکییەکان هیچ روون کردنەوەیەکیان بۆیان نییە. پەراوێز ل١١٣).

رۆسۆ بەم وێناکردنە بنەما دیکارتییە، لە سروشتی مرۆڤەوە تیوری و نرخاندنی خـۆی بـۆ کۆمـەڵگا نوێکـان دەخاتە روو: لە وێوە کە ئازادی واڵاترین توانایی مرۆڤە، تـاك بـە چاوپۆشـی لـە ئـازادی و خـۆ سـپاردن بـە ئارەزووەکان، ئەربابێکی شێتو تووڕە، سروشتی خۆی تێکدەدا و خۆی تا ئاستی ئاژەڵەکان دادەبەزێنێ، کە بـە شـێوەی غـەریزی بوونەتـە کۆیلـە. ل١٦٧). دەوڵـەتی نەتـەوەیی و رێکخـراوی کۆمەڵایـەتی نـوێ و یاسـا نەریتییەکان، هەموویان رەگ و ریشەیان لە پیلانێك دا هەیە کە زۆرداران و دەسەڵاتداران بۆ ئۆرگانیزە کردن و پاراستنی موڵك و دەسەڵاتی خۆیان کۆیان کردۆتەوە، پیلانێك کە (لاوازی لاوازتر و بەهێزی بەهێز تر کـرد، ئازادی سروشتیشی بۆ هەمیشە لەناوبرد، یاساکانی سامان و نایەکسانی بۆ هـەتا هەتایـە سـەقامگیر کـرد، تالاّنکردنی بە مافێك دانا کە سەندنەوەی بۆ نییە و، بەهۆی بەرژەوەندی مشتێك مرۆڤی چاوچـنۆك، رەگـەزی مرۆڤی مەحکوم بە بەدبەختی و کۆیلایەتی و چەوساندنەوە کرد). لەکۆتایی دا بە کەوتنـە سـەرپێی دەوڵـەتی نەتەوەیی (مرۆڤە هەرە ئابڕوومەندەکان بەئەرکی خۆیان زانی مرۆڤەکانی تر بکـوژن و دواتـر هـەزاران مـرۆڤ بوونە قوربانی، بێ ئەوەی بزانن بۆچی؟. ل١٦٠ تا١٦١). تا ئەو کاتەی کۆمەڵگا مافی موڵکایەتی و دادوەری و دەسەڵاتی گرێبەستی بە فەرمی دەناسێ، یاسای سروشتی هەر پێشێل دەکرێ. ل١٦٨ بەدواوە). ئـەوەی کـە (ژمارەیەك هەموو دەسەڵات و ناز و نیعمەتێکیان هەبێ، بەڵام هەزاران کەس لە سەرەتایی تـرین پێداویسـتی ژیان بێ بەش بن) پێچەوانەی یاسای سروشتییە (ل١٨١). (هەر کەسـە قـازانجی خـۆی لـە بەدبـەخت کردنـی ئەوانی تردا دەبینێتەوە. ل١٩٤). (قازییەکان بڕیاریان داوە کە منداڵی کۆیلە هـەر لـە دایـك بوونییـەوە بـە کۆیلە دادەنرێ. ل١٦٨). مرۆڤ بۆتە **بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی** و لە **دەرەوەی خۆی** دەژی و مانـای ژیـانیش، تەنیا لە بیروڕای ئەوانی تردا دەدۆزێتەوە. ١٧٩). (مرۆڤ دەتوانێ مرۆڤایەتی واقعی، تـەنیا بـە لـە نـاوبردنی

کەواتــە روونــە، جــەخت کردنــەوەی **هامبۆڵــت** لــە ســەر لایــەنکانی خــۆکرد و داهێنەرانەی کەڵك وەرگرتن لە زمان، ریشەی لە چەمکێکی گشتی تری **سروشــتی مرۆیی** دایە، ئەو چەمکەی کە خۆی داینەهێناوە و بــە شــێوەیەکی جــوان پــەرەی پێداوە و گەشەی پێکردووە.

هەروەك لە سەرەوە باسکرا، هەوڵەکانی **هامبۆڵت** بۆ نیشاندانی شــێوەی ئۆرگــانی زمان - سیستمی بەرهەمهێنی یاساو بنەماکان کە هەر یەك لــە تــاك توخمــەکانی دیاری دەکات- بە هەڵبواردنێکی گرینگ لە زمانناسی نوێ، کارگەرییەکی کــەمی هەبوو. جەخت کردنەوەی پێکهاتەگەرایان لەسەر زمــان وەك **دەزگایــەکی لــەخۆوە هەبوو**[1]، لانیکەم لە روانگەی چەمکەوە، راستەوخۆ کەوتۆتە ژێر کاریگەری **شێوەی ئۆرگــانی** زمانناســی هــامبۆڵتی. بــە بۆچــوونی هامبۆڵــت، نــاتوانین زمــان وەك کۆمەڵێك تــاکی لێکجیــا لەبــەر چــاوبگرین (*واتــە زاراوەکــان، دەنگــەکان، تــاك بەرهەمی وتــە و هــیتر*)، بــەڵکو دەبــێ بــە ئۆرگــانیزمێکی بــزانین، کــە هــەموو بەشــەکانی پێکــەوە بەنــدن، و رۆڵــی هەریــەکیان لەســەر پەیوەنــدی بــە پرۆســەی بەرهەمهێن، دیاری دەکرێ، کە پێکهێنەری شێوەی سەرەتاییە. لــە **زمانناسی نوێ** دا، کە سەرنجی خۆی لە پێڕستی توخمەکان و **نموونە** نەگۆڕەکان دا کورت کردۆتەوە، واتای چەمکی **شێوەی ئۆرگانی** لە واتای چــەمکی **شــێوەی ئۆرگــانی** هامبۆڵــت سنووردار ترە. بەڵام تەنانەت لەم چوارچێوە سنوردارەشدا، بە شێوەیەك کــەڵك لــە

حاڵەتی، هەژار و دەوڵەمەند، دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵات، کۆیلە و خاوەن کۆیلە، بە شورشێکی نوێ، کــە بــە یەکجاری دەوڵەت لە ناو دەبات یا دەیکا بە ئۆرگانێکی رەواتر، بــە دەســدێنێ. ل٧٢) (ئــەو راپەڕینــەی کــە دەبێتە هۆی خنکاندن یا روخاندنی سوڵتانێك، هەر ئەوەندە رەواو یاساییە، وەك ئەو فەرمانانەی ئەو ســوڵتانە رۆژی پێشتر، لەمەڕ گیان و سامانی لایەنگرانی خۆی، دەری کردبوو. ل١٧٧)

[1]- دەکرێ بڵێین دەزگایەکی خۆڕسك.

چەمكی **هاوپەیوەندی ئۆرگـانی**[١] وەرگـیراوە، لـەوەی هامبۆڵـت مەبەسـتی بـووە بەولاوەتریش چووە. لە **پێكهاتەگەرایی نوێ**[٢] دا، گریمانەی باو ئەمەیە، كە دەزگای دەنگسـازی تـەنیا كۆمـەڵێكی خۆرسـك و مـۆرفیمی لێكجیـا نییـە، بـەڵكو ئۆرگانیزمێكی تەواوە كە ئەو مۆرفیمانەی ئەندامی ئەون و پێكهاتەكەی پەیڕەوەی بنەما و رێسای تایبەتە) . ئەم بۆ چوونانە ناسراون و من روون كردنـەوەی پـتر لـە بارەیاندا نادەم.

هەروەك لەسەرەوە بینیمان، لە روانگەی هامبۆڵتەوە **شێوەی زمان**، یاسا دەستوورییەكان و زراراوە رۆنان و فۆنۆلۆجی، هەروەها ئەو یاسانە دەگرێتەوە كە دەزگای **خولقێنەری چەمك** و زاراوەكان دیاری دەكات. ناوبراو جیاوازییەكی تر دادەنـێ، لـە نێـوان **شـێوەی زمـان** و ئەوەی پێی ئەو پێی دەڵێ **كەسایەتی زمان**[٣] . بـە رای مـن هـەروەك خـۆی ئـەم زاراوەی بەكارهێناوە، كەسایەتی زمان، میتۆدی كارایی زمان بە تایبەتی لە هۆنراوە و فەلسەفەدا دیاری دەكات و دەبێ **كەسایەتی دەروونی**[٤] (ل٢٠٨) زمان، لە پێكهاتـەی رستەسـازی و مانایی جیا بكرێتەوە، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە شێوەوە هەیە نەك پڕاكتیك. (بەبێ ئەوەی گۆڕانێك لە دەنگەكانی زمان وەدی بێنین، دەبینین زمان بـە هـۆی هـزری كـامڵی خاوەنەكەی و هێزی باڵای بیركردنەوەی، هەروەها توانای تێگەیشتنی قـووڵ و بـەرفراوان، شتێك دەردەبڕی كە پێشتر لە وێدا بوونی نەبووە. ل١١٦). كەواتە نوسـەر یـا بیرمەنـدی گەورە، دەتوانێ بێ گۆڕینی پێكهاتەی دەستووری زمان، كەسـایەتی زمـان بگـۆڕێ، یـا شرۆڤە كردنی ماناكانی زمان دەوڵەمەندتر بكات. كەسایەتی زمان پەیوەندییەكی نزیكـی

---

[1] -organic interconnection

[2] -New Stracturalism

[3] -character language

[4] -inner character

هەیە لەگەڵ توخمەکانی تری کەسایەتی نەتەوەیی و ئەمەش داهێنانێکی تەواو تاکییانەیە.
هامبۆڵتیش هاوشێوەی لایەنگرانی دوای **دیکارت** و قۆناغی ڕۆمانتیك، خۆی بڕوای وابوو کە کردەوەی ئاسایی زمان بە گشتی کردەی داهێنەرانەی زەین دەگرێتەوە، وەلێ کەسایەتی زمانە، نەك شیوەکەی، کە دەرخەری **داهێنەری** واقعییە لە چەمکێکی باڵاتردا، چەمکێك کە هەم باسی بەهاو هەم داهێنان دەکات.
هامبۆڵت، جگە لەو هەموو بایەخەی دەیدا بە لایەنی داهێنەرانەی پڕاکتیکی زمانیی، هەروەها بە شێوە لە پرۆسەی بەرهەمهێن دا، باسی پرسێکی بنەمایی ناکات کە: بە وردی تایبەتمەندی شێوەی ئۆرگانیی لە زماندا چییە؟ تا ئەو جێگایەی من بزانم، ئەو هەوڵ نادا دەستوورێکی بەرهەمهێنی تایبەت بێنێتە ئاراوە، یا خەسڵەتە گشتییەکانی دەزگایەکی ئاوا، واتە ئەو خەسڵەتە هاوبەشە گشتیانەی هەر دەزگایەکی دەستووری هەیەتی، ئەژمار بکا. لەم ڕووەوە دەسکەوتە زمانییەکانی ئەو، ناگاتە دەسکەوتی هەندێك لە پێشینانی خۆی. کاری ئەو کەموکوڕیەکی تریشی هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە چەندین پرسی بنەڕەتی بە نادیاری هێشتۆتەوە، لەوانە، جیاوازی دانەناوە لە نێوان، داهێنانی یاسامەند کە کردەی رۆژانەی زمان دەگرێتەوە و هیچ گۆڕانێك بەسەر شکڵی زماندا ناهێنێ لە لایەك و، ئەو جۆرە داهێنانەی کە دەبێتە هۆی گۆڕانی پێکهاتەی دەستووری لەلایەکی تر. ئەم کەم و کوڕییانە پێشتر ناسراون و لە بەرهەمە نوێیەکاندا تارادەیك، بنبڕ کراون. سەرەڕای ئەوە لە باسەکانی دا دەربارەی پرۆسەکانی بەرهەمهێن لە زماندا، زۆرجار دیار نییە کە ئەوەی بە زەینی دا تێدەپەڕێ، ئایا **توانایە** یا **کردەی** زمانییە. (*یەکەمین یا دووەمین پلەی هەوێنبوونی شێوە لای ئەرستۆ.* ***لە بارەی نەفس دا***، *کتێبی دووەم بەشی ١*). لەبەرهەمە نوێیەکاندا دووبارە جەخت لەسەر ئەو جیاوازییە نەریتییە کراوەتەوە (*بگەڕێوە بۆ پەراوێزی ل١١ ژ١ و پاشکۆکانی*). چەمکی دەستووری

بەرهەمهێن لە واتای نوێ دا، پەرەسەندنی هەمان **شێوەی زمانی** هامبۆڵتە، بەو مەرجەی **شێوەی زمان** بە چەمکی **بەردەوام بوونی زمان** بزانن، نەك بە **کارگێڕی پڕاکتیکی زانست** بە پێی رایەکانی **ئەرستۆ**.

دەبێ ئاگادار بین، کەموکوڕی لە تۆمارکردنی ڕێساکانی دروستکردنی وردی رستەدا، تەنیا دەرئەنجامی کەمتەرخەمی زمانناسانی دیکارتی نەبووە. ئەم کارە تاڕادەیەك ئاکامی ئەم گریمانە ئاشکرایە بوو کە ریکخستنی وشەکانی رستەیەك (***لانیکەم لە زمانە خۆش پێکهاتەکاندا***[1]- *دەتوانین بڵێین رستەی سادە* یائاسان، و/ کوردی) لەگەڵ ڕەوتی بیرکردنەوەدا

---

[1]- well-designed" language وێدەچی ئەم چەمکە بە هۆی جەنجاڵی لەبارەی کەڵك وەرگرتن لە زمانی وتووێژ لە بری زمانی لاتین، کەوتبێتە سەرپێ:

F. Brunot, Histoire de la Language Francaise, Paris, Librarie Armand Colin, IV (1924) PP. 1104 f., and G. Sahlin, Cesar Chesneau du Marsais et son role dans l evolution de laGrammair generale, Paris, presses- Universitaires, (1928) pp. 88-89

هەندێك سەرچاوەی سەرەتایی، لەوانە سەرچاوەیەکی ساڵی ١٦٦٩، لە بارەی سروشتی بوونی زمانی فەرنسی دا تا ئەو جێگایە رویشتووە کە بڵێ: رۆمیییەکان بە زمانی فەرەنسی بیردەکەنەوە، بەڵام بە زمانی لاتینی دەدوێن). **دیدرۆ** ئەوەندە لە سروشتیی بوونی زمانی فەرەنسی دڵنیایە، کە بۆ زانست بە گونجاتری دەزانێ وەك لە ئەدەبیات، چونکە زمانەکانی تری ئەوروپایی کە لەرووی رێکخستنی وشەکانەوە **ناسروشتین**، بۆ لێکدانەوەی سەرەتایی گونجاوترن (Lettres sur les sourds et muets, 1751) ئینگلیزەکان لەم بارەوە رای جیاوازیان هەبوو. بۆ نموونە **بینتهام** بڕوای وابوو کە (زمانی ئینگلیزی لەناو زمانە ناسراوەکاندا...پێگەیەکی ئەوەندە باشی هەیە، کە دەتوانین گرینکترین تایبەتمەندی پێویستی هەر زمانێکی تێدا بدۆزینەوە). بڕوانە:

Work edited by J. Bowring, New York, Russell Inc., 1962 vol VIII. P. 342.

هوارتە لە کۆتایی سەدەی شانزەهەمدا نووسیویەتی: (لە بەراوردکردن و هاورێککردنی زمانی لاتین و نەفسی ئاخێوەر) دا، زاراوەی لاتینی و شێوەی ئاخاوتنی ئەم زمانە ئەوەندە لۆجیکییە، ئەوەندە گوێ لێگرتنی خۆشە، کە ئەو نەفسە ئاخێوەرەی بەهۆی پێویست بوون بە زمانێکی رەوان بۆ داهێنان، یەکسەر زمانی لاتین هەڵدەبژێرێ. هـ س ل١٢٢).

لە سەدە حەڤدەهەم بەدواوە باس و خواسێکی فراوان دەستی پێکرد، لەبارەی توانی داهێنانی (زمانی فەلسەفی) کە بنەماکانی بیرکردنەوەی باشتر بێ لە زمانەکانی تر. هۆگری بۆ ئەم پرسە، بەرواڵەت سەرچاوەی

پەیوەندییەکی راستەوانەی هەیە و، لە ئەنجامدا ناتوانین لە باسەکانی دەستووردا تاوتوێی بکەین. لە کتێبی **دەستووری هاوبەشی گشتی و سەلماندن** دا هاتووە: بە کەڵك وەرگرتنی مجازی لە زمان نەبێ، دەستووری زمان لەمەڕ رێسای دروستکردنی رستە، شتێکی ئەوتۆی بۆ وتن پێ نییە (ل١٤٥). کەمێك دوای ئەوە لە وتارەکەی **لامی** دا لابردنی ئەو روونکردنەوانەی پەیوەندییان بە (*رێکخستنی زاراوەکان و ئەو رێسایەی پێویستە لە نەزم و رێکخستنی ئاخاوتن دا بپارێزرێ*) لەسەر ئەم بنەمایە پاساویان بۆ دەهێنرێتەوە، کە (*تیشکی سروشتی و بێگەرد، ئەوەی پێویستە ئەنجام بدرێ زۆر بەڕوونی نیشانی دەدا*[1] . *ل٢٥*). کەواتە ئیتر پێویست بە هیچ روونکردنەوەیەکی زیاتر ناکات. تارادەیەك هەر لەو سەردەمەدا **ئوسقوف ویلکینز**[2]، دوو جۆر پێکهاتەی دیاری کرد: ئەوانەی کە زاراوەیین (*پاژنە هەڵکێشان و دەرباز بوون، خۆدزینەوە لەدین، بە چۆکداهاتن و هیتر*) و ئەوانەی پەیڕەوی (*تێگەیشتن و رێخستنی ئاسایی زاراوەکان*) دەکەن و لە ئاکامدا پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت نییە (ل٣٥٤). بۆ نموونە دەتوانین رێکخستنی بکەر - کار- بەرکار

هۆگری **لایب نیتس**ە بۆ **دەستووری سروشتی** کە بە وتەی ئەو دەتوانێ **لایەنە باڵاکانی زمان** دەربخا. بۆ بەدواداچوونی پتر لەم بارەوە بڕوانە:

Couturat & Leau. Historic de la langue unjverselle (1903): Margaret M, C. Mclntosh The phonetic and Linguistic Theory of fhe Royal Society School, Oxford University (1956): Cassirer, The Phjlosophy of Symbolic Forms.

[1] -B. Lamy, De *l* Art de Parlre (1676)

لەگەڵ ئەمەشدا، چەندین بەڵگەی شێوازناسی لە ئارادایە، کە دەکرێ **رێکخستنی سروشتی** زۆربەی زمانەکان بگۆڕدرێن، بەلام نەك لە زمانی فەرەنسی دا، کە بە وتەی ئەو کەڵك لە **شێوە مەجازییەکانی دەستوور** وەرناگرێ، چونکە، (ئەم زمانە بەدوای سادەیی و رەوانییەوەیە، هەر لەبەر ئەمەیە تا ئەو جێگایەی بکرێ، هەمووشتێك بە سروشتی ترین نەزم و بە سادەترین شێوە دەخاتە روو. ل٢٣).

[2] -J. Wilkins,an Eassy towards a Real Character and a Philosophical Language (1668)

یا بکەر - پێتی پەیوەندی- ئاوەڵکار وەیا ڕێکخستنی پیتە زیادە **دەستووری** و **مانایی** یەکان و لەبارەی ئەو بابەتانەی پێیانەوە بەندن و هیتر، ناو ببەین (ل٣٥٤).

لە بەرامبەرئەم خاڵەدا، بۆچوونی **نەزمی سروشتی**[١]، ڕوانگەی گرێبەست کە دەڵێ: هەر زمانێك کۆمەڵێکی گرێبەستی **نموونەکان**[٢] دەگرێتەوە و، ئەم نموونانەش بە دووبارەبوونەوەی بەردەوام (*هەروەها بە گشتگیرکردن*) فێریان دەبین و، دەبێتە هۆی دروستبوونی (*کۆمەڵێگ خووخدەی گوفتاری*). ئەم بۆچوونە کە دەتوانین پێکهاتە و کاریگەری زمان، تا ڕادەیەك لەسەر ئەو بنەمایە ڕوون بکەینەوە، ڕێخۆشکەری زۆربەی لێکۆڵینەوە نوێیەکان بووە لەمەڕ زمان و خووە گوفتارییەکان، کە زۆرجار لێکدانەوەی بریارە گشتییەکانی لەمەڕ ڕستەسازی تێکڕای زمانەکاندا، ڕەت کردۆتەوە. ئەم ڕوانگەیە، وەك ئەو بۆچوونەی پشت بە گریمانەی ڕێکخستنی سروشتی دەبەستێ، دەبێتە هۆی هەوڵ نەدان بۆ دۆزینەوەی **شێوەی دەستووریی** زمانی جۆراوجۆر، هەروەها پێشگرتن لە دەربڕینی پڕۆژەیەکی ئەبستراکت و هاوبەش بۆ هەموو زمانەکان[٣].

بە کورتی یەکێك لەو دەسکەوتە گرینگانەی، کە ئێمە ناوی دەنێین **زمانناسی دیکارتی**، ئەم بۆچوونەیە: زمانی مرۆڤ بە بەراورد لەگەڵ زمانشێوەی ئاژەڵ، ئازادە لە کەڵك وەرگرتنی سروشتییانە لە دەسەڵاتی بزوینەرە دەرەکییەکانی سەربەخۆ لە هەل و مەرجە دەروونییەکان و، پەیوەست نییە بە هیچ کردەیەکی پەیوەندی و کردەیی زمان. کەواتە

---

[1] -natural order

[2] -patterns

[٣]- لەگەڵ ئەمەشدا، بە پێچەوانەی ئەم بڕوایە، کە دەکرێ زمانەکان لە سەر بنەمای **خوو** یا **پاڵنەر** و **وەڵام**، لێکبدەینەوە، یا پێکهاتەی ڕستەسازی زمان، کە پێرستێکی نموونەکانە، گریمانەی **ڕێکخستنی سروشتی** ئەم لایەنە باشەی هەیە، کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی پێشهاتەکان پەکی ناکەوێ. لەبەر ئەوە ئەم ئەگەرە ڕەت ناکرێتەوە، کە دەتوانین **ڕێکخستنی سروشتی** دیاری بکەین و وەك گریمانەیەك لەمەڕ پێکهاتەی زمان بیخەینە ڕوو.

زمان، به ئازادی وەك هەر ئامرازێك بۆ خۆدەرخستن و بیرکردنەوەی ئـازاد، کـار دەکـات. توانا بێ سنوورەکانی بیرکردنەوە و خەیاڵ، لە لایـەنی داهێنەرانـەی کـەڵك وەرگـرتن لـە زمان دا، خۆی دەنوێنێ. زمان ئامرازێکی دیاری کراو دەخاتـە بەردەسـت، وەلێ توانـای لێکدانەوەی بێ سنوور پێشکەش دەکـات. تـەنیا رێسـاکانی دروسـت کردنـی چـەمك و رستە، ئەم توانایانـە دیـاری دەکـەن. ئـەم رێسـایانە تـا سـنوورێکی تایبـەتی و تـاك، تاسنووری هاوبەشی گشـتی، لـە بـەهرە گشـتییەکانی مرۆڤایـەتین. سـیمای تارادەیـك پێناسەکراوی هەر زمانێك - یا بە زمانی ئەمرۆکە **دەستووری بەرهـەمهێن**- یەکییـەتی ئۆرگانی پێکدێنێ، کە توخمە سەرەکییەکانی ئەو زمانە پێکـەوە دەبەسـتێتەوە، ئەمـەش بنچینەی هەریەك لەو دەرکەوتە بێ سنوور و لە ئەژمار نەهاتووانەی زمانە.

روانگەی زاڵ لە تێکڕای ئەم قۆناغەدا ئەمەیە، کە ***زمان گرینگترین ئاوێنەی روحی مـرۆڤە***[1]. بـە یەکسـان دانـانی پروسـە زەینـی و زمانییـەکان، بابەتێکـە تاقیکردنەوەکانی **دیکارت** دەکاتە پاساو بۆ سەلماندنی هەبوونی زەینگەلی تر. ئـەم روانگەیە بە درێژایی قۆناغی رۆمانتیکی لاینەگرانی خـۆی هـەبوو. لـە روانگـەی **فریدریك شلگل** ەوە (بیرکردنەوە و وتە ئەوندە بەیەکـەوە بەسـتراونەتەوە کـە وەك خودێکی یەك دانەن، کە ئێمە بـێ دوودڵـی، بـیرو هـزر بـە مـافی خـودی مـرۆڤ دادەنێین. هەروەها دەتوانین زاراوەکان بە پێی ماناو گرینگی و پێگەیان بە بەشـێك

---

[1] -Leibniz, Nouveaux essays sur lentedenment humain. Book III, chap. VII; translated into English by A. G. Langley, La Salle, Illinois, Open Court Publishing Co.

هەروەها بڕوانە رایەکانی لایب نیتز لەمەڕ زمان:

H. Aarslef, Leibniz on Lock on Language "American Philosophical Quarterly vol I. No.3. pp 1-24 (1964).

لە سروشتی مرۆڤ بـزانین)[١]. ئێمـە لـە ئەنجامگیرییـەکانی **هامبۆڵـت** دا بینیمـان، **هێزێك کە زمان بەرهەمدێنێ لەو هێزە جیاناکرێتەوە کە دەبێتە هۆی بیرکردنەوە.** دەنگدانەوەی ئەم روانگەیە تـا ماوەیـەکی زۆر جـێگیر بـوو[٢]، وەلێ بەرەبـەرە بـە گەیشتینی سەردەمی نوێ رەنگدانەوەکەی کاڵ بۆوە.

پێویستە بزانین کە بـە یەکسـان دانـانی زمـان و زەیـن، لـە قۆناغـە سـەرەتایی و کۆتاییەکانی سەردەمی لێکۆڵینەوەی ئێمە، بە شێوەیەکی جیاواز لەبەرچاو دەگیرا.

---

[1] -F. Schlegel, Gesch der alten und neuen Literature (1812)

هەروەها بڕوانە:

A. W. Schlefel, "De L etymology en general "in E. Bocking (ed) Oeuvers ecrites en Francais, Leipzig (1846) p. 133 :

(زۆرجار وتراوە، کە **دەستووری لۆجیکی** پڕاکتیکییە، لەوەش بەولاوەتر، مانای جۆرێك شـیکردنەوەی قـووڵ و لەبار و **بان سروشتی** هزرە).

[٢]- هێندێك جار لەچـەند سەرچـاوەی چـاوەڕوان نـەکراو، بـۆ نموونـە، لـە داخـوازی **پـرۆدۆن** بـۆ ئـەکادیمیای **بسانسـۆن** (Besanson) لە ساڵی ١٨٣٧ هاتبوو، کە ئـەو دەیـەوێ دەسـتوورێکی هاوبەشـی گشـتی بێنێتـە ئـاراوە کـە (... دەروونناسی بەشە نوێیەکان و فەلسەفە بە دوای چەند رێگەی نوێ دا بگەڕێن، سروشت و میکـانیزمی زەینـی مـرۆڤ، لـە بەرجەستەترین و هەستیارترین توانای ئەودا، واتە لە گوتار دا تاوتوێ بکا و لەسەر بنەمای نموونەکانی زمـان، سەرچـاوەی باوەڕەکانی مرۆڤ دیاری بکات، و بە کورتی دەستوور زمـانیی بخاتـە روو، کـە لەوێـدا بنـەما ئەبسـتڕاکتەکان و زانسـتی ئەخلاق رەنگ بدەنەوە و، بیرکردنەوەیەك جێگیر بکا کە ببێتە پاڵنەری لیورێژبوونی بلیمەت.

(Correpondance de P. J. Proudhon, vol. I, edited by J. A. Langlois, Paris, Librarie Intrenationale, 1875, p. 31).

هەروەها **ج. س. میل** دەڵێ:

دەستوور...سەرەتای شێکردنەوەی پرۆسەی بیرکردنەوەیە. بنەماو رێسـاکانی دەسـتوور، ئـامرازێکن کـە شـێوەی زمـان بـەهۆی ئەوانـەوە لـە شـێوەگەلی هەمـەکی و گشـتی بیرکردنـەوە هاورێـك دەبـێ. جیـاوازی دانـان لـە نیـوان بەشـە جۆراوجۆرەکانی وتە، و لە نیوان حاڵەت و روو و کاتی کراەکان و کردەوەی پێتە لکاوەکان، لە راسـتیدا جیـاوازی دانانـە ل لە نێوان بەشەکانی بیرکردنەوە نەك بەشەکانی زاراوە... . **پێکهاتەی هەر رستەیەك وانەیەکە لە زانستی لۆجیك.** گۆڕانکاری جیاواز و هیتر، لە سەر بنـەمای پێکهاتـەی قـوولتری، زمـان رەنگدانـەوەی بیرکردنەوەیـە، دەتـوانین ئەوانـە لـە بەرهەمەکانی **فیرگە** و **راسیل** و کارە سەرەتاییەکانی **وتگشتاین** دا بەدی بکەین. ئەمە بابەتێکی تەواو روونە لێرەدا باسی ناکەم.

له سەر بنەمای بۆچوونەکانی سەرەتای زمـان، پێکهاتـەی زمـان ئەوەنـدە لەگـەڵ پێکهاتەی بیرکردنەوەی لێکدرابوو کە (*زانسـتی زمـان هـێچ جـۆرە جیاوازییـەکی لەگـەڵ زانسـتی بیرکردنـەوەدا نـەبوو.* **بـوزە** ل١٠). لایـەنی داهێنەرانـەی کـەڵك وەرگرتن لە زمان لەسەر ئەم گریمانەیە روون دەکەنەوە[١]. ئـەم روانگەیـە کـە زمـان ئامرازی دەربڕینی بـیرو هـزرە، بـەم شـێوەیە دووبـارە کرایـەوە کـە زمـان رۆڵـی بنیاتنەری بیرکردنەوە دەگێڕی. بۆ نموونە **لامیتری** لە باسکردنی ئەوەی کە مێشـك ئەو وێنانەی ئێمە دەیانبینین، چـۆن لەگـەڵ یـەکتر بـەراوردیان دەکـا و پێکیانـەوە دەبەستێتەوە، بەو ئاکامە دەگات کە *مێشك بە جۆرێکە، هەرکە هێما و شتەکان و جیاوازی نێوانیان، دەرکەوتن یـا لـە مێشـکدان نەخشـەیان بکێشـرێتەوە، ویـژدان بەئەرکی خـۆی پەیوەنـدی نێوانیـان تـاوتوێ دەکـا،*[٢] *ئـەو تـاوتوێ کردنـەش بـێ*

---

[١]- لـە راسـتیدا ئـەم خاڵـە باسـی ئـەم بابەتـە ناکـا کـە بیرکردنـەوەی داهێنەرانـە دەبـێ بـە چ شـێوازێك بێتە ئـاراوە و لێکۆڵینـەوە لـەم بـارەوە هـەروەك ئـەمڕۆ دەڵـێن، قـەناعەتهێن نییـە. بـۆ نموونـە کۆردۆمـوا (ئەو بیرو هزرانەی بـە زەینـی ئیمـەدا تێدەپـەڕن، بـێ ئـەوەی تێیـان بگـەین یـا لـە وتوویـژی مرۆڤەکانـدا ناگەڕێنرێنـەوە بـۆ شـتێك) دەگێڕنـەوە بـۆ ئیلـهام واتـە پەیوەنـدی کـردن لـە رێگـەی رەوتـەکانی دەرەوەی جەسـتە. هـ. س. ل١٨٥ و ١٨٦). لـەو سـەردەمەدا زۆر کەسـی تـر بڕوایـان وابـوو، هەرچـۆنێك بـێ (مرۆڤ هەێندێك خەسڵەتی ئیلاهی، بە شاراوەیی لە توانا ئەقڵییەکەی خوی دا هەیە). بڕوانە:

Herbery of Cerbury, De Veritate 1624, p 167

ژمارەی لاپەڕەکان لێرەدا و دواتر، پەیوەندیان بە وەرگێڕاوی ئەم بەرهەمەی خوارەوە هەیە:

M. H. Carre, Univerity of Bristol Studies No 6, 1937.

دەبێ ئەم خۆبەستنەوەیە بە بـان سروشـتەوە، کـە لـە پێشـینەی بیرکردنـەوەی نـوێی ئیفلاتـوونی دا زینـدوو کراوەتەوە، لەبەرچاو بگرین، کە لە سەدەی شەشەم تا دەرکەوتنی رۆمانتیزم باو بوو، لەسەر ئەو بنەمایـە لـە تیورییەکانی زیندەوەرناسی دا، لایەنی داهێنەرانەی مرۆڤیان بە بەشێك لە (صفات)ی ئیلاهی دەزانی. بۆ بـە دواداچوونی پتر بڕوانە **لاڤجۆی** و **ئابراماز**. هەمان سەرچاوە.

[٢]- لە بیرمان نەچێ، لە روانگەی **لامیتری** یەوە، **نەفس** جەوهەرێکی بەش بـەش نییـە، بـەڵکو (لـەوێوە کـە تواناکانی رووحی تارادەیەکی زۆر، پەیوەندییان بە پێکهاتەی گونجـاوی مێشـك و تێکـڕای جەسـتەوە هەیـە،

دۆزینەوەی نیشانە یا هێماکانی زمان، مەحاڵە. هـ. س ل١٠٥). پێش دۆزینەوەی یا پشکنینی زمان، تەنیا بە شێوەیەکی ناروون یا رواڵەتی دەمانتوانی پەی بە شتەکان ببیەین. ئێمە پێشتر ئاماژەمان بە بۆچوونی **هامبۆڵت** کرد، لە سەر ئەم بنەمایە کە (*مرۆڤ بە گشتی لەگەڵ بابەتەکان دەژی، تەنانەت رەفتار و هەستەکانی پەیوەندی بە بۆچوون و وێناکردنەکانییەوە هەیە و، مرۆڤ بوونەوەرێکی تایبەتە، کە زمان رەفتار و هەستەکان بۆ ئەو یا لەوەوە دەگوێزێتەوە هـ س ل٧٤*).

لە ژێر کاریگەری رێژەگەرایی نوێی رۆمانتیکەکان، چەمکی زمان وەك ئامرازێك بۆ بیرکردنەوە گۆڕانێکی گرینگی بەسەر داهاتووە، ئەم بڕوایەش کە زمان دەبێتە هۆی جیاکاری و تەنانەت نایەکسانی پرۆسە زەینییەکان، تاوتوێ کراوە[1]، بەڵام ئەم دەرئەنجامانە پەیوەندیان بە بابەتە سەرەکییەکەوە نییە. ئێمە لەگەڵ ئەم دەرئەنجامانە دا نوێین و من لێرەدا باسیان ناکەم.

کەواتە تواناکان شتێکی ترن جگە لەم ئەم ئۆرگانە. ئاشکرایە کە **نەفس**، ئامێرێکی رووناکبینە). (**نەفس** وشەیەکی بێ ناوەرۆکە و هیچ کەس هیچ شتێك لە بارەیدا نازانێ و تاك و تەنیا بۆ دیاری کردنی ئەو بەشەی خۆی، کە بیردەکاتەوە بەکاری دێنێ. ل١٢٨). ناوبراو بە لەبەرچاوگرتنی خەیاڵکردنی مێشکی مرۆڤ، راشکاوەانە قبوڵی دەکا کە (چییەتی مێشك و ئەرکەکانی لامان شاراوەیە) و بەرهەمەکانی (دەرئەنجامێکی سەرسوڕهێنەر و پەی نەبردنە بە پێکهاتەکەی. ل١٠٧). نووسەرانی دواتر، بەم چڕوپڕییە لەم بابەتە نەدواون و بیرکردنەوەیان بە چۆڕاوگەی مێشك زانیوە. هەروەك ئەوەی چۆن جگەر رژێنی سەفرا دەردەکا.

[1] – پەیڕەوانی دیکارت، وەك ئاسایی، گریمانەیان دەکرد، کە پرۆسە زەینییەکان، لە تێکڕای مرۆڤە سادەکاندا یەکسانە و، زمانەکان تەنیا لە شێوەی دەربڕینی بیرکردنەوە و لە رووی خودی بیرکردنەوە، پێویستە جیاوازیان هەبێ. بۆ نموونە **کۆردۆموا** لە باسی فێربوونی زماندا (هـ س ل٤٠ بەدواوە)، فێربوونی **زمانی دووەم**، بە تەواوی بە گەیاندنی نوێی ئەو بیرکردنەوانە دەزانێ، کە تائێستا بە **زمانی یەکەم** ئەدا دەکران. کەواتە ئاکامەکە ئەمە دەبێ: وەرگێڕان لە زمانیکەوە بۆ زمانێکی تر، نابێ گرفتی بنەڕەتی بێتە بەردەم. رومانتیستەکان بە زەحمەت ئەم بانگەشەیان رەت دەکردەوە، چونکە زمان نەك هەر ئاوێنەی زەینە، بەڵکو بە توخمی سەرەکی پرۆسەکانی زەین و بە رەنگدانەوەی تاکگەرایی فەرهەنگی دەزانن.

ژێرساز و رووساز

بینیمان لایـەنی داهێنەرانـەی کـەڵك وەرگـرتن لـە زمـان، پشـت بـەم گریمانەیـە دەبەستێ، کە پرۆسـە زەینـی و زمانییـەکان هاوشـێوەن یـا وەك یـەکن و، زمـان دابینکـەری ئـامرازە سـەرەتاییەکانە بـۆ دەربڕینـی بیروبیۆچـوون و هەسـتەکان، هەروەها بۆ خەیاڵی داهێنەرانە. بەم پێیە زۆربەی ئەو باسە سەرەکییانەی دەربارەی دەستوور، بە درێژایی ئەو گەشە کردنەی ئێمە ناومان نـاوە **زمانناسـی دیکـارتی**، رەگ و ریشـەیان لـەم گریمانەیـەدا هەیـە. بۆنموونـە **دەسـتووری پـۆرت رۆیـاڵ**، دەستوورێکە بەم گریمانەیە دەسپێدەکات کە (زەین سێ جـۆر کـردەی هەیـە: پـەی پێبردن، بەڵگەمەندی، ئاقڵمەندیدی. ل ٢٧)، کە دیـارە سـێهەمیان پەیوەنـدی بـە دەستوورەوە نییە. (ئەم بابەتە لە کتێبی **لۆجیکی پۆرت رۆیاڵ** وەرگیراوە، کـە دوو ساڵ دواتر لە ساڵی **١٦٦٢** بڵاوکرایەوە). **دەستووری پۆرت رۆیاڵ** لە سەر بنـەمای ئەو میتۆدە کە چەمکەکان لە زانیارییە دەسکەوتووەکاندا پێکـەوە ئاوێتـە دەبـن، شکلی گشتی و شیاوی دەستووری لێدەکەوێتەوە، دواتر ئەم پێکهاتەی ژێربینـایی سروشتی لە سەر بنەمای (رەفتاری سروشتی کە بیرو هزری خۆمانی پێ دەردەبڕین. ل٣٠)[1] شرۆڤە دەکات. زۆربەی هەوڵەکانی دواتـر، بـۆ بەدەسـتەوەدانی نموونەیـەك لەمەڕ **دەستووری هاوبەشی گشتی،** هەر لەسەر ئەم تەوەرانە وەستاوە.

کتێبی **هۆرمز** لە نووسینی **جیمیز هـاریس**، کـە وێناچـی وەك کارەکـانی تـری سەدەی هەژدەهەم، لـە ژێـر کاریگـەری دەسـتووری پـۆرت رۆیـاڵ دابـووبێ ، بـە رێبازێکی جیاواز، پێکهاتەی زمان لە پێکهاتەی پرۆسـە زەینییـەکان هەڵـدێنجێ. هاریس بە گشتی دەڵێ ، کاتیك کەسێك دەدوێ (وتە یا گوتارەکەی جۆرێکی هێـز

---

[1] - ئێمە راستەوخۆ دەگەڕێنەوە سەر هێندێك لە پێشنیارە بابەتییەکانی.

یا بزاوت لە روحییەوە پەخش دەکاتەوە. ل٢٢٣). **هێزە روحییەکان**[١] دوو جۆرن: **پەی پێبردن** (وەك هەست و زەین) و **ئیرادە** (وەك ئارەزوو، شادی، حەز - هەرچی دەبێتە کار (فەرمان) دەیگرێتەوە چ **لۆجیکی چ نالۆجیکی**. ل٢٢٤)[٢]. کەواتە دووجۆر کردەی زمانی هەیە: (**روالەتی** واتە بلاوکردنەوەی جۆری وەرگیراو، چ لە رێگەی هەستەکانەوە چ لە رێگەی زەینەوە)، **بلاوکردنەوەی ئیرادە**[٣] وەك، پرسیار، فەرمان، نزا یا ئارەزوو. ل٢٢٤). رستەکانی **جۆری یەکەم** بۆ دەربڕینی دۆخ و هەوالی خۆمان بۆ کەسانی تر، بەکار دەبرێ و، رستەکانی **جۆری دووەم**، بۆ هاندانی کەسانی تر بۆ دەستەبەر کردنی نیازەکانمان. بەم پێیە دەتوانین رستە ئیرادییەکان لەسەر ئەم بنەمایە شیبکەینەوە، کە ئایا نیازی ئێمە ئەمەیە کە *(پەی پێبردنێک هەبێت)* یا *(یا ئارەزوویەك بێتە دی)* *(حالەتەکانی پرسین و داخوازی)*. دەکرێ حالەتی داخوازی بە دوو جۆر دابنێین: **فەرمانی یا پاڕانەوە** و ئەمەش پەیوەستە بەوەی کە رستەکە ئاڕاستەی وتەگری (**مخاطب**) ژێر **دەستە** یا

---

[١] powers of the soul -

[٢]- کەواتە ئاکامەکەی ئەوە دەبێ، کە رستە پرسیاری و هەوالییەکان (کە وەلامی رستەی پرسیاری دەدەنەوە) بە تەواوی پێکەوە بەستراونەتەوە (ئەم لێکنزیکییە بە جۆرێکە کە کارەکان (افعال) لەم دوو رووە شێوەیەکی نەگۆڕ دەپارێزن و لێکجیا ناکرێنەوە، مەگەر بە زیاد کردن یا لابردنی پیتێکی گچکە، یا بە گۆڕانێکی کەم لە پێکەوە گونجاندی وشەکان، یا تەنانەت بە گۆڕینی ئاواز یا پشتیوانەی دەنگ. ل٢٩٩). بە دەربڕینێکی وردتر، لەمەڕ رستەی پرسیاری سادە (واتە ئەو رستە پرسیارییانەی وەلامەکەیان بەلێ یا نەخێرە) وەلامدانەوە (جگە لە حالەتی لابردن) نەبێ، تارادەیەك بە هەمان ئەو وشانە دەدرێتەوە کە لە پرسیارەکەدا بەکار هاتوون. لەم حالەتەدا دەتوانین (رستەگەلی پرسیاری نادیار)، بە ژمارەیەکی بێ سنوور رستەی ئەرێنی یا نەرێنی وەلام بدەینەوە. بۆ نموونە لە وەلامی (ئەم هۆنراوانە هی کێن؟) دەتوانین رستەگەلی ئەرێنی وەلام بدەینەوە وەك (هی ویرجیلن) (هی **هۆراس**)، (هی **ئۆڤیدن**)، یا رستەگەلی نەرێنی (هی **ڤیرجیل** نییە)، (هی **هۆراس** نییە)، (هی ئۆڤید نییە)، کە هەرچۆنێك بێ ژمارەی ئەم رستانە بێ سنوورە. ل**٣٣٠** پەراوێز).

[٣] publish volitions-

بالادەستە. هەردوو جۆری رستەکە، پرسین یا داخوازی **بۆ گەیشتن بە نیاز**[1] بەکار دێن و، هەردووکیشیان **پێویستیان بە وەلامە**، وەلامێك بە شێوەی کرداری یا زمانی بۆ داخوازی، وەلامێك بە شێوەی زمانی بۆ پرسین (ل **٢٩٣** و دواتر)[2]. بەم پێیە چوارچێوەی شیکردنەوەی جۆرەکانی رستە، پەیوەستە بە شیکردنەوەی تایبەتی پرۆسە زەینییەکان.

لە زماناسی دیکارتی دا، بۆ جیاکردنەوەی **جەستە** و **زەین**، گریمانەی ئەوە کراوە کە زمان دوو لایەنی هەیە. دەتوانین هێما زمانییەکان لە روانگەی دەنگە پێکهێنەرەکانیانەوە تاوتوێ بکەین، یا لە روانگەی ئەو نیشانانەی کە نوێنەری ئەو هێمایانەی سەرەوەن. هەروەها دەتوانین ئەوانە لە روانگەی (*ئەو میتۆدەی مرۆڤەکان بۆ دەربڕینی بیر و هزری خۆیان بەکاری دێنن. دەستووری زمانی هاوبەشی گشتی و ئەقلانی. ل٥*). کۆردۆمواش مەبەستەکەی بە چەند گوزارەی هاوشێوە راڤە دەکات (بڕوانە هـ. س ، پێشەکی): (*من جیاوازی دادەنێم لە نێوان ئەو لێکدانەوەیەی کە وتە لە رووحەوە سەردەردێنێ و لە جەستەوە دێتە دەرێ*).

لامیش وتارەکە بە جیاوازی نێوان **روحی وتە** و **جەستەکانیان**، دەسپێدەکات. **روحی وتە** (*واتە ئەو شتانەی خاوەن مەعنەویاتن و ئەوەی تایبەت بە ئێمەی مرۆڤە- توانایی دەربڕینی بیروراکان*) و، **جەستەکانیان** (*ئەوەی کە وتە لە ناو گوتراوە مادییەکاندا لەبەر دەستی دایە*).

---

[1] - to answer to a need

[2] - **پەی پێبردن** فارسیەکەی **ادراك** ە کە بە پێی رستە بە مانای زانین و تێگەیشتن و حاڵی بوون... دێت. ئیرادە بەمانی ویست کە هەموو حەز و ئارەزوو و داخوازییەکان دەگرێتەوە، لە هێندێك شوێن بە مانای تواناش دێت. و/ کوردی.

بە کورتی زمان خاوەنی دوو لایەنی **دەروونی** و **دەرەکییە**. دەتوانین رستەیەك لە رووی چۆنییەتی دەربڕینی بیرۆکەیەك، لە رووی شێوەی فیزیکییەوە تاوتوێ بکەین، واتە لە روانگەی نواندنی **دەنگسازی** یا رەنگدانەوەی مانایی.
ئەگەر بمانەوێ زاراوەکانی ئەمرۆکە بەکاربێنین، دەتوانین بڵێین، جیاوازی لە نێوان **ژێرسازی** رستە و **رووسازی**[1] رستەدا هەیە. **ژێرساز**، پێکهاتەیەکی ئەبستراکت و بنەڕەتییە کە رەنگدانەوەی مانای دەدات بە دەستەوە. **رووساز** رواڵەتی ئەو یەکانەیە کە رەنگدانەوەی دەنگسازی رستە دیاری دەکەن و پەیوەندی هەیە بە شێوەی فیزیکی وتەوە، یا ئەو شێوەی پەی پێدەبەین یا لەبەرچاومان گرتووە. دەتوانین خاڵێکی تر لە زمانناسی دیکارتی هەڵێنجین، ئەویش ئەمەیە، کە **ژێرساز** و **رووساز** یەکسان نین یا نابێ یەکسان بن. واتە پێکهاتەی ژێرەوەی رستەکە پەیوەندی بە رەنگدانەوەی واتایی رستەیە، مەرج نییە یا نابێ بە هەمان نەزم و پێکهاتەی رواڵەتی توخمەکانی دەرکەوێ.
دەستووری **پۆرت رۆیاڵ** ئەم خاڵەی بە روونی باس کردووە. لەم کتێبەدا بۆ یەکەمین جار، روانەگەیەك بۆ زمان هەڵدەبژێردرێ، کە لەسەر راو بۆچوونەکانی **دیکارت** دامەزراوە و، بەرچاوروونی و وردبینیی بەرچاوی تێدا بەدی دەکرێ[2]. شێوەی

---

[1]- دەکرێ لە بری deep stracture، ژێرساز، ژێر پێکهاتە، ژێرخان، بنساز و... هیتر، هەروەها لە بری surface stractur، دەکرێ رووساز، سەرساز، روو پێکهاتە، سەرپێکهاتە،... بەکار بێنین، وەلێ هێشتا زمانەوانان لە سەر هیچکامیان ساغ نەبوونەتەوە، بۆیە منیش بۆ ئاسانی تێگەیشتن و بڕوا بە کورتی وبە لەباری زاراوەکە، بەکارم هێناوە.

[2]- دەتوانین شوێنی **تیوری پۆرت رۆیاڵ**، جگە لە شوێنە دیکارتییەکەی لەمەڕ جیاوازی نیوان **ژێرساز** و **رووساز**، لە دەستووری سەردەمی **سکۆلاستیك** و **رێنسانس** و، بە تایبەتی لە **تیوری لابردن** و**جۆرەکانی ئیدیال**

سەرەکی بیرکردنەوە (بەڵام نەك تەنیا شێوەکەی - بڕوانە ل٨٩،٨٨،٨٧ ی ئەم کتێبە) دەسکەوتێکە کە لەسەر بنەمای ئەو دەسکەوتە، لایەنێکی تر پەسند دەکرێ. دەربڕینی زمانیی ئەو بە شێوەی گوزارەیە و ئەو دو زاراوەی بۆی بە کارهاتووە بریتین لە (**بکەر** *مانای کەسێك یا شتێك کە لەبارەیەوە شتێك دەخەینە روو(پشتیوانە*[1] *مانای ئەوەی دەریدەبڕین. ل٢٩*). بکەر و اسناد یا **سادەن** وەك (*زەوی خڕە*) یا **ئاوێتەن** وەك رستەی (*حاکمێکی بە توانا کەسێکی بەکەڵکە بۆ کۆمار*) یا (*خواوەندی نادیار جیهانی دیاری خوڵقاند*). سەرەڕای ئەمە لەبارەی بکەر و پشتیوانەی ئاوێتە:

لانیکەم لە زەینی ئێمەدا لێکدانەوەی زۆر هەیە و دەتوانین بەو ئەندازەیە رستە دروست بکەین. وەك چۆن کاتێك دەڵێین (خواوەندی نادیار جیهانی دیاری خوڵقاند) سێ دانە لێکدانەوە لە زەیندا وەدی دێن، کە لەم رستانەدا دەگونجێنرێن، لەبەر ئەوە من لەو رستەی سەرەوە ئەمانە هەڵدێنجم: ١- خواوەند نادیارە، ٢- ئەو جیهانی خوڵقاند، ٣- جیهان ئاشکرایە. لەم سێ رستەیە، دووەمیان رستەی بنەڕەتی و سەرەکییە و رستەی یەکەم و سێهەم تەنیا گوزارەی لاوەکین و بەشێکن لە رستەی بنەڕەتی. رستەی یەکەم بکەر و رستەی دووەم پشتیوانەی رستەی بنەڕەتی پێکدێنێ (ل٦٨).

بە واتایەکی تر ژێرساز، گوزارەی (*خواوەندی نادیار جێهانی دیاری خوڵقاند*)، سێ دەستەواژە جیا دەگرێتەوە، کە هەر کامێکیان بە شێوەیەك هەڵێنجراون، هەرچەندە شکڵی روزسازی دەستە واژەکە تەنیا پێکهاتەی پشتیوانەییە (**اسنادی**) یە.

لە کتێبی **مینروا** (١٥٨٧) نووسنی **سانتیکوس** دا بدۆزینەوە، کە بە ترۆپکی خۆی گەیشتبوو. بۆ بەدواداچوونی پتر بڕوانە (ساهلین هـ.س. بەشی ١ ل٨٩ بەدواوە).

[1]- predicate

ئاشکرایە ئەم ژێرسازە زارەکییە، واتە یەکالا ناکرێتەوە، بەڵکو تەنیا لە زەیندا خۆی دەنوێنێ:

بەم پێیە ئەم دەستەواژە لاوەکییانە بێ ئەوەی لە گوتار دا بەرجەستە بن، لە زەینمادا هەن، وەك نموونەکەی سەرەوە (خواوەندی نادیار، جیهانی دیاری خولقاند. ل٦٨)

هێندێك کات دەتوانین ژێرساز بە شێوەیەکی روونتر نیشان بدەین، ئەگەر بێتو نموونەکەی سەرەوە بەم دەنگانە دەرببڕین: ئەو خوایەی کە نادیارە، جیهانێکی خولقاند کە دیارە. ل٦٨و ٦٩). بەلام ئەم رستەیە دیفاکتۆی بونیادی زەینی پێکدێنێ، جۆرێك هاوڕێیی زەینی لەگەڵ گوتار - بە بێ ئەوەی گوێ بدرێتە ئەوەی کە ئایا ئەم شێوە رووسازەی گوتە کە بەم شێوەیە بەرهەم دێ، بە شێوەی سادە و بەش بەش لەگەڵ ئەودا هاووێنەیە یا نەخێر؟

بە گشتی پێکهاتەکانی **ناو** وێڕای ناوێکی تر لە رۆڵی ئاوەڵناوی بەرکاری یائاوەڵناو، ژێرسازی خاوەن بەندی پەیوەستن: (تێکڕای ئەم شێوەی پەیوەندییە لە چەمکی خۆیدا گونجاندووە ودەتوانێ بە هۆی ئامرازی پەیوەندی دیاری بکرێ. ل ٦٩). ژێرسازی یەکسان لە زمانگەلی جیاوازدا رەنگە رووسازی جیاوازی هەبێ، وەك ئەم دەستەواژە لاتینییە: vido canem currentem واتە من سەگێك دەبینم رادەکا) کە بە فەرەنسی بەم شێوەی دەردەبڕدرێ vois un chien qui court) ل٦٩-٧٠) شوێنی راناوی **پەیوەندی** لە **گوزارەی زارەکیدا** بە رێسایەك دیاری دەکرێ، کە ژێرساز دەگۆڕێ بۆ رووساز. بۆ نموونە دەتوانین ئەم بابەتە لە گوزارەی (ئەو خوایەی کە من دەیپەرستم) و (ئەو خوایەی کە بە دەستی ئەو جیهان خولقێنرا) دابینین. لەم بارەوە:

ئامرازی پەیوەندی هەمیشە لە سەرەتای دەسەواژەکەدایە، (لەگەل ئەوەشدا لەسەر بنـەمای مانا، جگەلە کۆتایی رستە نابیٚ لەهیچ شوێنێکی تر بێت) مەگەر لە ژێر دەسەلاٌتی ئامرازی پەیوەندی (پریپۆزیشن) دابێت (کە لەم حالەٌتەدا) هەرچۆنێك بیٚ پیتی پەیوەندی دەکەوێتـە پێش ئامرازی پەیوەندی. ل٧١

لەم رستانەی دواییدا ژێر**ساز**، خـاوەنی سیستمێکی دەستەواژەکانە، کە لە گـوزارەی گوتراودا راستەوخۆ و یەك بە یەك دەرناکەون. ئێمە بـۆ دروسـتکردنی رسـتەیەکی واقعی، رێسایەکی دیاری کراو لەم سیستـمە بنەرەتییـەی گوزارەکـانی سـەرتایی، هەلٌدەگرین (*ئێستا بەم یاسایانە دەلٌێن* ***رێزمانی گوێزانەوە***[1]). لەم نموونانـەدا ئێمـە ریسایەك بە کاردێنین، کە ئەو راناوە پەیوەندییەی جێگای ناوی گرتۆتـەوە کـە لـە دەستەو واژە شاراوەکەدا، بەرزی دەکەینەوە (*لەگەلٌ ئەو گوزارەی پـێش ئـەم دیٚ*)، دوای ئەوە دەتوانین بە دلٌی خۆمـان رانـاوی پەیوەنـدی لابـەرین و هاوکـات کـاری پەیوەندی یش وەلانـێن (*وەك خواوەنـدی نادیـار*)، شـێوەی کارەکـە بگـۆرین وەك سەگەکە رادەکا). لە کۆتاییدا لە هێندیك حالەٌتدا جێگای نـاو (canis currens) ئاوەلٌناو دەگۆردری (un habile magistrate).

گوایە، ئەو **ژێرسازەی** مانا دەخولٌقێنیٚ، لە هەموو زمانەکانـدا یەکسـانە، چـونکە رەنگدانەوەی سادەی شێوەکانی بیرکردنەوەیە. ریساکانی گەردان کردن کـە **ژێرسـاز** دەگـۆرن بـۆ **رووسـاز**، لـە زمـانی جۆراوجـۆردا جیـاوازن. ئـەو رووسـازەی لـەم گەردانکردنە وەدەست دیٚ، جگە لـەو حالەٌتـە زۆر سـادەیەدا، پەیوەنـدی مانـایی زاراوەکـان راسـتەوخۆ نیشـان نـادات. ژێرسـازی **گوتـەزای واقعـی**[2]، کـە

[1] - grammatical transformations

[2] - actual utterance

دروستکردنەکەی بە تەواوی ئەبستراکتە، ناوەرۆکی مانای رستە دەرنابڕێ. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم ژێرسازە پەیوەندی بە رستە واقعییەکانەوە هەیە، لەبەر ئەوەی هەرکامێك لەم گوزارە ئەبستراکتانەی ئەو رستەیە پێك دێنن (*لەو حاڵەتانەی لەسەرەوە باسکرا*)، دەتوانێ راستەوخۆ لە شێوەی دەرهاویشتەی گوزارەیی سادە دەرکەوێ.

کتێبی **لۆجیکی پۆرت رۆیاڵ** بە دوور و درێژی لە تیوری گوزارە بنەرەتی و لاوەییەکان دواوە، وەك تو‌خمەکانی پێکهێنەری ژێرساز، لەگەڵ شێکردنەوەیەکی درێژی گیرەك لێکنراوەکان. لەوێدا جیاوازیان لە نێوان گیرەکە لێکنراوەکانی روون کردنەوە و دیاریکردن، داناوە. ئەم جیاوازییە، لەسەر بنەمای شیکردنەووەی پێشووی پەی **پێبردن** و **واتاو** و **چەمکە هاوبەشە گشتییەکان**[١] وەستاوە، کە ئیستا

---

[١]- universal ideas.

چەمکی **ئیدە** (idia) لە بیرکردنەوەی دیکارتیدا گرینگە وەلێ قورسە. لە نووسینەکانی **دیکارت** دا کەڵك لە زۆر زاراوەی وەرگیراوە، وەك **ئیدە** یا **چەمك**، بەڵام جیاوازییەکی ئەوتۆیان لە نێوان دانەنراوە و خودی چەمکیش روون نییە. دیکارت زاراوەی **ئیدە** دەبەستێتەوە بە **شێوەی خەیاڵی و** دەڵێ: (هەندێك لە بیرو هزرەکانی من، ئەگەر زیادەرەوی نەبێت، شێوەی خەیاڵی شتەکانن و، بەکارهێنانی زاراوەی ئیدیا تەنیا بۆ ئەوانە راستە.) (Medetations, III, translated by Haldane & Ross, vol. 1, p. 56)

دیارە ئەو **وێنە خەیاڵیانە** رەنگە بەرهەمی هێزی خەیاڵ، یا لێکدانەوەی دەروونی بن، نەك وەك ئەو شتەی لە رێگەی هەستەکانەوە دەستەبەر دەکرێ. مەبەستەکەم روون دەکەمەوە. ناوبراو لەوەڵامی نارەزایەتی **هابز،** بەم نووسینە مەبەستی خۆی رون دەکاتەوە (وێدەچێ هێندێکی گۆریبێ) و دەڵێ: مەبەستی من لە زاراوەی **ئیدە**، هەر ئەوەیە کە زەین راستەوخۆ پەی پێدەبا. کەواتە کاتێك من دەمەوێ و یا دەترسم، هاوکات پەی بەوە دەبەم کە دەترسم و هەم دەمەوێ و پەی پێدەبەم، کە تێکڕای ئیرادەو پەی پێبردنەکان بەشێکن لە ئیدەکانی من.
(Haldane & Ross, vol. II, PP. 67-68)

وێدەچێ کەڵك وەرگرتنی دواتر لە زاراوەی ئیدە، لە ئاستی بیرکردنەوە لەگەڵ کەڵك لێوەرگرتنی گشتی لەم زاراوەیە، هاوئاهەنگ بێ. بۆ نموونە، ئەو لە کتێبی **وتە لە میتۆددا** لە (هێندێك لەو یاسایانەی، کە خواوەند

پێیان دەوترێ **مانا** و**سەرچاوە**[1]. تێگەیشتن لە چەمکێك، کۆمەڵێك خەسڵەتی زاتین کە ئەو چەمکە روون دەکەنەوە، وێرای هەرچی بکرێ لێ هەڵبێنجرێ و **تێگە**[2]، کۆمەڵە شتێکە کە خۆی دەلالەتیان لێدەکات:

لە سروشتی هاویشتووە و، لەوانەوە چەندان ئیدەی لە زەینی ئێمەدا تۆمار کردووە) دەدوێ ٠هـ. س. ل١٠٦).
بەم پێیە لە کتێبی **بنەماکانی فەلسەفە** دا (هـ. س ل٢٢٤) جیاوازییەکی دیاری کراو، دانەنراوە لە نێوان ئیدەی **ژمارە** و **شێوە** و هێندێك چەمکی ئاسایی تر وەك: ئەگەر بۆ هەردووبەری هاوکێشەیەك بڕێکی نەگۆڕ زیاد بکرێ ئاکامەکەی هەر یەکسانبوونی هەردوو بەری هاوکێشەکەیە، وە نموونەی تر. زاراوەی **ئیدە** لەو ئاستەی هەرشتێك پەی پێببرێ نەك تەنیا خەیاڵ بکرێ، لە لۆجیکی پۆرت رۆیاڵیش دا کەڵکی لێوەرگیراوە.
بەم پێیە جۆرەها شێوە چەمکی و تەنانەت گوزارە، ئیدەن. (کە لە کوردی دا دەبێتە بیرۆکە و/ك). ئەم کارابیە، زۆر باوە. لامی (هـ. س. ل٧) ئیدە بە موڵکی زەینی دەزانێ و دەڵێ:
سەرەڕای ئەو وێنا و بیرۆکانەی لە ئارادان، بە هۆی ئەو شتەی کار دەکاتە سەر جەستەی ئێمە، سەر هەڵدەدەن، ئیدەگەلی تر لە سروشتمان دا دەدۆزینەوە، کە هەرگیز لە ڕێگەی هەستەکانمانەوە نایەنە ناو زەینمان، وەك ئەوەی چەند ئیدەیەکن راستییە بنەڕەتییکانمان نیشان دەدەن، ئەو راستییانەی وەك: پێویستە هەرشتێك موڵکی هەرکەسێکە بۆ خاوەنەکەی بگەڕێنرێتەوە، یا مەحاڵە **شتێك** لەیەك کاتدا **هەبێ** و **نەبێ**.
بەگشتی، گوزارە سادەو ئاوێتەکانی دەستووری لۆجیکی پۆرت رۆیاڵیش، ئەم چەمکەی ئیدەی لەبەر چاوگرتووە، چونکە گوزارە پێکهاتەییەکانی بە بنەمای گوزارەکان داناوە، بەو مانایەی کە **ئیدە** گوزارشتێکی فۆنێتیکییە لە تیورییەکانی زەینی. پەی پێبردن یا **ئیدراك** (واتە مەبەست، یامانا) ی یەك ئیدە لە روون کردنەوەی مانابیدا چەمکێکی سەرەکییە و، ئەگەر ژێرسازی زمان، بە رەنگدانەوەی راستەوخۆی پرۆسە زەینییەکان بزانیین، ئەو کاتە **ئیدە** لە شیکاری بیرکردنەوەدا دەگۆڕێ بۆ **چەمکێکی سەرەکی**. بۆ بە دواداچوونی پتر بڕوانە یاداشتی ٢ لە لاپەڕەی ٢٧٦ تا ٢٨٥ لەم کتێبەی خوارەوە:

J. Veitch, The Method, Meditations, and Selections from the Principles of Descartes, Edinburgh, Blackwood 7 Sons (1880)

[1] - reference، ئەو سەرچاوەی وشکەی لێوەهاتووە یا پەیوەندی سینتاکسی پێیەوە هەیە. و/کوردی.

[2] - وشەی (sense, intension,refrence،extension) مانا، واتا، چەمك، تێگە، هەروەها واتا، دەگەیەنێ: کە هەر زاراوە بەپێی شوێنی تایبەتی خۆی لە رستەدا بەکارهاتووە. و/ کوردی.

پەی بردن بە چەمکێك مانای تێگەیشتنە لە بەشە پێکهێنەرەکانی، ناتوانین هیچ کام لەو بەشانە لەو چەمکە جیا بکەینەوە، مەگەر چەمکەکە لەناوبەرین. بۆ نموونە چەمکی سێ گۆشە پێکهاتووە لە چەمکی سێ لا و چەمکی سێ زاویە و چەمکی یەکسانی کۆی گۆشەکان بە دو ئەوەندەی گۆشەی راست و هیتر.

واتای چەمکێك، کۆمەڵە شتێکە کە دەتوانین زاراوەی دەربڕی ئەو چەمکەیان لەسەردا دابنێین. ئەوشتانەی پەیوەندیان بە واتای چەمکەکەوە هەیە، ژێرچەمکی ئەو چەمکەن و خودی ئەو چەمکە بە بەراورد لەگەڵ ئەو شتانە سەرچەمك ی پێدەوترێ. کەواتە واتای چەمکی گشتی سێ گۆشە، هەموو بەش و لایەنەکانی سێ گۆشە دەگرێتەوە. (ل٥١)

لەسەر بنەمای ئەم بۆچوونانە، دەتوانین جیاوازی دابنێین لە نێوان ئەم رستانەی روونکردنەوەن وەك: (*پاریس کە گەورەترین شاری ئەوروپایە*) و (*ئەو مرۆڤ کە لەناودەچێ*) لەگەڵ **گوزارەی دیاری کەر** وەك (*تەنە شەفافەکان و مرۆڤی ئیماندار، یا ئەو تەنانەی کە شەفافن و ئەو مرۆڤەی کە ئیماندارە*. ل٥٩ و ٦٠ و ل١٨).

گوزارەی ئاوێتە ئەوکاتە گۆزارەی لێکدانەوەییە، کە ١- واتای دەربڕاو لە چەمکی گوزارەی سەرەکی دا هەبێت، ٢- واتای دەربڕاو لە گوزارەی ئاوێتەدا، واتای تایبەتی لاوەکی هەموو ژێرچەمکەکانی ئەو چەمکە بێت کە زاراوەی سەرەکی ددەیگەیەنێ. ل٥٩-٦٠).

گورزارەیەکی ئاوێتە کاتێك بە دیارکەر دەزانن کە ئەو مصداقانەی بەهۆی گوزارەی ئاوێتە دەربڕدراون، کەمتر بێ لە واتاکانی زاراوە سەرەکییەکان. ل٦٠)

لە **بەندی وابەستەی لێکدانەوەیی**[١] دا، ئەگەر سەرچاوەکە راناوی پەیوەندی جێگرەوەی راناو بێ، ژێرسازی بەندەکە تەواو مانای دەرهاویشتەی هەیە، کە لەو

١- explicative relative clause

بەندەدا خراوەتە روو. بۆنموونە رستەی (*ئەو مرۆڤانەی خولّقێنراون تا خوا بناسن و خۆشیان بویّ*)، ئەمە واتایەکی ناوەکی هەیە، کە مرۆڤ بۆ ناسین و خۆشویستنی خوا خولّقێنراوە. کەواتە **بەندی وابەستەی لێکدانەوەیی**، تایبەتمەندی سەرەکی پیتی پەیوەندی هەیە. وەلیّ لەبارەی بەندی وابەستەی دیارکەری ئەم بابەتەدا، راست نییە. کەواتە کاتێك دەلّێین (*ئەو پیاوانەی لەخواترسن، خێرخوازیشن*) مەبەستمان ئەوە نییە کە مرۆڤەکان لە خواترسن و هەروەها مرۆڤەکان خێرخوازیشن. لە دەسپێکی ئەم گوزارەیەدا،

ئێمە چەمکێکی ئاوێتە بە لەپالّ یەك دانانی دوو چەمکی سادە دروست دەکەین (چەمکی مرۆو چەمکی لە خواترس) و ئاوای لێکدەدەینەوە کە تایبەتمەندی خێرخوازبوون، بەشێکە لەم چەمکە ئاوێتەیە. لەسەر ئەم بنەمایە، بەندی وابەستە، شتێکی لەوە پتر نالیّ، کە چەمکی لە خواترسی لەگەلّ چەمکی مرۆڤدا نایەت. کەواتە لەم لێکدانەوەیە بۆمان دەردەکەویّ کە دەتوانین چ واتایەك لە چەمکی ئاوێتەی مرۆڤی لەخواترس هەلّێنجین. (ل١١٩)

هەروەها سەرنج بدە ئەم گوزارەیە (*ئەو بڕوایەی کە باشی رەها بە چێژی هەستی جەستە دادەنیّ و بە هۆی* ***ئەبیکۆرە****و بلاّوکرایەوە، لە ئاستی فەیلەسوف دا نییە*)[١] بکەری ئەم رستەیە بریتییە لە (*کە باشی رەها بە چێژی هەستی جەستە دادەنیّ*) و بەندی وابەستەی لێکدانەوەیی بریتیە لە(بە هۆی ئەبیکۆڕەوە بلاّوکرایەوە).

---

[١]- لە دەقە فەرەنسییەکەدا، رستە راستەقینەکە ئاوایە:

La doctorine qui met le souverain bien dans la volupte du corps, laquelle a ete enseignee par Epicure, est indigne d un philosophy.

لە وەرگێراوەکەی دیکاف و جیمز کە من لە شوێنێکی تر بینیومە، ئاوا نووسراوە:

The doctorine which identifies the sovereign good with sensual pleasure of the body, and which was taught by epicurus is unworthy of philosopher.

دەلالەت[1] راناوی پەیوەندی بەندی یەکەم لە گوزارەی ئاوێتەی (*ئەو بڕوایەی کە باشی رەها لە چێژی هەستی جەستەوە دەزانێ*) دایە. لەوێوە کە (*بە هۆی ئەبیکۆرەوە بڵاوکرایەوە*) لێکدانەوەییە، رستەی سەرەتایی، ئەم تێگەشتنە ناوەکییەی هەیە، ئەو بڕوایەی کەوتۆتە بەر باس، ئەبیکۆر بانگەشەی بۆ کردووە. بەڵام راناوی پەیوەندی وابەستە ناتوانین لەگەڵ دەلالەت لێکراوەکە جێگۆڕ بکەین تا ناوەرۆکی هەموو رستەکە بگەیەنێ. لێرەشدا گوزراەی ئاوێتە کە بەندی وابەستەی دیارکەر و **سەرچاوەکەی** دەگرێتەوە، چەمکێکی ئاوێتە دروست دەکەن، کە پێکهاتووە لە هەردوو چەمکی بڕوا و، وەك یەك دانانی **باشی رەها**[2] لەگەڵ **چێژی هەستی**[3] جەستە. لەسەر بنەمای ئەم تیورییەی پۆرت رۆیاڵ تێکڕای ئەم زانیارییانە دەبێ لە ژێرسازدا بوونیان هەبێ و لێکدانەوەی مانایی ئەم رستەیە، بەکەڵك وەرگرتن لەم زانیارییانە، دەبێ هەر وەك ئەوە بێ کە باسکرا. (ل١١٩ و ١٢٠)

هەر لەسەر **تیوری پۆرت رۆیاڵ** بەندی وابەستەی دیارکەر، لەسەر بنەمای یەك گوزارە وەستاوە، تەنانەت ئەگەر ئەم گوزارەیە، کاتێك بەندی وابەستە لە گوزراەیەکی ئاوێتەدا بەکار دەبرێ، پەسندیش نەکرێ. ئەوەی کە لە گوزارەی (*مرۆڤانێك لە خواترسن*) جێگای پەسندە، لە گونجانی چەمکە پێکهێنەرەکانی بەولاوە شتێکی تر نییە. لەبەر ئەوە لە گوزارەی (*ئەو زەینانەی چوارگۆشەن،*

---

[1]- دەلالەت، یا سەرچاوە= reference بریتییە لەو بەشەی مانای گروپێکی ناوی کە بە شتێکییەوە دەبەستێتەوە، ئەوبەشەی مانای هەواڵێی کە دەیبەستێتەوە بە بەهایەکی راست، دەکرێ راست بێ یا درۆ. (درآمدی برزبان شناسی- ڤیکتریا فرامکلین و رابرت رادمن و نینا هیمز، ل٦٨٦. و/ کوردی)

[2]- sovereign good، واتە چاکە یا باشیی زاڵ

[3]- sensual pleasure

بەهێزترن لەو زەینانەی بازنەیین)، دەتوانین بە ڕێکی بڵێین کە بەندی وابەستە، بە واتایەك **هەڵەیە**، چونکە چەمکی *چوارگۆشە بوون لەگەڵ چەمکی زەین لە پلەی سەرەکی بیرکردنەوەدا* ناگونجێ (ل ١٢٤).

بەم پێیە بنەمای ئەو ڕستانەی، کە خاوەنی بەندی وابەستەی لێکدانەوەیی و دیاخەر، لە ڕاستیدا لەسەر پایەی سیتمی گوزارەکانن (*مانای ئەو دیاردە ئەبستراکتانەی کە مانای ڕستەکان دخولقێنن*)[1] ، وەلێ میتۆدی پەیوەندی ئەوانە، لە بەندی لێکدانەوەیی و دیارکەریی دا جیاوازە. لە بەندی لێکدانەوەیی دا دەرهاویشتەیەکی بونیادی پەسند دەکرێ، بەڵام لە بەندی دیارکەردا، ئەو گوزارەی کە لە جێگۆڕکێی ڕاناو یا سەرچاوەکەی وەدەست دێ، پەسند ناکرێ، بەڵکو گوزارەکە لەگەڵ ئەو ناوەدا چەمکێکی ئاوێتە دروست دەکات.

بەدڵنیاییەوە ئەم ئەم بیروباوڕانە خۆیان لە خۆیاندا ڕاستن و، هەر تیۆرییەکی ڕستەسازی کە بیهەوێ چەمکی **ژێرساز** بە وردی ڕوون بکاتەوە و، ئەو ڕێسایەی کە ژێرساز بە رووسازەوە دەبەستێتەوە، تاوتوێ و تۆماری بکات، بێ گومان پێویستە بایەخیان پێبدات. هەرچۆنێك بێ، دەبێ ئەم بیروبۆچوونانە بە ڕێبازی **دەستووری گەردانکردنی بەرهەمهێن**[2] لەبەرچاو بگیرێن. تیۆرییەکی ئاوا باسی ڕێسایەك دەکا، کە ژێرساز دیاری دەکا و دەیبەستێتەوە بە رووساز و، ڕێساکانی لێکدانەوەی

---

[1] – هەروەها دەبێ بزانین کە پێکهاتەی ئاوەڵناو – ناو لە رووسازدا، دەتوانێ بە هوی ئەو جۆرە گەردانکردنانەی، کە لە دەستووری پۆرت ڕۆیاڵ دا هاتووە، لە هەریەکێکیان دەتوانین دووە جۆر (وابەستە) دروست بکەین. ئەم بابەتە لەو نموونانەی لێرەدا هاتوون و گرینگتر لەوەش لە نموونە نارروونەکانی **یەسپرسن** دا وەك ڕستەی ژێرەوە، بە ڕوونی دەبینرێ:

The Industrious Japanese will conquer in the long run.

[2] – transformational generative grammar

مانایی و مۆرفیمی، کە بە ریز لە ژێرساز و رووسازدا ئەنجام دەدرێن. بە واتایەکی تر ئامانجی تیورییەکی ئاوا، تارادەیەکی زۆر روون کردنەوە و پێرستکردنی ئەو چەمکانەیە، کە لە دەقەکانی سەرەوەدا سەرپێی ئاماژەمان پێکردووە و لە هێندێك رووەوە بە تایبەتی پێرست کراون. بەرای من لە زۆر رووەوە بە تەواوی راستە ئەگەر **تیوری دەستووری گەردانکردنی بەرهەمهێن**، دەك لە بەرهەمەکانی هاوچەرخدا هاتووە، لە راستی دا بە گێڕانەوەیەکی نوێ و رەوانتری **تیوری پۆرت رۆیاڵ** ئەژمار بکەین.

لە تیوری پۆرت رۆیاڵ دا راناوی پەیوەندی کە لە رووسازدا دەردەکەوێ، هەمیشە رۆڵی جێگرەوەی دووفاقی **ناو** و پێکەوە بەستنەوەی گوزارەکانی نییە، بەڵکو دەکرێ (*تەنیا وەك راناو بەکارببرێ*) و تەنیا دووەمین رۆڵ بگێڕێ. بۆ نموونە، لەو رستانەی وەك (*پێموایە ئێوە ئاقڵ بن*) و (*من پێتان دەڵێم ئێوە زۆر تاوانکارن*)، دەبینینن، لە رووسازدا گوزارەی وەك (ئێوە دەبێ ئاقڵ بن و ئێوە تاوانکارن) لە بەشە گوزارەیەکی تەواو بەولاوە شتێکی تر نییە: (*پێم وایە و هیتر، من بە ئێوە دەڵێم و هیتر*) (*دەستوور* ل٧٣)[١]

---

[١]- دەبێ ئاگادر بین کە لە حاڵەتێکی ئاوادا، راست نییە بڵێین هەر یەکێك لەو توخمە ئەبستراکتە سەرەتاییانەی **ژێرساز** دروست دەکەن، خۆی دەتوانێ ببێتە بنەمای رستەیەك. لەبەرئەوە، بۆ نموونە je vous dis رستە نییە، ئەگەر بمانەوێ کەڵك لە زانیارییەکانی ئەمڕۆکە وەربگرین، دەبێ بڵێین ئاوا نییە، کە هەرکامێك لەو کەرەستانەی بە رێساکانی دروستکردنی پێکهاتە بەرهەم بێ، بتوانێ ببێتە بنەمای رستەی سەرەکی!. بەم شێوەیە لە تێکڕای بەرهەمەکانی **دەستووری گەردانکردنی بەرهەمهێن**، لەم دەساڵەی دوایی دا، هەمیشە ئەم بابەتەیان بە ئاسایی زانیوە، کە رێساکانی دروست کردنی پێکهاتە دەتوانن هێمای ساختە وەدیبێنن، کە تەنیا لەبەر کارایی هێندێك رێسای دەروونیانە (وەك پێکهاتەی کار- تەواوکەر لە زمانی ئینگلیزی دا) بە هۆی زنجیرەیەك زاراوە دووبارە دەردەکەونەوە و، ئەو زنجیرە سەرەتاییانەی کە ئەو هێمایە

لە کتێبی *دەستوور* دا هاتووە کە ڕۆڵی پێکهاتەی چاوگی لـە دەزگـای **فەرمانیـدا** هاوشێوەی ئەو ڕۆڵەیە کە بەندە وابەستەکان لە دەزگای **نـاویی** دا دەیگێـڕن، بـەم مانایـە کـە ئامرازێـك بـۆ بـەرفراوان کردنـی دەزگـای فـەرمانی، لـە ڕێگـەی بەسـەرکردنەوەی تێکـڕای گوزارەکانـەوە دەسـتەبەر دەبـێ: (چـاوگ یەکێکـە لـە حاڵەتەکانی کار، هەروەك چۆن ڕاناوی پەیوەندی یەکێکـە لـە حاڵەتـەکانی ڕانـاو. ل١١١و ١١٢) و (چاوگ، وەك ڕاناوی پەیوەندی، سەرەڕای دەربڕینی کار(فـەرمان) دەتوانێ لەو شوێنەدا کە موڵکی گوزارەیەکی ترە، پەیوەندنی بەو گوزراەوە بکات. ل١١٢)، کەواتە مانای scio malum esse fugiendum ژێرسـازێك دیـاری دەکا کە لە دوو گوزارە پێك دێت. ڕستە ئەم گوزارانـە scio هـەروەها malum est fugiendum ە. ڕێسای گەردانکردن (بە واتای ئەمڕۆ) کە ڕووسازی ڕستەکە دروسـت دەکـات est لـە جێگـای esse دادەنـێ. هـەر بـەو شـێوەی کـە ئـەو گەردانکردنانەی ڕستەی وەك (خواوەندێ ك کە هەیە نادیارە، جیهانێ ك کە هەیـە خولْقانـدی) دروسـت دەکـەن، کـردەوەی جیـاواز ئـەنجام دەدەن وەك جێگـۆڕکێ و گواستنەوە و لابردن لە سیستمەکانی ژێرسازی گوزارەکان (*لەبەر ئەم لایەنەیـە کـە لە زمانی فەرەنسیدا، تارادەیەك هەمیشە چاوگ لە گـەڵ لایـەنی هـەواڵی کـار و ئامرازی (que) نیشان دەدەین، دەزانین کە هـەڵاتن جـوان نییـە... ل١١٢*). لـەم حاڵەتەدا ناسنامەی **ژێرساز** لە فەرەنسی و لاتینی دا ئەو دیفاکتۆیە لەکەدار دەکا،

ساختانەی تیدا دەبینرا، بنەمای ڕستەگەلی سەرەکی نـین. بـیروڕای جیـاواز وەلێ پێکپەیوەسـت کـە لـەم دوو حاڵەتەدا بەرجەستە بوون، لەم کتێبەی خوارەوەدا باسکراوە:

Chomsky, Aspect of the theory of syntac, chp. III.

که ئەم دوو زمانە کەڵك لە گەردانکردنی جیاواز وەردەگرن بۆ سیمای رووسازی رستە.

دواتر **دەستوور** دەڵێت، دەتوانین گواستنەوەی وتەی ناراستەوخۆ بە هەمان شێوە شیبکەینەوە[١]. ئەگەر گوزارەکە دەروونیی و ژێرسازیی و پرسیارییە، ریسای گەردانکردن si لەبری que بەکاردێنیّ، وەك: on mademande si je pouvais cela (*لێیم دەپرسن کە ئایا دەتوانین ئەو کارە ئەنجام بدەم*) کە (*باسی خاڵێك دەکەم*) هەرئەمەیە (pouvez- vous fair cela ?) ئایا دەتوانی ئەو کارە ئەنجام بدەی؟ لە راستیدا هێندێك جار تەنیا گۆڕینی کەسەکە بەسە و پێویستی بە پێوەلکاندنی شتی تر نییە. وەك (*لە منی پرسی: ئێوە کێن؟*) لە بەرامبەردا (*لە منی پرسی من کێم. ل١١٣*).

ئەگەر بمانەوی هێڵەگشتییەکانی **تیوری پرۆت رۆیاڵ** کورت بکەینەوە، دەتوانین بڵێین، رستە لایەنێکی زەینی دەروونی هەیە، (*ژێرسازێك کە ماناکەی دەدا بەدەستەوە*) هەروەها لایەنی بابەتی و دەرەکی هەیە وەك زنجیرەی فۆنیتێکی. جیاکردنەوەی رووسازی رستەکە، رەنگە نەتوانیّ پەیوەندی گرینگی ژێرساز بە نیشانە رواڵەتییەکان، یا بە پێرستی واقعی وشەکان، دیاری بکات. وێڕای ئەمە، چۆن گوتاری بابەتی بەرهەمدیّ، ژێرسازیش ئاوا لە زەیندا رەنگدەداتەوە. **ژێرساز** سیستمێکی گوزاراەکان دەگرێتەوە، کە بە شێوەگەلی جیاواز رێکخراون. ئەو

---

[١] - **بۆزە** شیکردنەەیکی تری بۆ ئەم پێکهاتانە، لە هەمان سەرچاوەدا خستۆتە روو. نابراو ئەوانە بە **گیرەکی لکێنراو** دادەنیّ، کە سەرچاوەکەیان بە یەك گەردانکردن لابراوە. کەواتە رستەکانی (بارودۆخی ئێستای مەسیحییەکان دەیسەلمێنی کە ئایینی ئێمە ئلاهییە) و (من وا بیردەکەمەوە کە خۆشم دەویّ) بەریز لەم رستانە وەرگیراون (بارودۆخی ئێستای مەسیحییەکان راستییەك دەیسەلمێنی و راستییەکەش ئەمەیە کە ئایینی ئێمی ئلاهییە) و (من بیر لە شتێك دەکەمەوە ئەویش ئەمەیە کە خۆشم دەوێی). (ل٤٠٥)

گوزارە سەرەتایانەی کە ژێرساز دروست دەکەن بە شێوەی نیهاد-گـوزارە و لەگـەڵ نیهاد و گوزارەی سادەن (*مانای گوتەزان، نەك گوزارەی ئاڵۆزتر*). زۆر لەو گـوزاراە سەرەتایانە رەنگە سەربەخۆ بە شێوەی رستە دەرکەون. بە گشـتی نـاتوانین بڵێـێن، کە دەرهاویشتە سەرەتاییەکانی خولقێنەری ژێرساز، ئەو کاتە پەسند دەکـرێن کـە رستە بنەمایەکەی بەرهەمدێ. بۆ نموونە بەندەکانی لێکدانـەوەیی و دیارخـەر لـەم رووەوە لێکجیان. بۆ بەرهـەمهێنانی رسـتەیەك، لـەو ژێرسـازەی خـاوەنی واتـای رستەکەیە، پێویسـتە رێسـای گـەردانکردنی **گواسـتنەوە** و **جێگـۆڕکی** و **لابـردن**، بەکاربێنین. هەندێك لەم گەردانکردنانە بە زۆرن و هەندێکیان بە ئارەزوون. کەواتـە دەتوانین لەم رووەوە رستەی (*خواوەند کە دیار نییە، جیهانێکی خولقاند کە دیـارە*) لە رسـتەی هاومانـای ئـەو واتـە (*خواوەنـدی نادیـار جیهـانی دیـاری خولقانـد*) جیابکەینەوە، ئەویش لەبەرئەوەی گەردانکردنی بە ئارەزوو، کاری لابردنـی ئـەنجام داوە. بەڵام ئەو گەردانکردنەی راناوی پەیوەندی بە قازانجی ناو لادەبا و دواتر پلەی راناو بەرزدەکاتەوە، بە زۆرە واتە بەئارەزوو نییە.

ئەم بابەتانە تەنیا پەیوەندییان بەو رستانەوە هەیە، کە بە تایبەتی لە سەر بنەمای دەرهاویشتەن. وەلێ ئەم رستانە، هەرچەندە شێوەی سەرەکی بیرکردنەوەن، هـەموو **کـردەی زەینـی ئێمـە** نـین و (پێویسـتە دیسـانەوە بڵـێین کـە پێکـەوە لکانـدن و جیاکردنەوەی رستەکان و لایەنی تر، هەموویان مەودای کردەی هاوشـێوەی زەینـی ئێمەن و، نیشاندەری تێکڕای ئەو کردانەی تری زەیـنن، وەك، ئـارەزوو، فـەرمان و داخوازییەکان و هیتر. ل٢٩). هەندێك لـەو شـێوانەی تـری بیرکردنـەوە بـە پیتـی تایبەتی ergo, si, vel, non و هیتر دیاری دەکرێن. ل١٣٧-١٣٨). بەڵام لـەم جۆرە رستانەشدا ناسنامەی ژێرساز، بەهۆی جۆراوجۆری ئامرازەکانی گەردانکردن،

به شاراوەیی دەمێنێتەوە، لە کاتێکدا کە رستەی واقعی دروست دەبن، ئەو مانایانەی لەبەر چاو گیراون ئیلهام (القا) دەکرێن. لەم رووەوە دەتوانین رستەگەلی پرسیاری بە نموونەی شایەت بێنینەوە. لە زمانی لاتین دا پیتی پرسینی ne (*بوونێکی بابەتی دەرەوەی زەینی نییە، تەنیا کردەی زەینی ئێمە نیشان دەدات، کە بەهۆی ئەو زانینەوە ئارەزووی شتێك دەکەین. ل١٣٨*). راناوی پرسین (*جگە لە راناوێك کە نیشانەی ne پێوە دەلکێنرێ شتێکی تر نییە، مانای سەرەڕای ئەوەی وەك راناوەکانی تر جێگای ناو دەگرێتەوە، کردەی زەینی ئێمە دەنوێنێ، کە دەیەوێ شتێك بزانێ یا شتێك وەدی بێنێ. ل١٣٨*). بەڵام دەتوانین بە میتۆدی تر، جگە لە پێوەلکاندنی پیت، ئەم **کردە زەینیە**[١] دیاری بکەین، میتۆدی وەك پێناسەکردن، یا پێچەوانە کردنەوەی پیڕستی وشەکان، وەك زمانی فەرەنسی کە لەوێدا راناوی بکەری لە موقعیەتی دوای ناسینی کەسەکە لە کار دا دەگوازرێتەوە و (هاورێکی شیوەی ژێرساز وەك خۆی دەمێنێتەوە). ئەمانە هەموویان ئامرازن بۆ دەرکەوتنی ژێرسازی یەکسان. (ل١٣٨و ١٣٩).

دەبێ بزانن کە تیۆرری **ژێرساز** و **رووسازی** لە توێژینەوەکانی پۆرت رۆیاڵدا، وەك هەر تیۆرییەکی کاریگەر، بە شێوەیەکی پەنهانی چەندین ئامرازی دووبارە کردنەوەیە، واتە لە چوارچێوەی ئەو تیۆرییەدا دەتوانین بە شێوەیەکی بێ سنوور،کەڵك لە چەند ئامرازی دیاری کراو وەربگرین (*بە واتایەکی تر کەڵکی بێ سنوور لە ئامرازگەلی سنووردار وەربگرین. و/کوردی*). سەرەڕای ئەوە، دەبینین لەو نموونەکانی سەرەوەدا، ئامرازەکانی دووبارە کردنەوە، خاوەن هەل ومەرجی تایبەت

---

[١]- movement of the soul لە دەقە ئینگلیزییەکەدا بزاوتی رووح نووسراوە وەلێ لەبەر ئەوەی لەئاڕاستەی بابەتەکە دووە هەمان کردەی زەینمان بەکارهێنا کە دەبێتە- mind action

و روالّەتین، بەکارهێنانیان پێویستی بە هیچ نیازێکی پێوشوەخت نییە. لە هەردوو حالّەتی سەرەوەدا (*وەك پێتەکانی پەیوەندی و پیتەکانی جیاکردنەوە و هیتر*) و حالّەتی تری سەرنجراکیش، کە لەمەڕ چاوگ و راناوەکاندا وترا، تەنیا رێگەی پەرەپێدانی **ژێرساز**، پێوەلکاندنی گوزارەی تەواوە بە ئاوێتەی نیهاد-گوزارە. **رێساکانی گەردانـدنی**[1] لابردن و ریزکردنەوە و هیتر، هیچ رۆڵێکیان لە بەرهەمهێنانی پێکهاتە نوێیەکاندا نییە. بەڵام پەیڕەوانی دەستووری پۆرت رۆیاڵ، تا چەند لە تیوری خۆیاندا ئەم تایبەتمەندیانەیان بەسەرکردۆتەوە و لێیان ئاگادار بوون، هێشتا نادیارە.

لەسەر بنەمای تیورییەکانی ئەمڕۆ، دەتوانین بۆچوونەکانی ئەوان بە لێکدانەوەی سنتاکسی بە شێوەیەك کە دوو سیستمی رێسایی بگرێتەوە، بخەینە روو: **سیستمی بنەما**[2] کە **ژێرساز** دروست دەکات، و **سیستمی گەردانکردن**[3] کە ژێرساز بە شێوەی **رووساز** دەردەخات. سیستمی بنەمایی خاوەنی رێسایەکە کە پەیوەندییەکانی دەستووری سەرەتایی بە شێوازی بابەتیانە دروست دەکات (*رێساکانی نووسینەوەی دەستووری یەکەی سینتاکسی*[4]). سیستمی گەردانکردن یاساکانی لابردن، ئاوێتە کردن، دووبارە ریزکردنەوە و هیتر لە خۆدەگرێ. **رێساکانی بنەما** زەمینە خۆش دەکەن بۆ هێنانە ئارای گوزارەی نوێ: (مانای رێساکانی نووسینەوە بە شێوەی...

---

[1]- Transformational Rules

[2]- base system

[3]- transformational system

[4]- The Grammer of Constituent Stracture فارسییەکەی (دستور ساخت سازە) کە بریتییە لە میتۆدی رێکخستنی یەکە سینتاکسییەکان بەپێی پلەی زمانییان لە رستەدا، وەك گروپی فرمانی و ناویی

A بـۆ...s...کـە لەوێـدا S هێمـای سـەرەتایی **دەسـتوور فرێـز**[1]ە کـە بنـەما پێکدێنێ). هیچ ئامرازێکی تری دووبارە کردنەوە بوونی نییە. لە گەردانکردنـەکان دەتوانین گەردانکردنی یرسین، فەرمانیی و هیتر ناوببەین، کە ئەو کاتـە دەسـبەکار دەبن کە **ژێرساز** بیانگرێتەخۆ، (*مانای کاتێك کە **ژێرساز** کردەی زەینـی گونجـاوی هەبێ*)[2].

وێدەچێ دەستووری پۆرت رۆیاڵ یەکەمین دەستوور بـێ کـە بیرۆکـەی **پێکهاتـەی فرێز**[3]بە روونی لێکداوەتەوە. کەواتە باشە بزانین کە ئەم کتێبە بە روونی، ناتـەواوی لێکدانەوەی سازەیی لە دووبارە دەرخستنەوەی پێکهاتـە سینتاکسـییەکان نیشـان دەدات و ئامـاژە بـە جـۆرێکی دەسـتووری گـەردانکردن دەکـات، لـە زۆر رووەوە هاوشێوەی دەستوورێکە کە ئەمڕۆ لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر کراوە.

ئەگـەر لـە چـەمکە گشـتییەکانی پێکهاتـەی دەسـتووری تێپـەڕین و، بگەینـە بابەتگەلی دیاریکراوی شیکردنەوە، دەبینین کە دەستووری پۆرت رۆیاڵ کاری زۆری کـردووە بـۆ خسـتنە رووی تیـوری **ژێرسـاز** و **رووسـاز**. لـە زۆر حاڵەتـدا

---

[1]- یەکەی سینتاکسی یا رستەسـازی لـە دروسـت کردنـی رسـتەدا = constituent کـە فرێـز یەکەیـەکی سینتاکسییە

[2]- بۆ بەدواداچونی پتر بڕوانە:

Chomsky, Aspecte of the theory of syntax.

شایانی باسە بە درێژایی ئەم چەند ساڵەی، کە تیوری **دەستووری گەردانکردنی بەرهەمهێن**، بۆتـە بابـەتێکی لێکۆڵینەوە، بەربەرە بەڵگەی نوێ دەسکەوتووە، کە لە زۆر رووەوە لاگیری ئەو روانگەیە، کە ناڕاستەوخۆ لـە تیوری پۆرت رۆیاڵەوە هاتووە.

[3]- هێندێك چەمکی سەرەتایی **ساهلین** (هەمان لاپەڕە ٩٧ بەدواوە) تاوتوێی کردوووە. ئەم بڕوایە کە دەتوانین رستە بە زنجیرەیەك زاراوە یا گوتەزا بێ هێچ پێکهاتەیەك، لەبەرچاو بگرین، زۆر نووسەری ئەم دواییە باسـیان کردووە، (بێ ئەوەی بزانین باوڕیان پێی بووە یان نا).

ئاوەڵکردارەکانیان بە زادەی نیازی مرۆڤ (*مرۆڤ بۆ کورت کردنەوەی وتە. ل٤٢*) زانیوە، واتە شێوەی لابراوی پیتی لکاو- ناو، وەك sapienter, لەبری cum sapentia وەیا hodie لە بری in hoc die ل٨٨). بەم پێیە، کارەکان بەم شێوەیە خراونەتە روو، کە بە شێوازێکی پەنهان، خاوەنی کاری پەیوەندیین، کە نیشانەی پەسند کردنە و داشکانە بەلای کورتکردنەوەی دەربڕینی بیرکردنەوە. کەواتە کار لە راستیدا (*زاراوەیەکە، ئەرکە سەرەکییەکەی*[1] *خستنە رووی پشتڕاستکردنەوەیە: مانای خستنە رووی ئەم خاڵە، کە وتە لەو شوێنەی بەکار هاتووە وتەی تاکە، کە نەك تەنیا پەی بە بابەتەکان دەبات، بەڵکو لێکدانەوەیان بۆ دەکا و پشتڕاستیشیان دەکاتەوە. ل٩٠*). کەواتە بەکارهێنانی کار مانای ئەنجامدانی ئیشە و نەك گەڕانەوە بۆ پەسند کردنی شتێك وەك (*بابەتی سەرقاڵی زەینی ئێمە*) هەروەك کەڵك وەرگرتن لە (چەند ناو کە ئەوانیش پشتڕاستکرنەوە نیشان دەدەن، وەك(affirmans, affirmation ل٩٠) . بەم پێیە رستەی (Pierre vit پییەر ژیان بەسەر دەبا) و رستەی لاتینی petrus affirmat پیرۆس ژیان بەسەر دەبا) کاری affirmat بە هەمان مانای est affirmat (پشتڕاستکەرەوە) یە. لە رستەی affirmo کە لەوێدا بکەر و پیتی پەیوەندی و ئاوەڵناو هەرسێکیان لە یەك وشەدا کورت بوونەتەوە) دوو جۆرە جەخت کردنەوە بەئەنجام دەگات: یەکێکیان لەمەڕ کردەوەی بێژەر بە پێداگرتن لەسەر شتێك و

[1]- سەیرکەن ئەمەیان وەك یەك بنەما لەبەرچاو گرتووە، نەك رۆڵی تایبەت بە تاکی کارەکان، کارەکان یا فەرمانەکان (بۆ دیاری کردنی ئارزووەکانی تری زەینی ئێمە وەك حەز، داخوازی، فەرمانداران و شتی تر بەکار دەبرێن. ل٩٠) ئەم پرسانە لە بەشی ١٥ی دا خراونەتە روو. لەم بەشەدا، میتۆدە دەستوورییەکان کە لە رێگەی ئەوانەوە ئەم حاڵەتانە و پرۆسە زەینییەکان پراکتیزە دەکرێن، بە کورتی شرۆڤە کراون. بڕوانە ل٤٥ و ٤٦ ئەم کتێبە.

ئەویتریان جەخت کردنەوەی ناوبراو(*لێرەدا لە بارەی خۆی دا*). بەم شـێوەیە (*کـاری nego یەك* ***نکۆڵیکردن*** *و یەك* ***جەخت کردنەوە*** *دەگرێتەوە. ل٩٨*)[1].

بە کۆکردنەوەی ئەم راوبۆچـوونانە، لـەو چوارچـێوەیەدا کـە نموونـەمان هێنایـەوە، ئەوەی پەیڕەوانی **دەستووری پرۆت رۆیـاڵ** دەیلـێن ئەمەیـە: ژێرسـاز رسـتەی وەك (*پیبەر ژیان بەسەر دەبا*) یا (*خوا مرۆڤی خۆش دەوێ*) (لۆجیك ل١٠٨) یەك کـاری پەیوەندییان هەیە کە پێدرگرتنەکە دەخاتە روو، هەروەها یەك گوزارەی هەیە (ژیان بەسەر بردن و خۆشویستنی مـرۆڤ) کـە پەیوەنـدی بـە بکـەری رسـتەکەوە هەیـە. کارەکان گوتەی لاوەکی گوزارەکان پێکدێنن و گەردانکردنێك کاریان پێدەکات، کە لەگەڵ کاری پەیوەندی دەیانکا بەیەك وشە.

لە لۆجیکدا، شیکردنەوەی کار (فەرمان) پانتاییەکی زۆرتری هەیە، وا دەردەکـەوێ (ل١١٧) بە پێچەوانەی رواڵەت، ئەو رستەی کە کـاری تێنەپـەڕ و نادیـاری هەیـە **گوزارەیەکی ئاوێتە**[2] و لە هێندێك حاڵەتدا دوو گوزارە دەربڕێ. کەواتـە دەتـوانین رستەی (*پرۆتۆس ستەمارێکی کوشت*) بەم شێوەیە پێچـەوانەی دەکەینـەوە ئەگـەر بڵێین (پرۆتۆس کەسی نەکوشت)، وەیا (*ئەو کەسـەی پرۆتـۆس کوشـتی ستەمکار نەبوو*)، کەواتە ئەم رستەیە دەرخەری گوزارەیەکە کە (*پرۆتـۆس کەسـێکی کوشـت کە ستەمکار بوو*)، وە ژێرساز رستەکە دەبێ ئەم دیفاکتۆیە بخاتە روو، وێدەچێ بـە پێی رێبازی ئەم لۆجیکە، هەر ئەم شیکردنەوەیە بۆ رسـتەی تـر بـەکار بێـنین کـە ئاوەڵناوەکەیان تاك و دیار بێت، وەك (*برۆتۆس سیزاری کوشت*).

---

[1] -دواتر لە دەستووردا دەردەکەوێ کە هەڵەیە، وەك هێندێك لـە پـەیڕەوانی دەسـتووری پێشـکەوتوو، گریـان کارەکان کردەیەك یا هەستێك یا شتێکن کە روودەدەن، بۆ رەتکردنەوە ئـەم مانایـە، کـاری وەك: existit, quiescit, fright, alget, tept, calet, albet, viret, claret بە نموونە هێناوەتەوە.

[2] - a complex proposition

ئەم شیکردنەوەیە لە **تیوری لێکدانەوە**[1]دا کە لە کتێبی **لۆجیك** دا هـاتووە، دەوری هەیە. بۆ دارشتنی تیورییەك کەڵك لەم شیکردنەویە وەردەگیرێ، کـە لـە راسـتیدا جۆرێکە لە تیوری ناتەواوی پەیوەندییەکان، هەر لە سـەر بنـەمای ئـەو تیورییـە، دەتوانین تیوری پێوانەی شێوەیی بۆ ئەو مشتومڕانە بەکار ببەین، کە لە بارودۆخی ئاساییدا دەکرێ ئەنجام بدری. لە ئاکامدا دەتوانین بڵـێین (ل٢٠٦ و ٢٠٧) لـەم دوو رستانە (*یاسای ئیلاهی، فەرمان دەدات پەیڕەوی پاشاکان بین*) و (*لویی چـواردەهەم پاشایە*) ئەم رستەیە هـەڵێنجین: (*یاسـای ئیلاهـی فـەرمان دەدا پـەیڕەوەی لـویی چواردەهەم بکەین*) هەرچەندە ئـەم رسـتانە بـە رواڵـەت ئـەو مەبەسـتە نـادەن بـە دەستەوە[2].

کەمکردنەوەی رستە بۆ **ژێرساز** لە بەشەکانی تری کتێبـی لۆجیکـدا هـاتووە. بـۆ نموونە، **ئارنۆڵد** پێی وابوو (ل٢٠٨) کە رستەی (*ئەو شوانانە کـەمن کـە گیانایـان دەکەنە قوربانی مێگەلەکەیان*) هەرچەند لە رووی سیماوە ئەرێنییە، لە راستیدا بە شێوەیەکی شاراوە رستەی نەرێنی (*ئەمڕۆکە زۆر لە شوانەکان ئامادە نـین گیانیـان بۆ مێگەلەکەیان بکەنە قوربانی*). ئەو چەندین جار دووبارەی دەکاتەوە کـە ئـەوەی بە (رواڵەت) ئەرێنی یا نەرێنییە، رەنگە لە رووی ماناوە، واتە لە ژێرساز دا وەهـا

---

[1] -theory of reasoning

[2]- هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، ل١١٧) (زۆرجار پێویستە بۆ دانانی نیهاد، لە سروشتی ترین دۆخی خـۆی دا و خستنە رووی ئەوەی پێویستە بسەلمێنرێ، لە حاڵەتی دیار بیکا بە حاڵەتی نادیار).

نەبێ. کورتی وتە ئەمەیە: رەنگە **شێوەی لۆجیك**[١]ی و **راستەقینەی** رستە بە تەواوی لەگەڵ دەستووری و رواڵەتی رستەکەدا جیاواز بێت[٢].

لەم قۆناغەدا، بۆ روون کردنەوەی پەیوەندییە گرینگەکانی مانایی، کە لە ناو توخمەکانی وتەدا هەیە، جەخت لەسەر چییەتی ژێرساز دەکرێتەوە، وەك بنەمای جۆراوجۆری شکڵە رواڵەتییەکان لە زمانگەلی جیاوازدا. بەشی شەشەمی کتێبی **پۆرت رۆیاڵ** ئەم پەیوەندیانە تاوتوێ دەکا، لە سیستمەکانی حاڵەتدا (بەو شێوەی لە زمانی کلاسیك دا هەیە) وە لە گۆرانکاری دەروونی دا (وەك بارودۆخی پیکهاتەیی لە زمانی عیبری دا) یا بەتەوەاوی لە رێخستنی[٣] رستەدا (وەك پەیوەندی بکەر- کار و کار - بەرکار لە زمانی فەرەنسی دا). ئەوانە هەموویان بە

---

[١]- Logical form

[٢]- دادوەرانە نییە ئەو تێڕوانینە بگێڕینەوە بۆ فەلسەفەی سەدەی بیستەمی بەریتانیا و بە (بە دۆزینەوەی سەرەکی و بنەمایی) بزانین. بڕوانە:

Flew Itrodution to Logic and Language. First Series, Oxfoerd, Blackwell, 1952. p.7, or Wittgenstein Tractatus -philosophicus, 1922.

لە کاتێکدا بە هی **راسلی** دەزانن.

هەروەها ئەم روانگەیە کە (رەنگە هاوشێوەیی و ناهاوشێوەیی دەستووری، لە رووی لۆجیکییەوە، رێی بزرکەر بێ. Flew. P. 8) بەو ئەندازە جوان نییە کە **فلیو** بانگەشەی بۆ دەکا.

گریمانەی گشتی زماننامی دیکارتی ئەمەیە، کە رەنگە پێکهاتەی رواڵەتی رستە، رەندگدانەوەی تەواو و کامڵی پەیوەندییە دەستوورییەکان نەبێ، کە ناوەرۆکە ماناییەکەی دەور دەبینێ، هەروەك بینیمان کاتێك تیوورییەکی دەستوور دەخرێتە روو، کە لە وێدا رستە واقعییەکان لە ژێرسازی بنەڕەتی وەردەگیرێن و، ئەو پەیوەندییانەی ژێرسازیان دەرکەوتەی دەستوورین. **شکڵە لۆجیکییەکان** بەراستی تا چ رادەیەك بە هۆی ژێرسازسان لە رووی رستەسازی دیاریکراو دووبارە دەردەکەون، چ لە چەمکی نوێی و چ لە روانگەی زماننامی دیکارتی دا؟، پرسیارێکە هێشتا وەڵامی نەدراوەتەوە. بۆ بەدواداچوونی پتر بڕوانە:

J. Katz, The Philosophy of Language, Harper &Row (1966).

[٣]- پێی دەوترێ **رێکخستنی سروشتی** =Natural arringment .

رەنگدانــەوەی پێکهاتەیــەکی بنــەمای لەبــەر چــاو دەگیرێــن، کــە لــە نــاو هــەوو زمانەکاندا هاوبەشن و نیشاندەری پێکهاتەی بیرکردنەوەن. **لامی** هەربەم شـێوەیە، لە وتارێکی دا ئاماژە بــە ئــامرازی جۆراوجــۆر دەکــات، کــە زمانگــەلی جیــاواز بەکاریان دێنن تا (ئارەزووەکان، هەواڵ، و تێکڕای ئەو راو بــیر و بۆچــوونانە بخاتــە روو، کــە بینینــی شــتەکان لــە زەینــی ئێمــەدا دەیخــولقێنێ. (ھ س ١٠ و ١١). **دۆمارسییە** کە لە خاوەنانی ئەنسکلۆپیدیایە، ئەویش جەخت لەسەر ئەم واقعیەتــە دەکاتەوە، کە سیستمی حاڵەت، ئــەو پەیوەندیانــە یەکالآدەکاتــەوە کــە لــە نێــوان توخمەکانی وتەدا هەن، کــە لەزمانــەکانی تــر بــە پێــی ریکخســتنی وشــەکان یــا ئامرازەکانی پەیوەندی، دەخرێنــە روو. نــاوبراو ئامــاژە بــە هاوپەیوەنــدنی نێــوان ئازادی گواستنەوەی پارچەکانی رستە و جۆرەکانی گەردان کردن، دەکات[١].

پێویستە ئاگادار بین، کە بوونی کۆمەلێکی وەك یەك پەیوەندی گریمانەکراو، کە لــە پێویستی بیرکردنەوەوە سەرهەڵدەدەن، زارەوەکانی هەر زمانێــك دەتــوانن، بەشــدار بن لەو پەیوەندییانە. پەیڕەوانی دەستووری فەلسەفی، نایانەوێ نیشــانی بــدەن کــە هەموو زمانەکان خاوەنی سیستمی حاڵەتن، یا کەڵك لە گردانکردن وەردەگــرن بــۆ خستنە رووی ئەو پەیوەندییانە. بە پێچەوانەوە ئەوانە بەردەوام دەڵێن کە سیستمی حاڵەت تەنیا یەکێکە لە ئامرازەکانی روونکردنــەوەی ئــەم پەیوەندییانــە، جارێــك

---

[١]- زۆربەی بەرهەمە بلاوکراوە و بلاونەکراوەکانی **دۆمارسییە**، لە بــارەی زمانــدا دوای مردنــی لــەم کتێبــەی خوارەوەدا بە چاپ گەیشتن:

Logique et Principes de Grammair (1769)

ژمارەی لاپەڕەکان تایبەتن بەم کتێبە. زۆر نووسەری تری وەك **ئادام سمیز** لەم کتێبەی خوارەوەدا ئاماژەیان بە هاوپەیوەندی نێوان ڕێکخستنی وشەکان و گەردانکردن کردووە:

Considerations Concering the first Formation of Languages.

دەڵێین تەنیا بۆ مەبەستی فێرکردن دەتوانین بۆ ئاماژە کردن بەم پەیوەندییانە کەڵك لەو ناوانە وەربگرین، هەروەها بەڵگە دێننەوە کە هێندێك جار رەنگە سادەکاری، ببێتە هۆی ئەوەی جیاوازی لە نێوان حاڵەتەکان دابنێین، تەنانە ئەگەر هیچ جیاوازییەکیش لە رواڵەتەکەدا نەبێت. ئەم راستییە کە زمانی فەرەنسی سیستمی حاڵەتی نییە، لە دەستوورەکانی پێشوودا لەبەرچاو نەگیراوە. (لەگەڵ **ساهلین** بەراوردی بکە ل٢١٢).

خاڵی گرینگ ئەمەیە: کە بزانین کەڵك وەرگرتن لە ناوەکانی حاڵەتە نەریتییەکان، بۆ ئەو زمانانەی گەردانکردنیان نییە، مانای هاوشێوەی ئەو پەیوەندییە دەستووریانە دەگەیەنێ، مانای ژێرسازی هەموو زمانەکانی جیهان یەکسانن، هەرچەندە دوور نییە رێبازی دەربڕینیان جیاواز بێ. راستی ئەم وتەیە - هەرچەند دەتوانین بە گریمانەیەکی گرینگی بزانین - جێگای دڵنیایی نییە، وەلێ تا ئەو جێگایەی ئێمە بزانین لە سەر بنەمای داتا یا زانیاریە نوێیەکانی زمانناسی، ناتوانین ئەمە رەتبکەینەوە[1].

---

[1] - کاتێك کە **بلۆمفیلد** و زۆر کەسانی تریش، رەخنە لە زمانناسی پێش زماناسی نوێ دەگرن، بە هۆی دیاری نەکردنی جیاوازی پێکهاتەیی نێوان زمانەکان (بەهۆی گونجاندنی لێکدانەوەکانیان لە چوارچێوەی دەستووری زمانی لاتین دا. زمان ل٨)، بەڕواڵەت ئاماژە بەم جۆرە بانگەشانە دەکەن کە گوایە نەسەلمێنراون. ئەگەر ئاوابێ، کەواتە پێویستە ئاگاداربین، کە کتێبەکەی **بلۆمفیلد** هیچ بەڵگەیەك نادا بەستەوە، تابزانین بۆچی بەو ئاکامە گەیشتووە، دەستووری فەلسەفی گیرۆدەی چوارچێوەی زمانی لاتینە، وە یا زمانناسی نوێ گومانی خستۆتە سەر گریمانەی دەستووری فەلسەفی، لە سەر بنەمای یەکییەتی پەیوەندییە بنەماییەکانی دەستووری. بەگشتی دەبێ بزانین، کە لێکدانەوەی **بلۆمفیلد** بۆ زمانناسی پێش زمانناسی نوێ، جێگەی بڕوا پێکردن نییە. تاوتوێکردنی مێژوویی ئەو تەنیا چەند بۆچوونی ناگونجاون، (ئەوەی زانایانی سەدەی هەژدەهەم لە بارەی زماندا دەیانزانی) ئەو کورتی دەکاتەوە. ئەم رادەربڕینانەی ئەو هەمیشە وردبینانە نین. (وەك جەخت کردنەوەی سەرسوڕهێنەرانەی ناوبراو، لەسەر ئەوەی کە زمانناسانی پێش سەدەی نۆزدەهەم، دەنگسازی

هەروەك لە سەرەو باسمان کرد دەستووری **پۆرت رۆیاڵ** لەسەر ئەم باوڕەیە کە زۆربەی ئاوەڵکارەکان دروستکەری وتەیەکی ژێرساز نین، بەڵکو (*ئەرکی ئاوەڵکار تەنیا ئەوەیە کە ئەوەی نەتوانین بە هۆی ئامرازەکانی پەیوەندی (**پرێپۆزیشن**) یا ناوێکەوە نیشانی بدەین، بە یەك وشە دەیخاتە روو. ل٨٨*). پەیڕەوانی دەستووریی (*مەبەست دەستووری پۆرت رۆیاڵ*)ە دواتر، ئەم تایبەتمەندییە کە زۆربەی ئاوەڵکارەکان پشت گوێ دەخەن. هەر لەم رووەوە بە بۆچوونی دۆمارسییە° ئەوەی ئاوەڵکار لە جۆرەکانی تری وشە جیادەکاتەوە ئەمەیە، کەئاوەڵکار بە هەمان ئەندازەی ئامرازەکانی پەیوەندی و ناو گرینگە و بەهاکەی بە هەمان ئەندازەی بەهای ئامرازەکانی پەیوەندی و تەواوکەرییەتی: قەید زاروەیەکە بە شێوی

گوتاریان دیاری نەدەکرد و لەگەڵ هێماکانی نووسین بە یەك شتیان لەقەڵەم دەدا، یا نووسەرانی **دەستووری هاوبەشی گشیتی** Universal Grammer، زمانی لاتینیان بەهۆی وەلانانی **بنەما گشتییەکانی لۆجیك** بەرز دەنرخاند). لە هەر شوێنێك بۆچوونەکانی ناوبراو ورد بن، لەوەی لەم قۆناغەدا ئەنجام دراوە بایەخێکی ئەوتۆیان پێ نەدراوە.

لەم قۆناغەدا ئەو میتۆدەی دەنگسازی گوتارییان لەسەر شی دەکردەوە، لێکۆڵینەویەکی جیای گەرەکە. جیاکردنەوەی ئەم بابەتە لەم باسەی ئێستا، واتە ئەوەی کەمن ئەنجامم داوە، بە تەواوی بە ئارەزووی خۆمە. زۆربەی ئەو بەرهەمانەی لێرەدا کەوتوونەتە بەر باس و زۆری تریش، ئەو باسانە دەگرێتەوە کە لەسەر دەنگسازین و، لە ناویاندا ئەم بۆچوونەی ئەرستۆ کە دیارە بێ هیچ بەرهەڵستییەك پەسند کراوە، دەڵێ: ئەو وشانەی دێنە سەر زمان، نیشانەگەلی زەینی وشەی نووسراون، کە بە هێمای وشەکانی سەر زمان ئەژمار دەکرێن.(De Interpritatione). لەم سەردەمەی ئێستادا زۆرجار ئاماژە بە دەنگسازی کراوە، بۆ نموونە **م. گرامۆن** لە بارەی دەنگسازی **کۆردۆموا** (ھ.س) ئاوا رای خۆی دەردەبڕێ: بەرهەمهێنانی ژمارەیەك دەنگ یا فۆنیمی زمانی فەرەنسی بە روونی و وردبینییەکی بەرچاو شرۆڤە کردووە)

(Traite De phonotique, Paris Libirari Delagrave, 1933, 44th ed 1950)

هەروەها لە سەر باسەکە دەڕوا (ئەمانە چەند لێکدانەوەیکن، کە **مۆلێر** لە شانۆی **نەجیب زادەی بۆرژوا**، پەردەی دووەم، لاپەڕەی شەشەم، زاراوە بە زاراوە خستوویەتە روو).

کورتکراوە دەرکەوتووە. (ل٦٦٠). ئەوەی ناوبراو لە بارەی ئاوەڵکاردا دەیڵێ باسکردنێکی بێ مەرجە و لە درێژەی باسەکەدا، تویژێکی گەورەی ئەو توخمە زمانیانە بەم شێوەیە (*مانای بە وتەی زمانناسانی ئەمڕۆ، لە ڕێگەی **لێوەرگرتن**[١] لە ژێرسازی ڕواڵەتی ئامرازەکانی پەیوەندی- تەواوکەر*) شیدەکاتەوە. **بوزە** پانتایی ئەم میتۆدەی شیکردنەوە فراوانتر دەکات.

ئەو بڕوای وایە کە هەرچەندە گوزارەی ئاوەڵکار وەك **لەگەڵ ژێراییەتی** لە رووی **ماناوە** لەگەڵ ئاوەڵکاری **ئاقڵانە** جیاوازی نییە، وەلێ رەنگە **واتای شاراوە**[٢] ی جیاواز بێ: (*کاتێك بابەتەکە دانانی کردەیەکە بەرامبەر یەك خوو، ئاوەڵکار پتر تایبەتە بە نیشاندانی خوو، وە گوزارەی ئاوەڵکاری بۆ نیشاندانی کردە. وەك ئەوەی بڵێین ئەو مرۆڤەی ئاقڵانە دەجوڵێتەوە ناتوانێ پەیمان بەخۆی بدا کە هەموو کارەکانی ئاقڵانە ئەنجام بدات (ل٣٤٢)*)[٣]. ئەم جیاکردنەوەیە حاڵەتێکی تایبەتییە

---

[١]- لێوەرگرتن = Derivation یا **اشتقاق** عربی، مەبەست هۆنایاساییەکانی ورگرتن لە سیمای ژێرساز رستە بۆ بە وەستهێنای رووسازی رستە، یاوەرگرتنی سیمای دەنگسازی لە سیمای وشەسازە واتە وەرگرتنی سیمای فۆنۆلۆجی لە سیمای مۆرفۆلۆجی. و/ کوردی

[٢]- accessory ideas، لە دەقە ئینگلیزییەکەدا مانی بیرۆکی یارمەتی دەرەکان دەگەیەنی، مەبەست ئەو مانا بزوێنەر یاسۆزدارییەیە کە پەیوەندی بە وشەیەك یا دوشەوە یا گوزارەیەکەوە هەیە کە مانای راشکاوانەی هەبێت. و/ کوردی

[٣]- لە کتێبی **لۆجیکی پۆرت رۆیاڵ** دا، بەشی ١٤ و ١٥، جیاوازی کراوە لە نێوان (ئەو وێنا سەرەکییانەی خراونەتە روو) لە رێگەی یەك شێوە زمانی و **وێناکردنی لاوەکی** وێڕای هەمان شێوە. وێنا کردنی سەرەکی شتێکە کە بە **پێناسەگەلی زاراوەیی** لێکدەدرێتەوە و خوازیارە **واقعیەتی پراکتیکی** بە شێوەیەکی ورد دەبڕێ. پێناسەی زاراوەیی ناتوانێ (تێکڕای ئەو کاریگەرییە دەربخا کە زاراوەی پێناسەکراو دەیخاتە سەر زەین) و (زۆرجار زاراوەیك، سەرەڕای مانای سەرەکی، کە ئێمە بە مانای راستی زاراوەکەی دادەنێین، لە زەینی ئێمەدا دەبێتە هۆی هەوێنکردنی وێنای تر، ئەو وینایانە دەکرێ ناویان بنێین وێنا لاوەکییەکان، واتە هەرچەندە ئێمە لە زەینی خۆماندا وەریدەگرین وەلێ بایەخی پێنادەین. ل٩٠). بۆ نموونە مانای سەرەکی **تۆ درۆت کرد** ئەمەیە

(که بێگومان له هەموو زمانەکاندا هەیە، بۆ خۆدزینەوە بە دانانی بەرامبەری تەواو، ئەم بەرامبەر دانانە پەرە بە زمان نادات، مەگەر لە رووی ئەو دەنگانەوە بێ، کە بۆ ساخڵەمی و روونی لێکدانەوە بێ کەڵکن).

پەیڕەوانی کۆنتری دەستوور، نموونەی تری شیکردنەوە لە سەر بنەمای ژێرساز، دەهێننەوە، بۆ نموونە کاتێك کە رستەی فەرمانی و پرسیاری، وەك ئەو گۆڕاوە لابراوانەی رستە بنەماییەکان لەبەرچاو دەگرن، کە وێکڕا لەگەڵ گوزارەکانی وەك (*من فەرمانت پێدەکەم*) یا (*من داوات لێدەکەم*...) دێن. کەواتە رستەی وەرن بمدۆزنەوە ژێرسازی ئەم رستەیە (*داوا لە ئێوە دەکەم بێن بمدۆزنەوە*) وە (*کێ ئەوی دۆزییەوە*؟) مانای (*من لەبارەی ئەو کەسەی دۆزییەوە دەپرسم*) و هیتر.

که تۆ دەتزانی راستی پێچەوانەی ئەوەیە کە تۆ وتت. (بەڵام سەرەڕای ئەم مانا سەرەکییە، ئە زاراوانە واتایەکی توڕەیی و دزێوی لەخۆدەگرن، بەو مانایەیە کە ئاخێوەر لە زیان پێگەیاندنت باکی نییە- مانایەکە زاراوەکانی ئەو هەم بەرجەستە و هەم دەکا بە سوکایەتی پێکردن). بەم پێیە ئەم رستەیەی **ڤیرجیل** (ئایا مردن پرسێکی شوومە؟) مانای ئەویە کە (مردن وەك ئەوەی کەسێك بیری لێدەکاتەوە ئەوەندە شوم نییە و ، وینەیەکی مردن دێنێتە ئاراوە، کە ململانێ لەگەڵ مردن دا دەکات و ئازایانە رووبەڕووی دەبێتەوە. ١٩١ و ٩٢). چەمکە لاوەکییەکان یا واتا لاوەکییەکان رەنگە وەك ئەو نموونەی سەرەوە (هەمیشە لەگەڵ زاراوە دابن) وەیا رەنگە تەنیا هاورێی وتە شەخسییەکان بن، وەك جوڵەی جەستەیی و دەنگی بەرز (ل٩٠). بە واتایەکی تر رەنگە ئەم پەیوەندییە هەم پەیوەست بێ بە زمانەوە و هەم پەیوەست بێ بە وتەوە.

ئەم جیاوازییە وەك جیاوازی نێوان مانای مەعریفەیی و مانای هەستییە. هەروەها ئەو نموونەیە لەو بارەیەوە کە چۆن هێندێك پرۆسەی دەستووری، دەتوانن مانای لاوەکی بگۆڕن بێ گۆڕینی مانای سەرەکی، پەیوەندی بەم بابەتەوە هەیە. لەسەر ئەم بنەمایە، دەڵێن کە تاوانبارکردنی کەسێك بە نەزانی یا دووروویی، جیاوەز لەگەڵ ئەوەی ناوی بنێی نەزان یا دووروو.، چونکە شێوەکانی ئاوەڵناوی (سەرەڕای مانای دیاریکراوی خۆی، واتایەکی بێزاری تێدایە، لە کاتێکدا ناوەکان تەنیا ئەو مانایە دیاریکراوە، بێ تاوانبار کردنی لاوەکی دەردەبڕن)

وەلیٚ نموونەیەکی تر کە دەتوانین باسی بکەین، وەرگرتنی گەردانی ئەو گوزارانانـەن کە پیٚتی پەیوەندیان هەیە، لە رستەگەلی ژێرسازیی (*بۆ نموونە بڕوانە بوزە هـە س ل٣٩٩، پـەراوێز*). باسـی **بـۆزە** لـە بـارەی پیتـەکانی پەیوەنـدی دا بابـەتێکی سەرنجراکێش دەخاتە روو، کاتیك کـە ئـەو زاراوەی comment (چـۆن) لـە سـەر شکڵی بنەمایی لەگەڵ maniere یەك گیرەکی لکێنراو شیدەکاتەوە تا رستەی Je sais comment la chose se passa (*دەزانم بارودۆخـە کـە چـۆن تێپـەڕی*) مانای (*من دەزانم ئەو حاڵەتەی لـەو بارودۆخـەدا تێپـەڕی بـە چ شـێوەیك بـووە*) هەبیٚ، وەیا رستەی (*ئەو خانووەی بوو بەموڵکم*) مانـای (*ئـەو خـانووەی کـە لـەو خانووەدا موڵکایەتییەکەیم بەدەست هێنا*) هەبیٚ.

دۆمارسییە لەم بوارەدا، لە رێگەی ئەو تیوریییەی لە بواری **پیٚکهاتە** و **رستەسـازی** دا پیٚشنیاری کردووە، گۆڕانکارییەکی سەرنجراکێشی وەدی هێنـاوە. ئـەو پیٚشـنیار دەکا، زاراوەی **پیٚکهاتە** بۆ رێکخستنی وشەکان لە وتەدا و، زاراوەی **سینتاکس** بـۆ ئەو مانایەی زاراوەکان دەیدەن بەدەستەوە، لەبەرچاو بگرین. بەم پیٚیە، سیٚ رستەی litteras accepi tuas, accepi litteras tuas, tuas accepi litteras سیٚ پیٚکهاتەی جیاواز، بەڵام رستەسازی یەکسانیان هەیە، مانای پەیوەنـدی نیٚـوان بەشەکانی پیٚکهاتە لـە هەرسـیٚ حاڵەتـدا یەکسـانە، کەواتـە لـەم سـیٚ جـۆرەدا، رێکخستنی یەك مانا هەیە: من نامەی تۆم وەرگرت ئـەو بـەم شـێوەیە پێناسـەی سینتاکس دەکات: (*سینتاکس لە هەموو زمانەکاندا هەیە و، دەبێتە هـۆی ئـەوەی زاراوەکان هەر هەمان واتا بدەن بەدەستەوە، کە دەمانەویٚ لە زەینی شارەزای ئـەو زمانەدا وەدی بێنین. ل٢٢٩-٢٣١*). سـینتاکی یـەك گـوزارە، لـە راسـتیدا هـەر هەمان شتە کە ناومان ناوە **ژێرساز** و پیٚکهاتەکەی ئەوەیە کە پیٚی دەڵێن **رووساز**.

چوارچێوەی گشتی کە ئەم جیاوازییەی تێدا وەدی دێ ئەمەیـە، کـە کـردەی زەیـن یەکەیــەکی تەنیایــە. بــۆ منــدالاًن ئــەم هەســتە کــە شــەکر شــیرنە، (*ســەرەتا تاقیکردنەوەیەکی تەنیاو شی نەکراوەیە*)(ل١٨١). بۆ گەورەکان مانای شەکر شیرنە ئەو بیرکردنەوەی دیخاتە روو هەمان یەکـەی تەنیایـە. زمـان خـاوەنی ئـامرازێکی خۆیەتی بۆ شیکردنەوەی ئەو توخمانەی لە حالّەتەکانی تریش دا جیاواز نین.

(زمان) رێگەیەك بۆ رووماڵکردنی بیرو هزری ئێمە، بۆ هەستیار کـردن، بـۆ دابەشـکردن و هەڵوەشاندن و شیکردنەوەی، دێنێتە ئاراوە. بەکورتی میتۆدێکە کە بیری ئێمە بـە جۆرێـك لێدەکا تا بتوانین بە روونی و بە وردەکاری هەرچی زیاترەوە، پەیوەندی لەگەڵ بیرو هزرەکانی ترا پەیدا بکات.

کەواتە بیرۆکە تایبەتەکان، هەر کامێکیان کۆمەڵەیەکە، واتـە یـەك گشـت کـە بـە هـۆی بەرهەمهێنانی جیاوازی ئەندامەکانی ئاخاوتن کە زاراوەکان دەخـولقێنن، هاتۆتـە ئـاراوە. ئەرکی زمان ئەم گشتە دابەش دەکـا، هەڵیدەوەشـێنێ، شـیدەکاتەوە، بەشبەشـی دەکـات. (ل١٨٤)

هەر بەم شێوەیە تێگەیشتنی وتە، بریتییە لە هەڵێنجانی بـیرو هـزری وەك یـەك و لێکجیانەکراوە، لە ریزێك وشە. **زاراوەکان**، بۆ دەرخستنی واتای گشـتی، یـا ئـەو هزرەی دەمانەوێ لە زەینی ئەو کەسەدا وەدی بێنین، کە دەخوێنێتەوە یادەنووسـێ، رکابەری لەگەڵ یەکتر دەکن. (ل١٨٥). بۆ دیاری کردنـی ئـەم هـزرە، دەبـێ زەیـن سەرەتا پەیوەندی نێوان وشەکانی رستە، واتا سینتاکسییەکەی بدۆزێتـەوە، ئینجـا بە پێی ژێرسازەکەی، پەی بە ماناکـەی بـەرێ. زەیـن، میتـۆدی شـیکردنەوەکەی بریتییە، لە پاڵ یەك دانانی ئەو وشانەی پەیوەندییان بە یەکـەوە هەیـە و دەتـوانن

پێرستێکی مانادار بەرهەم بێنن. رەنگە رستەی سەرەکی خۆی ئەو پێرستە مانادارەی هەبێت، کە لەم حاڵەتەدا پێکهاتەیەکی سادەی (*ئاسایی، زۆرەکی، دیاری کراو، دەربڕاو*) ە. ئەگەر وانەبێ، ئەم **بونیادە مانادارە**[1] دەبێ (*بە هۆی زەینەوە وەدی هاتبێ، کە پەی بە چەمکێك نابا مەگەر واتایەك لەسەر بنەمای نەزم و رێخکستن، وەدی هاتبێ. ل١٩١ و ١٩٢*) بۆ نموونە، بۆ پەی بردن بە رستەیەکی زمانی لاتین، دەبێ سەرەتا ئاخێوەر ئەو پێرستە سروشتییە دروست بکا کە لە زەینی دایە. واتە نەك تەنیا مانای وشەکان بزانێ، بەڵکو:

ئەگەر لە رووی زینەوە، ئەو زاراوانە لەبەرچاو بگرین کە پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، لە راستیدا هیچ شتێك لە بابەتەکە ناگەین و ئەمەش کارێکە، ئەنجامدانی مەحاڵە مەگەر ئەو کاتەی گوێبیستی هەموو رستەکە بووین. ٠ل١٩٨و١٩٩)

بۆنموونە لە زمانی لاتینی دا(*بەندی پەیوەندی ئەوتۆ هەن کە دوای ئەوەی گوزارەکە بە تەواوی بە کۆتا گەیشت، دەبنە هۆی ئەوەی بە پێی پەیوەندیان زاراوەکان و لە ئاکامدا لە سەر پێکهاتەیەکی سادەی **پێویستی**[2] و ماناداریان لە ماناکەیان بگەین. ل١٢٤و ١٢٤*). ئەم پێکهاتە سادەیە (*نەزمێکە هەمیشە دیاری کراوە، وەلێ بە دەگمەن لە پێکهاتەی باوی ئەو زمانانەدا دەبینرێ، کەلە ناویاندا ناو*

---

1 -meaningful order

[2]- entailment پەیوەندنی نێوان دوو رستە، راستی یەکێکیان راستی ئەوەی تر پشت راست دەکاتەوە. وەك: تیشکی خۆر بەفرکەی تواندەوە ، بەفرەکە توایەوە، کە یەکەمیان راست بێت دووەمیشیان راستە. (درآمدی بر زبانشناسی -ڤیکتۆریا فرامکلین، رابرت رادمنن نینا هیامز ل٦٩٥)

خاوەنی دۆخە. ل٢٥١). لێکهەڵوشاندنی رستە بۆ پێکهاتەی سادە، یەکەمین و گرینگترین هەنگاوی تێگەیشتنی وتەیە:

زاراوەکان یەك گشت وەدی دێنن، کە خاوەنی چەند بەشێکە. کەواتە تێگەیشتنی سادە لەو پەیوەندییەی ئەو بەشانە لەگەڵ یەکتردا هەیانە و دەبێتە هۆی ئەوەی کۆی ئەوانە پێکەوە پەیان پێببەین، تەنیا لە پێکهاتەی سادەوە وەدەست دێ. ئەم پێکهاتە سادەیە، بە خستنە رووی زاراوەکان، یا رێکخستنی یەك لە دوای یەکیان و لەسەر بنەمای پەوەندییان، بەروونترین شێوە دەیخاتە بەردەمان و ئەم پەیوەندییانە بە ئێمە دەناسێنێ و دەبێتە هۆی تێگەیشتنی تەواو. (ل٢٨٧ و ٢٨٨).

ئەو پێکهاتانەی سادە نین ، واتە **پێکهاتەی مجازی**[1] **تێگەیشتنیان ناکرێ، لەبەرئەوەی زەین بە یارمەتی بیروبڕوای لاوەکی، کە دەبێتە هۆی پەی بردن بەوەی دەیخوێنینەوە و دەیبیستین، ناریکییەکە راست دەکاتەوە، وەك ئەوەی مانا بە پێی رستەی سادە خرابێتە روو. (ل٢٩٢).**

کورتی وتە ئەمەیە، لە **پێکهاتە سادەکاندا** پەیوەندیی **سینتاکسی**، راستەوخۆ و بەردەوام لە پەیوەندیی نێوان وشەکاندا رەنگدەداتەوە و، بیری یەکپارچەیی کە بە هۆی رستە رادەگەیەنرێ، راستەوخۆ لەو رەنگدانەوە ژێرسازییە وەردەگیرێ، کە بە خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو زمانەکانیان داناون. (*ئەم بیرۆکەیە بە تایبەتی لەگەڵ رێکخستنی ئاسایی زاراوەکان لە زمانی فەرەنسی دا بە یەکسان دانراوە. بڕوانە. ل١٩٣*).

[1]- figurative constructions

ئەو گەردانکردنانــەی پێکهاتــەی **مجــازی** دروســت دەکــەن، گــەردانکردنی دووبــارە ڕێکخستنەوەی لابردنن. (*بنەمای سەرەکی و گشتی ڕستەسازی*) ئەمە کە دووبــارە ڕێکخستنەوە و لابردنی لە زەینی بیسەردا ئەگەری ئەوە هەیە بەرهەمبێتــەوە (هـ س ل٢٠٢و ٢١٠و ٢١٧) واتە دەتوانین بە مەرجێك ئەمانــە بــەکاربێنین، کــە بتــوانین (*ڕێکخستنی یەکجارەکی و رووتی پێکهاتەی سادە*) بەرهەمبێنینەوە[١].

بــۆ پشــتیوانی ئــەم تیۆریــیە، نموونــەی زۆر لەســەر بــەش بەشــکردنی ڕســتە بــۆ (*پێکهاتەی سادە*) هێنراوەتەوە[٢]. لەبەرئەوە (*ڕستەی کێ ئەو بابەتەی بە تــۆ وت؟*) دەگۆڕدرێ بۆ پێکهاتەی سادەی(*لەو ٢٢ کەسەی (نێر یا مێ) کە ئەو بابەتەی بــە تۆ وت کامەیانە؟*) (ساهلین ل٩٣). ڕستەی (*چ دڵبەر بی و چ دڵدار، ناچارت ناکەن فرمێسك بڕێژی*) دەگۆڕێ بۆ ڕستەی (*لەبەرئــەوەی تــۆ دلبــەری یــا یادڵــدار...*) و ڕستەی (*باشترە بە ویژدان بی نەك دەوڵەمەند، ئاقڵ بی نەك زانا...*) دابەش دەبــێ بۆ چوار گوزارەی ژێرساز، کە دووانیان نەرێنین و دووانەکەی تر ئــەرێنی. (**ســاهلین** ل١٠٩).

---

[١]- لە پێکهاتەکەدا بە تەواوی دیار نییە، کە ئایا ئەم هەل و مەرجانەی لەمەر گەردانکردن، پەیوەنــدییان بــە زمانەوە هەیە یابە گوتارەوە؟ مانای ئەو هەل و مەرجانەی لەمەڕ دەستوور یا کەڵك وەگــرتن لــە دەســتوورن، هەروەها دیار نییە کە ئایا لەو چوارچێوەی **دومارسییە** پەسندی دەکا، دەکرێ پرسیارێکی ئاوا بکەین یان نا؟ دەتوانین روونکردنەوەی **دومارسییە** لەمەڕ لێکدانەوەی ڕستەکان، لەگەڵ پێشنیارە درەنگ وەختەکانی **کاتیز** و **فۆدۆر** و **پۆستــاڵ**، بــەراود بکــەین. بڕوانــە: یاداشــتی ژمــارە ٢ **کــاتیز - پۆســتاڵ** هــەر ئــەو سەرچــاوە و سەرچاوەکانی تر کە ناویان هاتووە.

[٢]- ئەو نموونانەی من لێرەدا هێناومن، **ساهلین** بەناوی دۆخی پەسند نەکراوەی تیوری **دۆمارسییە**، هێنــاونی و دەڵێ: (بۆ ئەوەی هەڵە زۆر روونەکان ئاشکرا بکەین، ناشێ ئەم تیوریيە بەرامبەر زانستی نوێ دابنێین. **ساهلین** هـ. س. ل٨٤)

دۆمارسییە لە شیکردنەوەکانی خۆیدا (ل١٧٩ و ١٨٠) بۆ جیاکردنەوەی **ژێرساز** و **رووساز**، چەند گوزارەی جیاجیای بە نموونە هێنایەوە، وەك (*من رایەکم هەیە، من دەترسم*) لە رووی دروست کردن لە زمانی فەرەنسی دا (*من ترسەکەمم هەیە*). (*من گومانم هەیە*) و هیتر. ئەو دەڵێ ناتوانین ئەم گوزارانە کە بەرواڵەت وەك یەکن (*من کتێبێکم هەیە، من ئەڵماسێکم هەیە، من کاتژمێرێکی دەستیم هەیە*) و ناوکانیان ناوی شتومەکی راستەقینەن کە سەربەخۆ لە هزری ئێمەدا بابەتین، لەگەڵ گوزارەکانی تر بە یەکسان بزانین. بە پێچەوانەوە، کار لە رستەی (*من رایەکم هەیە*)دا زاراوەیەکی وەرگیراوە کە لەسەر بنەمای لاسایی دروست کراوە. مانای من رایەکم هەیە لە راستیدا ئەمەیە کە (*من بیردەکەمەوە، من بەم شێوە یا ئەو شێوەیە بیردەکەمەوە، من تێدەگەم و پەی پێدەبەم*). لەبەرئەوە دەستووری زمان هیچ مۆڵەتێك نادات بە ئێمە تا وا بیربکەینەوە زاراوەی وەك **رامواییە**، **تێدەگەم** و **پەی پێدەبەم**، جێگەی شتومەکی راستەقینە بگرنەوە، چ بگا بە (*زیندەوەری بەرچاو*). ئەم لێکدانەوە دەستوورییە، لەگەڵ رەخنە گرتن لە تیوری وێنە زەینییەکان، بە شێوەی دیکارتیی و ئەزموونگەرا، کە لەسەر بنەمای پێوانەکای دەستووری هەڵە بنیاتنراون، ئەوەندە لێك دوور نین. کەمێك دواتر **تۆماس رید** ئەم ماوە کورتەی نێوانیشیانی لابرد[1].

هەر بەو شێوەی **دۆمارسییە** بە گەلێك نموونە شرۆڤەی کردووە، تیوری سینتاکسی یا رستەسازی و پێکهاتەکەی، پێش ئەویش لە دەستوورەکانی قۆناغی **سکۆلاستك** و **رنسانس** دا هاتبوون (بڕوانە پەراوێزی ل٧٦ ژ٢). وەلێ ئەو پاشکۆی پەیڕەوانی دەستووری پۆرت رۆیاڵ بوو، لە راستیدا **تیوری ژێرساز** و **رووسازی،** بە تیورییەکی

(١) واتە ئەو جیاوازییەی نێوانیانی نەهێشت.

دەروونناسی دەزانی، نەك ئامرازێك بۆ روونكردنەوەی چەند **شێوەیەكی دیاری** كراو یا شیكردنەوەی **دەق**. هەروەك وتمان، ئەم تیوریە رۆڵێكی لە روونكردنەوەی گریمانەیی ناوبراو لەمەڕ وەرگرتن و بەرهەمهێنانی وتەدا هەیە، راست وەك ئەوەی لە **دەستووری پۆرترۆیاڵ** دا هاتووە، كە ژێرساز هەر بەو شێوازەی وتە دەبیسرێ یا بەرهەم دێ، لە زەین دا دووبارە رەنگ دەداتەوە.

وەك دوایین نموونە، لە بواری هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئەو رێسامەندییانەی، لە ئاستی ژێرەوەی فرەجۆری دا خۆیان شاردۆتەوە، دەتوانین لە **بەشی حەوتەمی** كتێبی دەستووری پۆرت رۆیاڵ، شیكردنەوەی پێتەكانی پێناسەی **نكرە،** بكەین بە بەڵگە. لەوێدا كە لەسەر بنەمای بەراوردی نموونەیی des , de هەمان رۆڵی un ئامرازی كۆ دەبینن. بۆ نموونە رستەی (un crime si horrible merite la mort، تاوانگەلی ئاوا كارەساتبار سزاكەی مەرگە) وە رستەی (des crimes si horrible meritent la mort , de si horribles crimes meritent la mort تاوانگەلی كارەساتباری ئاوا سزاكەیان مەرگە، تاوانگەلی ئا ئاوا كارەستبار سزاكەیان مەرگە) لەبەر چاو بگرن. بۆ روونكردنەوەی ناوازەی ئاشكرا كە لە رستەی (il est coupable de crimr horribles (d horrible crime) ئەو تاوانی كارەستباری ئەنجام داوە (*تاوانی كارەساتبار*) هەیە، دەڵێن كە **رێسای ناهەمنەوایی**[1] رێكخستنی de de دەخاتە جێگەی de. بەڵام ئەوان هاوكات لە كاریگەری des، وەك دەركەوتنی پێتی پێناسەی مەعریفە وكاریگەرییەكانی تری ئەم وێنانە، ئاگادارن.

بە ئەگەری زۆر ئەم خاڵانە و ئەم نموونانە، بۆ پێشنیاری حاڵەتی هاونومایش و هاوشێوەی تیۆرییەكانی دەستووری و پەیڕەوانی دەستووری فەلسەفی، بەسن.

[1] –cacophony rule of

هـــەروەك لەســـەرەوە وتمـــان، تیـــوری **ژێرســـاز** و **رووســـاز** هـــەردووكیان، راســـتەوخۆ پەیوەندییان بە پرسی داهێنەرانەی كەڵك وەرگـرتن لــە زمــان، هەیــە. ئــەم خاڵــە لەبەشی یەكەمی ئەم كتێبەدا كەوتۆتە بەرباس.

لە روانگەی زمانناسی نوێوە، ئەم هەوڵە بـۆ دۆزینــەوە و رەتكردنــەوەی ژێرســاز و رووساز و تاوتوێكردنی رێساكانی گـەردانكردن، كـە بـە شـێوەی رووســاز دەریــان دەخەن تارادەیەك بێ مانان*. [1] چونكە بایەخ نـەدان بـە **زمـانی واقعـی (شـێوەی رووساز)**، نیشانەی گوێنەدانە بە **(دیفاكتۆی زمان)**. رخنەگەلی ئاوا لەسەر بنەمای سنوردار كردنی پانتایی **دیفاكتۆی زمان**ە، بـە بەشـەكانی دیـار و بەرچـاو و وتـە راســـتە قینـــەكان و ئـــەو پەیوەندییـــە رواڵـــەتی و دیـــاری كراوانـــەی ئـــەوان[2].

---

* خوێنەر ئاگادارە كە مەبەستی چۆمسكی لێرەدا زمانناسی پێكهاتەگەرایە Stractural linguistic).

[1]- جگە لەوەی لەو نموونەی دوایی دا، واتە شـیكردنەوەی پیتـی پێناسـە تارادەیـەك نادیـار نیشـان دەدرێ، تیۆرییە نوێیە زمانییەكان، بۆ تێپەڕین لە سنووری **شكلی رواڵەتی** ، ئەم هەوڵانە بە رێگە پێدراو دەزانن. ئەم هەوڵانە باس و خواسی زۆری میتۆدناسی بوون، بە تایبەتی لە ئەمەریكا لە دەهەی ١٩٤٠ دا.

[2]- بۆ لێكۆڵینەوەی پتر لە بواری میتۆدەكانی هاوچـەرخ لــە رستەسـازی دا، كـە ئـەم سـنووردارییە پەسـند دەكات، بڕوانە:

Postal, Constituent Stracture. The Hague Mouton (1964)

جگەلەوە زۆر باسی میتۆدناسی نوێ، لە راستیدا ئەوە دەگەیەنن، كە تاوتوێكردنی زمـانیی، دەبـێ تایبـەت بێ بە رووسازی وتەكان لە جەستەیەكی نەگۆڕدا. لەبەر ئەوە **ساهلین** (ل٣٦) كە بـەهۆی كـەڵك وەرگـرتن لـەو نموونە ساختانە لەبری نموونەی تایبەت بە گوتارەكان، كە بەراستی لە زمـانی زینـدوودا بینـراون، رەخنـە لـە دۆمارسییە دەگرێ و (بە هەڵەیەكی نالێبوردەی دەستوورزانێك)ی دەزانێ، لە راستیدا رەنگدانـەوەی روانگـە نوێیەكانە دیارە بە بۆچوونی سـاهلین، رێگـەی لـۆجیكی هـەمان كـەڵك وەرگرتنـە لـە گوتـاری واقعـی. بـۆ بەدواداچوونی پتر لە مەڕ گرفتەكانی **ژێرساز** و **رووساز** بڕوانە:

Chomsky, Syntatic Stractures, The Hague, Mouton (1957) Current Issues in Linguistic Theory, Aspects of The Theory of Syntax; Lees Grammer of English Nominalizatins, The Hauge Mouton (1960); Postal "Underlying Superficial

لێکۆڵینەوەکانی زمانناسی کە بەم شێوەیە سنووردار کرابن، تەنیا ئەو کۆمەڵە کاریگەرییانەی زمان بۆ خستنە رووی هزر تاوتوێ دەکەن، کە ژێرساز و رووسازییان بە رێکەوت یەکسان بێت. ئەم زمانناسییە بە شێوەیەکی دیاری کراو، پەیوەندییەکانی **دەنگسازی - مانا** کە لە رووسازدا دەردەکەون، تاوتوێ دەکات، هەر لەبەر ئەم سنووردارکردنەیە، کە زمانناسی دیکارتی و لێکۆڵینەوە زمانییەکانی رابردوو بایەخیان پێ نادرێ، کە هەرچۆنێك بێ سەرنجیان راکێشاوە بۆ ژێرساز (*تەنانەت ئەو کاتەی کە ژێرساز بە شێوەی دیاریکراو و زاراوە بە زاراوە لەگەڵ نیشانە دیارەکانی گوتاردا هاورێك نین*)[١]. دیارە ئەم هەوڵە نەریتیانە کە رێکخستنی ناوەرۆکی مانایی و رێکخستنی دەنگسازی ئەنجامدرا، لە زۆر رووەوە ناتەواو بوو، وەلێ رەخنەی نوێ، بەگشتی لە بۆچوونەکانیان نەك کەموکورییەکانیان، ئەوانە رەت دەکاتەوە.

Linguistic Stractures, Harvard Educational Review, 34, (1964) : Katz & Postal, An Integrated Thoery of Linguistic Description: Katz, The Philosophy of Language.

[١]- تەنیا یەك نموونە دێنمەوە، بە وردی سەیری رستەی سەرەتایی **ئارنۆڵد** بکەن لە لێکدانەوەی **دەستووری فەلسەفی** (هـ .س ل١٨، پێویستە جەخت بکرێتەوە لەسەر ئەوەی ئەم باسە نائاساییە، چونکە تەنیا بایەخ بەو زانیارییانە دەدات، کە پەیڕەوانی دەستووری فەلسەفی بڕوایان پێیەتی و، ئەو بیروڕایە پوچەڵانەی کە بەتەواوی پێچەوانەی راو بۆچوونی ئەوانە، بە راوبۆچوونی ئەوانی لەقەڵەم نادا). ئەو دەڵێ نووسەرانی ئەم بەرهەمانە هەستیان دەکرد (یارمەتی زانستێك دەدەن، کە پێش ئەمە کاریگەرییەکی گرینگی هەبووە، مانای دەوڵەمەندکردنی میراتی ئێستا و پەرەپێدانی ئەو دەرئەنجامانەی، کە تا ئێستا دەستەبەر کراون. رەنگە ئەم بڕوایە لە زمانناسی دا جێگای پێکەنین بێ، بەڵام دیفاکتۆیەکە و راستە.)
پێویستە ئاگادار بین کە شێواوی نوێی تیوری نەریتی زمانناسی، نەك تەنیا لەم دیفاکتۆیەوە سەرچاوە دەگرێ، کە ئەم تیورییە هەموو سەرنجی خۆی ئاڕاستەی **رووساز** کردووە، بەڵکو لە قبوڵ کردنی بێ رەخنەی، لێکدانەوەی رەفتارگەرایانەی ئەرك و فێربوونی زمانەوە، هاتووە،، لێکدانەوەیەك کە بنەماکەی لە چەندین بواری زانستی تردا باوی هەیە و بە رای من لە ئەفسانەیەك بەولاوە چیتر نییە.

لێکدانەوە و ڕوونکردنەوە لە زمانناسی دا

لە چوارچێوەی زمانناسی دیکارتی دا، **دەستووری لێکدانەوەیی**[1] هەم باسی مانا دەکات هەم دەنگ. بە لێکدانەوەیەکی تر، ئەم دەستوورە بۆ هەر ڕستەیەك، ژێرسازێکی ئەبستراکت و ڕووسازێك دیاری دەکا. ژێرساز، ناوەڕۆکی مانایی ڕستە دیاری دەکات و، ڕووساز شێوەی دەنگسازی ڕستە. کەواتە دەستووری تەواو، سیستمی کۆمەڵە یاسایەکی دیاریکراو لە خۆ دەگرێ، کە کۆمەڵێکی بێ سنوور پێکهاتەی دوولایەنی ئاوا بەرهەمدێنێ و لە ئاکامدا نیشانی دەدات، کە چۆن ئاخێوەر - بیسەر دەتوانێ بۆ دەربڕینی کردەی زەینی و بارودۆخی زەینی خۆی، کەڵك بێ سنوور لە چەند ئامرازێکی دیاریکراو وەربگرێ.
وەلێ زمانناسی دیکارتی تەنیا بریتی نەبوو لە **دەستووری لێکدانەوەیی** ئەم چەمکە، بەڵکو **دەستووری گشتی** واتە بنەما هاوبەشەکانی پێکهاتەی زمانیش دەگرێتەوە. ئەم زمانناسییە هەر لە سەرەتاوە جیاوازی دانا لە نێوان **دەستووری تایبەتی** و **دەستووری گشتی**. دۆمارسییە ئاوا باسی ئەم جیاکردنەوەیە دەکات:

لەم دەستوورەدا چەند خاڵێك هەیە، کە لەگەڵ تێکڕای زمانەکان هاورێکە، ئەوەی ئەم خاڵانە وەدی دێنێ، ئەمەیە کە پێدەڵێین دەستووری هاوبەشی گشتی زمان: ئەم خاڵانە چەند ڕاستییەکن لەمەر ئەو دەنگانانەی بەرهەم هاتوون، ئەو پیتانەی هێمای دەنگن، چییەتی زاراوەکان و ئەو شێوە جیاوازانەی کە دەبێ هەبن، یا ڕێکخرابن، یا بۆ گەیاندنی واتا دیاری

[1] - Descriptive Grammer دەستووری توسیفی، کە بریتییە لە باس یا لێکدانەوەی زمانناس، بۆ دەستووری زەینی، کە یەکەی ڕستەسازی، پێکهاتە و ڕێساکان دەگرێتەوە. لێکدانەوەیەکی ڕاست و ڕەوانی ئاخێوەرانە، لەبارەی زمانەکەی خۆیاندا.

کرابن. وێڕای ئەم خاڵە گشتییانە، چەند خاڵی تر هەن کە تایبەتن بە زمانێکی تایبەت، ئەمەش ئەو بابەتانەن، کە دستووریی تایبەتی هەر زمانێك بەرهەم دێنن[1].

بۆزە ئەم جیاوازییە بەم شێوەی خوارەوە شرۆڤە دەکات:

لەسەر ئەم بنەمایە، دەستووری زمان، کە ئامانجەکەی دەستەبەرکردنی وێنەیەکی هزرە، کە بە یارمەتی وتە هاتۆتە سەر زمان یا نووسراوە، دوو بنەما بە ڕێگە پێدراو دەزانێ، یەکێك لەو دووانە، جۆری راستییەکی نەگۆڕە و کاریگەرییەکەی جیهانییە. ئەم بنەمایانە پەیوەندییان بە بیرکردنەوەوە هەیە و بیرکردنەوە بەش بەش و شیدەکەنەوە، لە دەرئەنجامەکەی بەولاوە شتێکی تر نین، ئەو جۆرەی تری بنەماکان، شتێك نین جگە لە دیفاکتۆی گریمانە کراو و پەیوەست بە پەیمانی گریبەستی و بە ئارەزووەکان، کە گۆڕانهەڵگرن. وەدی هاتنی زمانی جۆراوجۆر، لەم بنەمایانەوە سەرهەڵدەدەن. بنەماکانی جۆری یەکەم، دەستووری هاوبەشی گشتی زمان بەرهەم دێنن و بنەماکانی جۆری دووەم، بابەتی جۆراوجۆری دەستووری زمانە تایبەتەکانن. لەبەر ئەوە دەستووری هاوبەشی گشتی زمان، مەعریفەی ئەقلانی بنەما نەگۆڕەکان و گشتی زمانی گوفتاری یا نووسینن، ئیتر لە هەر زمانێك دا و بە هەر شێوەیەك بێت.

---

[1]- Veritables Primcipes de la grammair (1729) بە وتەی **ساهلین** ه. س. ل٢٩ و ٣٠ مێژووی ئەم بەرهەمە لە پێشەکییەکەیدا لە لاپەڕە ٩ دا هاتووە. **ئارنوا** ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر وتبووی کە (ئێمە عادەتمان وانییە، ئەو شتانەی لە نێوان هەموو زمانەکاندا هاوبەشە، لە دەستووری تایبەتی زماندا بیخەینە روو. بە وەرگرتن لە **سان بۆڤ** ل٥٣٨ ١٦٦٩) و جیاوازی نێوان **دەستووری هاوبەشی گشتی** و **دەستووری تایبەتی**، لە **دەستووری پۆرت رۆیاڵ** دا هەرچەند بە باشی روون نەکراوەتەوە، وەلێ بە شێوەیەکی شاراوە بوونی هەیە. **ویلکنیزیش** جیاوازی داناوە لە نێوان، **دەستووری سروشتی** (واتە **فەلسەفی، ئەقلانی، هاوبەش** کە پەیوەستن بە زەمینە و ئەو رێسایانەی بێ گومان پەیوەندیان بە فەلسەفە و ئەدەب و گوتەزاوە هەیە) و دەستووری تایبەتی یا بە **ئۆرگانکراو** کە پەیوەندی بە (یاساگەلی تایبەتی یەك زمانی دیاری کراو) وە هەیە (ه. س.ل٢٩٧).

دەستووری تایبەتی زمان، هونەری بەکارهێنانی بنەما نەگۆڕ و گشتی زمانی گوفتاری یا نووسینە، لە ئۆرگانە باو و بە ئارەزووەکانی زمانێکی تایبەتدا.

دەستووری گشتی زمان، جۆرێکە لە مەعریفە، چونکە تاوتوی کردنی بنەما نەگۆڕ و گشتییەکانی زمان نەبێ، ئامانجێکی نییە. بەڵام دەستوری زمانی تایبەت جۆرێکە لە هونەر، چونکە کەڵك وەرگرتنی پڕاکتیکی لە ئۆرگانە باو و بە ئارەزووەکانی زمانێکی تایبەت، بە پێی بنەما گشتیەکان هەڵدەسەنگێنێ.

مەعریفەی دەستووری لە پێش هەموو زمانەکانەوەیە، چونکە ئەگەر بوونی زمانەکان نەبێ، بۆ بنەماکانی مەعریفەی دەستووری، شتێکی تر پێویست نییە، هەر ئەو بنەمایانە بۆ کاری هۆشمەندانە و زەینیش، ڕێنوێنی ئەقڵی مرۆڤ دەکەن. بە کورتی ئەمەیە کە ئەم بنەمایانە لە دیفاکتۆیەکی جێگیر هەڵقوڵاون.

بە پێچەوانەوە، هونەر دەستوورێکی درەنگی زمانەکانە، چونکە پێش ئەوەی بە شێوەی ساختە لەگەڵ بنەماگشتییەکانی زمان پێکیان بگرین، دەبێ کاریگەری زمانەکان بوونیان هەبێ، هەروەها سیستمەکانی پێوانەیی کە ئەم هونەرەیان هێناوەتە ئاراوە، شتێك نین جگە لە دەرئەنجامی ئەو بینینانەی بە پشت بەستن بە کاریگەرییکانی پێشوو هەبوون.

دالامبیر لەمەڕ ستایشی **دۆمارسییە**، لە (دەستووری فەلسەفی) دا ئاوا دەڵێ:

لەبەر ئەوە، دەستووری زمان، دروستکراو و ڕێکخراوی فەیلەسوفەکانە، زەینی فەلسەفی تەنیا دەتوانێ تا سنووری ئەو بنەمایانە بڕیکات، کە ڕێساکانیان لەسەر دامەزراوە... ئەم زەینگەراییە، سەرەتا لە دەستووری هەر زمانێکدا، ئەو بنەما گشتییانە دیاری دەکات، کە لە هەموو زمانەکانی ترا هاوبەشن و دەستووری گشتی پێکدێنن، دواتر کاریکەری تایبەتی هەرزمانێك نیشان دەدات. ئەو کاریگەرییانەی کە لە سەر پایەی ئەقڵمەندین، لەو کاریگەرییانە دادەبڕێن کە جگە لە کاریگەری ڕێکەوت و هەڵە شتێکی تر نین: ئەم زەینگەراییە، کاریگەری زمانەکان نیشان دەدا لەسەر یەکتر، هەروەها ئەو گۆڕانگارییانەی -

بێ ئەوەی تایبەتمەندی ئەو زمانانە بە تەواوی لەناوببا - ئەم تێکەڵاوییەی لێکەوتۆتەوە. ئەم زەینگەراییە، ئیمتیاز و کەموکوڕی زمانەکان، جیاوازی لە پێکهاتنیان دا، فرەجۆری لە تایبەتمەندی خۆیان... دەوڵەمەندی، سەربەخۆیی، لاوازی و گەورەییان هاوسەنگ دەکات. پەرەسەندنی ئەم بابەتە جیاوازانە، میتافیزیکی راستەقینەی زمانە. بابەتی ئەم دەستوورە، میتۆدێکە کە زەینی مرۆڤ بەکاری دێنێ بۆ، خولقاندنی بیر و هزر، بڕواکانی خۆی، هەروەها کاریگەری زاراوەکان بۆ گواستنەوەی بیروراکان بۆ ئەوانی تر[١].

دۆزینەوەی بنەما گشتیەکان، دەتوانی باسێکی سنووورداری راستەقینەی زمانەکان، بدا بەدەستەوە، تا ئەو جێگایەی کە دەتوانین نیشانی بدەین، ئەوانە واتە بنەما گشتییەکان، چەندین نموونەی دیاریکراون لە خەسڵەتە گشتییەکانی پێکهاتەی زمان، کە لە **دەستووری هاوبەشی گشتی**[٢] دا باسکراون. جگە لەمە، دەتوانین خودی ئەو خەسڵەتە هاوبەشە گشتییانە ، لەسەر بنەمای گریمانە گشتییەکان لەمەڕ پرۆسە زەینییەکانی مرۆڤ، یا توانای کاریگەری زمان (*وەك کەڵك وەرگرتن لە گەردانکردنی لابردن*)، روون بکەینەوە. زمانناسی دیکارتی هەوڵ دەدات دەستوورێك بێنێتە ئاراوە، کە نەك هەر **گشتی** بەڵکو **لۆجیك**یش بێت.

زمانناسی پۆرت رۆیاڵ و ئەوانەی دوای ئەو، تا رادەیەك لە کاردانەوە بەرامبەر مێتۆدی زاڵی چەند کتێبی وەك **چەند تێبینی لەبورای زمانی فەرەنسی دا** (١٦٤٧) نووسینی **ڤیجلاس**، نووسراون. ئامانجی **ڤیجلاس** تەنیا باسکردنی کاریگەری زمانە، ئەو کاریگەرییەی (کە هەموان دەزانن فەرمانڕەوای زمانە

---

[١]- بە وەرگرتن لە **ساهلین** هـ، س، ل٢١، جیاوازی هەیە لە نێوان جەخت کردنەوەکان و وتەکانی **بۆزە** و **دلامبیر** لە بواری پەیوەندی نێوان واقعیاتی تایبەتی و بنەم گشتییەکان. بەڵام ئەم دوو رایە دژپێك نین.

[٢]- Universal Grammer وەلێ لە دەقە ئینگلیزییەکەشدا بە زمانی فەرەنسی grammaire générale.

زیندووەکانە. پێشەکی). کتێبی ناوبراو کە ناوی **چەند تێبینیەك لە بواری زمـانی فەرنسی دا،** نەك بڕیارەکان..یا یاساکان...، چونکە ئەو کەسێکە تـەواو توێـژەر. ئەو نالێ دەیەوێ واقعی گوتار روون بکاتەوە، یا رێسا گشتییەکان بدۆزێتـەوە کـە ژێرخانی گوتارن. ئەو لەبەر چەند بەلگەی لۆجیکی یا هەستیاری، هەرگیز پێشنیار ناکات گۆڕانکاری یا **پاکسازی** لە زماندا بکـرێ. کەواتـە دەسـتووری نـاوبراو نـە لۆجیکی و نە مۆلەت پێدراوە[١]. ئەو لە پرسەکانی دیاری کردنی کارایی بە تـەواوی ئاگادارە و باسێکی جـوانی لەمـەڕ **میتۆدەکـانی هـەلێنجان**[٢] (ل٥٠٣ بـە دواوە) هەیە، کە لە وێدا ئاماژە دەکات بـە ناتـەواوی جۆرەهـا تاقیکردنـەوەی **پرسـینی راستەوخۆ** بۆ دەستووری بوون، کە زۆرجار بە هـۆی **زمانناسـانی پێکهاتەگـەراوە** پێشنیار کراوە و بەکار هێنراوە وئامانجی نادیاری هەبووە. ئەو باسەکەی خـۆی بـە رووساز سنووردار ناکات[٣]. بۆنموونە، ئـەو وەبیرمـان دێنێتـەوە کـە ئێمـە نـاتوانین سیمای زاراوەکە بزانین، کە ئایا زاراوەکە **واتای دیارە** یا **نادیار**، یا بـە شـێوەیەکی ناروون هەردوو واتاکەی هەیە. لەبەرئەوە لە رستەی (*رێزی من تا ئەو رادەیە نییـە کە ئێوە بتوانن کەلّی لێوەربگرن*) گوزارەی (رێزی من) واتای (*ئەو رێـزەی مـن بـۆ ئێوە دادەنێم*) هەیە، لە کاتێکدا رستەی (*رێزی من پەیوەندی بە ئێوەوە نییـە*) بـە

---

[١]- بە دلنیاییەوە جۆرێك لە توخمی شاراوە بەناوی (**تجویزی**، راسپاردە یا مۆلەت پێدراو) لە هەلبژاردندا هەیە، مەبەست هەلبژاردنی زمانی بلیمەتانە (واتە کارایی باشترین نووسەران و بە تایبەتی **کارایی زمانی دەرباری)** وەك بابەتێکی لێکدانەوە.

[٢]- Elicitation procedures

[٣]- دەبێ بزانین، سنووردار کردنی لێکۆلینەوە زمانییەکان بە لێکدانـەوەی بـێ روون کردنـەوە، پێویسـتی بـە سنووردار بوونی هاوشێوە نییە لە تاوتوێ کردنی **رووسازدا**، ئەم سـنووردارکردنەی دوایـی، سـنووردارکردنێکی نوێی و سەربەخۆیە.

مانی (*ئەو ڕێزەیە من بۆخۆمی دادەنێم یا ئەو بەهایەی دەکرێ بۆ منی دابنێین*) هەر ئەم خاڵە لەبارەی وشەی وەك **یارمەتی، هاوکاری،** و **بڕوادا** راستە. نموونەی تریش لەبارەی بەس بوونی **لێکدانەوەیی** لە پانتاییەکی تردا. هاوکات کارەکانی **ڤیجلاس** زۆربەی کەموکوڕییەکانی تیوری نوێی زمانناسی گرتەوە، وەك نەدۆزینەوەی لایەنی داهێنەرانەی کەڵك وەرگرتن لە زمان. بەم پێیە، ئەو، پێی وایە کەڵك وەرگرتنی ئاسایی لە زمان، ئەو گوزارە و رستانە دەگرێتەوە کە لە گاریگەری مانادا دەدۆزرێنەوە. هەرچەندە ئەو بڕوای وایە دەتوانین زاراوەی نوێش وەك (pleuremrnt , brusquete) لە سەر بنەمای پێوانەیی دروست بکەین.(ل ٥٦٨ بە دواوە). بەم پێیە بۆچونی ئەو دەربارەی پێکهاتەی زمان لەگەڵ رایەکانی **سۆسۆر، یسپرسن، بلۆمفیلد** و زۆری تر، جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، کە لای ئەوان داهێنان تەنیا لەسەر **بەراوردکاری**[1] و لەسەر بنەمای جێگیر کردنی چەند زاراوەی یەك وتە، لە چوارچێوەیەکی نەگۆڕدا، ئەگەری بوونی دەبێ. (بڕوانە ل٣١و٣٢).

دەستووری فەلسەفی دژی لێکدانەوەگەرایی[2] **ڤیجلاس** و ئەوانی تر کاردانەوەیان نییە[3]. بەڵکو دژی سنورداركردنی دەستوورە بە لێکدانەوەگەرایی رووت.

---

[1] - analogy

[2] - descriptivism

[3] - **ڤیجلاس** یەکەمین کەس نییە کە جەخت لەسەر پێشەنگی کارایی دەکاتەوە. سەدەیەك پێش ئەو لە یەکێك لە دەستوورەکانی زمانی فەرنسی دا، **میگرە** دەڵێت: (پێویستە چۆن دەدوێین ئاوا بدوێین) و (مەحاڵە بڕیار لەسەر هیچ رێساو یاسایەك دژی کەڵك وەرگرتن لە فۆنیتیکی زمانی فەرەنس، بدرێت). لە زمان **لیڤە** و لە کتێبی: La grammair francaise et les grammriens du xvI siecle. سەیرەکە ئەوەیە، کاردانەوەی زماناسی دیکارتی بەرامبەر لێکدانەوەگەرایی رووت دادەنێ، گەشەکردنی دەستووری تیوری سەدەی سێزدەهەم بە هەوڵێك دەزانێ، تا روون کردنەوەی ئەقلانی لە بری تۆمار کردنی زمان و کارایەکەی

راسپاردەی هەمیشەیی دەستووری پۆرت رۆیاڵ بۆ ئەو کەسانەی لە سەر زمانە زیندووەکانی دنیا کاردەکەن ئەمەیە: (*شێوەکانی وتەبێژی کە پاشکۆی کاریگەری گشتی و پوچەڵنەکراوەن، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ رێساکان و دەوڵەمەند کردنی زمانیش بن، پێویستە بە راست دابنرێن. ل٨٣*). **لامی** لەوتارەکەیدا لەمەڕ باسی کاریگەری زمان، هەمان بۆچوونی **ڤیجلاس** دووبارە دەکاتەوە، بەو مانایەی کە کاریگەری (*فەرمانڕەوا و حاکمی رەهای زمانەکانە*). ئەو بڕوای وایە، (*هیچ کەس دژی ئەو فەرمانڕەواییە نییە، کە پێداویستی دەیسەپێنێ و رەزامەندی گشتی تاکەکانیشی لەسەرە. ھ س ل٣١*).

دۆمارسییە جەخت دەکاتەوە کە (فەیلەسوفی دەستووریی، کاتێك لێکدانەوە بۆ خاڵێکی زمانێکی تایبەت دەکات، پێویستە گرینگی ئەو خاڵە بۆ زمان لەبەرچاو بگرێ، نەك بایەخ بە پەیوەندی ئەو زمانە بدات لەگەڵ زمانێکی تر[1]. کەواتە تایبەتمەندی دیاری دەستووری فەلسەفی، ئەمە نەبوو کە بیەوێ زمان پوختە و

بێتە دی. دەستووری تیوری جیاوازی دادەنێ لە نێوان دەستووری گشتی و دەستووری تایبەتی. بۆ نموونە راجێر بیکن گریمانەی دەکرد کە (دەستوور بە پێی خودی خۆی لە هەموو زمانەکاندا یەکسانە، هەرچەندە بە رێکەوت دەگۆڕدرێ)

Grammatica Greaca, edited by Charles, p278. cited in N. Kertizmann, "History of Semantics" in Encyclopedia of philosophy.

[1]- لە زمانی **ساهلین**ەوە (ھ. س. ل١٦) لە وتاری **حاڵەتی بەرکاری** لەو زانستنامەی سەرەوەدا، ساهلین وتەیەکی ئاوای (Veritables principes) بە نموونە دێنێتەوە: (دەستووری زمان پێشەنگی بوونی زمانەکانە، هیچ زمانیك نییە لە سەر بنەمای دەستووری زمان دروستکرابێ، پێویستە بینینەکانی دەستوورنووسان لەسەر بنەمای کارایی زمان بێ، چونکە هیچ یاسایەك نییە، کە لە پێش ئەم کاراییەی زمانەوەبێ) دوابەدوای ئەم وتەیە هاتووە کە دەڵێ: **دۆمارسییە** خۆی لەگەڵ ئەم پرنسیپە نەبوو. هەرچەندە لە کارەکانی دا زۆر بابەتی بۆ رەخنە لێگرتن هەیە، بەڵام بەڵگەیەکی ئەو تۆم دژی ئەم بانگەشەیە دەسنەکەوت.

پاکسازی بکات، بەڵکو دەیەویست ڕێسا بنەماییەکانی بدۆزێتەوە و ئـەو دیاردانـە روون بکاتەوە کە دەیانبینیٚ.[١]

ئەو نموونانەی کە بە درێژایی یەك سەدە، بـۆ نیشـاندانی **دەسـتووری لێکدانـەوە** و **دەستووری روونکردنەوە**[2] بەکار دەهێنرا، **ڤیجلاس** پێشکەشـی کردبـوون. (ل٣٨٥ بەدواوە). ئەم نموونانە لە بارەی **گیرەکە لێکنراوەکان**[3]، بە تایبەتی ئاماژەیـان بـەم یاسایە دەکرد کە ناتوانین گیرەکی لێکنراو بە ناوەوە بلکێـنین کـە پیتـی پێناسـەی نییە، یا تەنیا (پیتی نەکیرە)ی de هەیە. لەسەر ئەم بنەمایە ناتوانین بلـێین (ئـەو ئەم کارە لەرووی پیسکەییەوە ئەنجام دەدا، چونکە دەتوانیٚ هەرکارێك بکا(il fait clea par avarice qui est capable de tout) یا (ئەو ئەم کارەی لە رووی پیسـکەییەوە ئـەنجام دا، چـونکە تینویـەتی نەدەشـکا il a fait clea par avarice, don’t la soif ne se peut) هەر لەبەر ئەم هۆیە گوزارەی (ئەو لە ئەنجامی بەرکەوتنی گوللەیەك بریندار بوو کە ژەهراوی بوو il a este blesse d un coup de fleche, qui estoit empoisonnee) نـاتوانن بـەکاربێنین، هەرچەندە گوزارەکانی (*ئەو بە گوللەیەك بریندار بوو کە ژەهراوی بوو*) یا (*ئەو بـە گوللەیەك کە ژەهراوی بریندار بوو*) راستن.

---

[١]- ئاشکرایە ئەم کارە هاوئاهەنگە لەگەڵ میتۆدی زمانناسی دیکارتی، کە جەخت دەکاتەوە لەسەر پێویسـت بوونی تاقیکردنەوە بۆ هەڵبژاردن. بڕوانە **گوفتار لە میتۆد دا** بەشی شەشەم، شوێنگەکانی سەرنجی دیکـارتی بۆ دەستووری گشتی کە (ئەوشتانە دەخاتە روو کە لە مرۆڤەکاندا هاوبەشە) و (دەستووری لۆجیکی) کە تەنیا لە بری ژماردنی کارە هەنوکەییەکان دەریان دەخـا، لـەوە روونـترە پێویسـتی بـە لێکۆڵینـەوەی ورد هـەبیٚ. هەڵێنجانی ئەرستۆییانە لە زانستە ئەقڵییەکان، کە بەم دواییانە دووبارە بایەخیان پێدراوەتەوە، هەر بەم پێیـە دەستووری تیوری سەدەی نۆزدەهەمی لێکەوتەوە. بڕوانە ن. **کرتزمان**. هە. س.

2 -descriptive and explanatory grammar

3 -Risteicted Bounds

بەشی نۆهەمی **دەستووری پۆرت رۆیاڵ**، سەرەتا باسی جۆرەها شتی ناوازەی ئـەم ڕێسایە و دواتر بنەمای گشتی پێشنیار دەکات، کە هـەم نموونـەکانی **ڤـیجلاس** و هەم ناوازەکانی ئەو ڕێسایە روون دەکاتەوە[1]. جارێکی تر پاساوەکە لەسەر بنـەمای مانا و دەلالەتە. لە مەڕ **ناوی گشتی**[2] ماناکە نەگۆڕە (تەنیا لە باری نـاروونی یـا خوازەدا) نەبێ، بەڵام پانتایی بە ستراوە بە کۆمەڵەیەکی ناویی کە دەرکەوتووە کار لەوێدا جیاوازە. دەرکەوتنێکی تایبەتی نـاو بـە **نادیـار**[3] ناودەبـەن: *(ئەگـەر هـیچ نیشانەیەك نەبێت، کە دەریبخا ئەم ناوە بە گشتی بە شێوەیەکی تایبەتی لەبەرچاو گـیراوە، هـەروەها ئەگـەر ناوێـك بـە شـێوەی تایبـەتی لەبەرچـاو گیرابـێ بـۆ تایبەتمەندییەی دیاری کراو یا نادیار، ناوەکە پێی دەوترێ* ***نادیـار****. ل٧٧)*. ئـەگینا ئەگەر وانەبێ ناوەکە **دیارە**. یاسای ڤیژلاس ئێستا لەسـەر بنـەمای (دیـار بـوون) لێکدەدرێتەوە، *(لە کاریگەری ئەمڕۆکەی زمانی ئێمەدا، ئەگەر پیتێکـی پێناسـە، ناوی گشتی دیاری نەکردبێ، وەیا پیتی پێناسە لە ئارادابێت، وەلێ ناوەکە دیـاری نەکا، ناتوانین qui لـە دوا دابنـێین. ل٧٧)*. دوای ئـەم بابەتـە، شـیکردنەوەیەکی

---

[1] - ئەم باسە قەرزدانی **ئارنوایە** و، ساڵێك پێش بڵاوبوونەوەی دەستوور لە نامەکانی ئەودا بەرچـاو دەکـەوت. بڕوانە **سان بۆڤ** هـ. س. ل٥٣٦ بە دواوە. بە داخەوە دەستوور بەهۆی گەڵاڵـەی شـاراوەی خـۆی، لەبەرئـەوەی ڤیجلاس لە نموونەکانی نارازیانی خۆی ئاگادار نەبووە، لەبارەی دا بە ویژدان یا دادپەروەر نەبووە. لە راسـتیدا ڤیجلاس خۆی یەکێکە لەوانەی باسی نموونەیەکی نارازییانی خۆی دەکات (و ئەو حاڵەتە بانگەوازییە، کە ئـەو بۆتە خاوەنی پیتی پێوەلکاندن، وەلێ بە شایانی تێگەیشتنی دادەنێ). سەرەڕای ئەمـە ڤـیجلاس بـە راسـتی روونکردنەوەی ئەزموونی بۆ ئەو رایانە ئەنجام دەدا کە تۆماریان دەکات.

[2] - common noun

[3] - non-definite نادیار وە definite دیار گروپێکی ناوی راڤە دەکـات کـە دەلالـەتی یـەك شـتە کـە ئاخێوەر و گوێگر هەرووکیان دەیزانن (درآمدی بر زبان شناسی / ڤیکتۆریا فـرامکلین، رابـرت رادمـن، نینـا هیامز. ل٦٨٩)

تۆکمەیان هێنا، کە نیشانی دەدا نموونەکانی ناکۆکی ئـەم پرسـە لـە راسـتیدا ئـەو ناوانەن، کە بە چەند تایبەتمەندی بێ پیتـی پێناسـە بوونەتـە **دیـار**. بەشـێك لـەم شیکردنەوەیە لەسەر گریمانەی **ژێرساز** دامەزراوە، کـە خـۆی لـە خۆیـدا شـتێکی سەرنج راکێشە. **دۆمارسییە** و **بۆزە** و ئەوانی تریش تارادەیك لە بارەی ئەم یاسـایە دواون. لێرەدا پێویست ناکا بچینە ناو وردەکارییەکان. خاڵی گـرینگ لـەم دەقـەدا ئەمەیە، کە بزانین، ئەگەر زماننـاسی بیەوێ لە سنووری کۆکردنـەوەی راسـتییەکان بەولاوەتر بڕوات و، وەك یەك **زانست** ی راسـتەقینەی لێبێـت (*یـا بـە وتـەی ئـەو رۆژگارە ببێتە دەستووری فەلسەفی*)، دەبێ سەرەڕای شـرۆڤە کـردن دەسـت بداتـە روونکردنەوەی لۆجیکی، کە ئەو نموونەی سەرەوە نموونەی میتۆدیکی لو جۆرەیە.

ئەو روونکادنەوانەی پەیوەنـدییان بـە یاسـای **ڤـیجلاس** ەوە هەیـە و زۆر روونکردنـەوەی تریش، کـە لـە **دەسـتووری جیهـانی**[1] دا هـاتوون، تـا رادەیـەك نـاوڕۆك و پیکهاتـەی زماننساییان هەیە، وەلێ لە زۆر حاڵەتدا پوچەڵن و بە شێوەی میکانیکی و نادیـار، پـەنا بۆ ئەو گریمانانە دەبەن کە لە بارەی واقعییەت زەین دان. لە راسـتیدا، بـە بۆچـوونی مـن ئەو رەخنەی ئەمڕۆ لە **دەستووری فەلسەفی** دەگیرێ بێ پاساوە. ئەمڕۆ هەڵـەی گـەورەی ئەم روانگەیە گوایە ئەمەیە: کە لە رادەبەدەر ئەقلگەرایانـە و بنـەما گریمانەییـە و گـوێ ناداتە دیفاکتۆی زمانیی. بەڵام رەخنەی سـەلمێنەرتر ئەمەیـە کـە دەسـتووری فەلسـەفی زیاد لە پێویست باسیکی رووتی واقعەکانی کردووە، بە شێوەیەك کـە چـیتر نـاکرێ وەك پێویسـت **لـۆجیکی** بـێ. واتـە وادەنـوێنێ کـە ناتەواوییـەکان یـا ئاسـتەنگەکانی ئـەم بەرهەمانە، بە تەواوی پێچەوانەی ئەو بابەتەن، کە رەخنەگرانی ئەمڕۆ لایان لێکردۆتـەوە و هەوڵیان داوە، بۆ هـەر نموونەیـەك نیشـانی بـدەن ئـەو ژێرسـازەی ژێرخـانی رواڵـەتی

[1] -universal grammar

دەرەوەیەتی چییە؟ و پەیوەندییەکانی نێوان توخمەکان، کە مانا دیاری دەکەن، کامانەن؟ ئەوان کارەکەیان تائێرە شرۆڤەگەراییە. (*هەربەو شێوەیە زمانناسی نوێش، بۆ گەڕان بە دوای ئامانجگەلی سنووردارتری خۆی، بۆ نیشاندانی ئەو یەکانەی پێکهێنەری رووسازی گوتاری دیاری کراون و، بۆ رێکخستنیان لە ناو گروپ و ئەو پەیوەندییانەی لە رووی رواڵەتییەوە دیاریکراون،کەڵك لەو میتۆدانە وەردەگرێ کە تەواو* ***لێکدانەوەیین***. *هەر کەسێك بێ، لە کاتی خوێندنەوەی ئەم بەرهەمانەدا، زۆرجار لە گوناجاوبوونی شیکردنەوەکان سەرسام دەبێ*). تەنانەت هەر کاتێك شیکردنەوەکان لە رووی واقعییەوە راست بێنە بەرچاو، ئەم حاڵەتە دێتە ئاراوە. بۆ نموونە ژێرسازێك پێشنیار دەکرێ، کە بە راستی ناوەرۆکی مانایی رستەکە دەخاتە روو، بەڵام بنەمای هەڵبژردنی ئەو ژێرسازە (راستبوونی واقعی) لێ دەرچێ، بە نادیاری دەمێنێتەوە. لەم شیکردنەوانەدا ئەوەی ئامادەی نییە، تیورییەکە لە بارەی پێکهاتەی زمان، کە بە وردبینی تەواو دارێژرابێ و ئەوەندە دەوڵەمەند بێ بتوانێ وەڵامی بابەتی پرسیارەکان بداتەوە. هەرچەندە ئەو نموونانەی پەیوەندییان بە ژێرسازەوە هەیە زۆرن و زۆربەیان ئەرێنی دێنەبەرچاو وەلێ **سەلمێنەر** نین. بە واتایەکی تر، ئەوانە هەروەك شرۆڤە کردنی زمانناسی نوێن، سەرەڕای ئەوەی زۆربەیان لە بەش بەشکردنی ئەو گوتەزایانەی بە بڕگە و بڕگەی تاك مۆرفیم و زاراوە و گروپ، راست دێنە بەرچاو، وەلێ قەناعەتمان پێناکەن. لە هیچ کام لەم دوو حاڵەتەی سەرەوەدا، هیچ تیورییەکی زمانی لە مەڕ بابەتی چییەتی زمان دا نییە، کە ئەوەندە خۆڕاگربێ بتوانێ بە روونی نیشانی بدا، کە بۆچی منداڵ لە فێربوونی زمان ئەم لێکدانەوانە _ نەك لێکدانەوەی باشتر- هەڵدەبژێرێ، یا چۆن زمانناس لە سەر بنەمای زانیارییەکانی خۆی پەی بەم شرۆڤانە دەبات[1].

[1]- بۆ لێکۆڵینەوەی پتر لەمەڕ روون کردنەوەی زمانناسی، بڕوانە:

وێڕای ئەوە، لە دەستووری فەلسەفی دا، باسی ئاڵۆزی ئەو میکانیزمە نەکراوە، کە **ژێرساز** بە **رووساز**ەوە دەبەستێتەوە، جگە لەم باسە گشتییەی سەرەوە، هیچ تاوتوێکردنێکی ورد لە بارەی چۆنییەتی ئەو یاسایانەی لە دەستووردا هەن، یا لەبارەی بارودۆخی رواڵەتییاندا ئەنجام نەدراوە. سەرەڕای ئەوە، پێکهاتەی ئەبستراکت و ژێرسازی رستەش، لە خودی رستە جیا نەکراوەتەوە.. بە گشتی گریمانە کراوە کە ژێرساز هەمان رستەیە وەلێ بە شێوەیەکی سادەتر و بە ریکخستنێکی سروشتی تر و رێساکانی گواستنەوە و گەردانکردن و لابردن و هیتر، کە پانتاییەکی فراوانی رستەی واقعی دروست دەکات و لەراستیدا هەر لەسەر ئەو رستە سادانەش کاردەکەن. ئەم روانگەیە، بۆ نموونە، لە تیوری رستەسازی و پێکهاتەی **دۆمارسییەدا** زۆر روونە و بێ گومان لەو سەردەمەدا روانگەیەکی زاڵ بووە[١]. دەتوانین شوین پێی ئەم گریمانە بێ

Chomsky,Syntactic Stractures "Explaatory Models in Linguistcs" in E Nagel, P. Suppes, A. Tarski (ed) Logic. Methodology and Philosophy of science, Stanford Uuniversity Press (1962): Current Issues in Linguistic Throry, Katz "Mentalism in Lingustic" Language, vol. 40 pp 124-137 (1964).

یەکێك لە تایبەتمەندییە هەر بەرچاوەکانی شرۆڤەگەرایی ئەمەریکایی لە دەهەی ١٩٤٠، جەخت کردنەوە بوو لە سەر پرسەکان لەسەر بنەمای میتۆدەکانی تەواو **دیار** و دیاریکراوی شیکردنەوە. جەخت کردنەوە لەسەر وردبینی و جەخت کردنەوە لەسەر پێویستێتی پاساودانی روون کردنەوە توصیفییەکان، لە تاوتوێ کردنی هەندێك پەیوەندی سەربەخۆی زماندا، بە یارمەتییەکی گرینگ دادەنرێ. وەلێ ئەو پابەندییەی ئەم زمانناسانە بۆ سەلماندن دایدەنێن (بە تایبەتی سەلماندن دەبێ، بە واتای میتۆناسانەی١٩٤٠ شێوازدار بێ) ئەوەندە دەست و پێگربوون کە هەرکارێکیان دەکردە مەحاڵ. سەرەڕای ئەمە هێندێك کاردانەوە بەرامبەر ئەم ئاستەنگ دروستکردنە (وە بە تایبەتی هەر میتۆدێکی دیاری شیکردنەوە، بە ئەندازەی هەر میتۆدێکی تر بایەخی هەیە) لە گرینگی شاراوەی ئەو پرسەی کەم دەکردەوە.

[١]- لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ بزانین ئەگەر باسەکانی **دەستووری پۆرت رۆیاڵ**، بە شێوەی وەرگێڕانی وشەیی لێکبدرێنەوە، رستە ژێرسازەکان لە رستە واقعییەکان جیاناکرێنەوە. واتای ئەم باسە نزیکانە لە **دەستووری**

بنەمایە، کە **ژێرساز جگە** لە ڕێکخستنی سادەی ڕستەکان شتێکی تر نییە، لە گریمانە دیکارتییەکاندا هەڵبگرین، ئەو گریمانانەی ئەو لەسەر ئەو بنەمایەی **چییەتی** بیرکردنەوە بە گشتی و تێگەیشتن دیاری دەکەن، پێویستە بە دەروونگەرایی و وردبینی لە ئاگایی کەسەکەدا بدۆزرێتەوە.

سەرەڕای ئەم کەم و کوڕییانە، دۆزینەوەکانی زمانناسی لەمەڕ ڕێکخراوی دەستوور زۆر بەرچاون و، تاوتوێکردنی وردی ئەم بەرهەمانە بۆ زمانناس، کە بێ پێشوەخت حوکمدان، لەبارەی ئاستەنگی ئەو لێکدانەوە زمانییانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە، زۆر بە کەڵکن. سەرەڕای ئەم دەسکەوتانەش، پەیڕەوانی **دەستووری هاوبەشی گشتی** سەدەکانی **حەڤدەهەم** و هەژدەهەم، دەسکەوتی تری بەنرخیان هەبووە: ئەوان پرسی گۆڕانی ڕەوتی زمانناسی لە **مێژووی سروشتی**یەوە بۆ **فەلسەفەی سروشتی**یان بەروونی نیشان داوە و، **جەخت** لەسەر گرینگی بە دواداچوونی بنەما گشتییەکان و ڕوونکردنەوەی لۆجیکیانەی واقعیەتە زمانییەکمان دەکەنەوە.

گەردانکردنی بەرهەمهێن، لەو جۆرەیە کە لە سەرچاوەکانی یاداشتی ژمارە **٩٣ دا** هاتووە. ئەم دەستوورەی دوایی لەسەر بنەمای ئەم گریمانەیە، کە ئەو پێکهاتانەی **ڕێسای گەردانکردن** کاریان پێدەکات، شکلی ئەبستڕاکاتی **ژێرسازین،** نەك **ڕستەی واقعی.** لە پاڵ ئەمەشدا پێویستە بزانین کە **تیوری گەردانکردنەکان** کە سەرەتا بە هۆی **هاریس** و بەدەر لە چوارچێوەی **دەستووری بەرهەمهێن** خرایە ڕوو، گەردانکردنەکان بە پەیوەندی واقعی دەزانن و لە ڕاستیدا لەم بارەوە لە بیرو بڕوای **دۆمارسییە** و ئەوانی تر زۆر نزیکە. بڕوانە:
Z. S. Harris, "Co-occurance and Transformation in Linguistic Strature" Language vol. 33, pp283-340, 19570

بۆ بە دواداچوونی پترلەم بارەوە بڕوانە: Chomsky, Current Issues in Linguistic Theory, p62.

فێربوون و کارایی زمان

ئێمە تائیستا تایبەتمەندی دیار و بنەما گرینگەکانی زمانناسی دیکارتیمان لەمەر چییەتی زمان روونکردۆتەوە و، گۆڕنکارییەکانمان لە سەردەمی دیکارتەوە تا هامبۆلت تاوتوێ کردووە. لەم قۆناغەدا بەهۆی زەمینەی عەقلگرایانەی تیوری زەین، چەند بۆچوون لەبارەی چۆنییەتی فیربوون و کاریگەریی زمان، سەریان هەلداوە، کە لە راستیدا ئاکامی لاوەکی لێکۆلینەوە زمانییەکان بووە. ئێستا ئەم بیروهزرانە تا ماوەیەکی زۆر، ئەو بایەخەیان بۆ خۆیان دەستەبەر کردووە کە شایستەیانە، هەرچەندە دووبارە دەرکەوتنەوەیان (*وەك دەرکەوتنەوەی دووبارەی چەمکە بنەماییەکانی دەستووری گەردانکردن*) لە راستیدا بە رووداوێکی سەربەخۆ ئەژمار دەکرێ.

زانیاری سەرەکی زمانناسی دیکارتی ئەمەیە، کە خەسلەتی گشتی پێکهاتەی دەستووریی کە لە هەموو زمانەکاندا هاوبەشە، لە سەر هەندێك تایبەتمەندی بنەڕەتی زەین دارێژراوە. هەر ئەم گریمانە بوو کە پەیڕەوانی دەستووری فەلسەفی هاندا، لە بری لە دەستوورێکی زمانی تایبەت، بیر لە زەمینەی دەستووری گشتی بکەنەوە و، لە بیروراکانی هامبۆلت دا بەم شێوەیە خرایە روو، کە شیکردنەوەی قوولی زمان جۆری (شێوەی زمانی) کە لەناو جۆرەکانی تاك و نەتەوایەتیدا هاوبەشە، ئاشکرا دەکات. بەم پێیە هێندێك جیهانییەکانی زمان بۆ فرەچەشنی زمانی مرۆڤ چەندین ئاستەنگ دەخولقێنن[1]. تاوتوێ کردنی دیفاکتۆ هاوبەشەکان،

[1]- پێویستە ئاگادار بین کە ئەگەر توخمە هاوبەشەکانی زمانیی بەم شێوەیە پێناسە بکرێن، ئێتر پێویست بە بوونیان ناکات لە هەموو زمانەکاندا. کەواتە کاتێك کە بانگەشەی ئەوە دەکرێ، کۆمەلێکی دیاریکراو لە

كە شێوەی هەموو زمانە مرۆییەكان دیاری دەكات پێی دەوترێ **دەستووری گشتی**یە. ئەم دیفاكتۆیە هاوبەشانە ناكرێ فێریان بین، بەڵكو بنەماكانی ڕێكخەری زەینی نیشان دەدەن، كە ئامادەكاری بۆ فێربوونی زمان دەكەن و زانیارییەكان دەگۆڕن بۆ مەعریفە. بە گەڕاندنەوەی ئەم تایبەتمەندییانە بۆ زەین، وەك بەهرەیەكی زگماكی، سەلماندنی ئەم راستییە بەرچاوە فەراهەم دەكات، كە ئاخێوەری زمانەكە زۆر بابەت كە فێریان نە بووە دەیانزانێ. زمانناسی دیكارتی بە تێڕوانینێكی ئاوا، لە پرسی فێربوونی زمان و شتە جیهانییەكانی زماندا، رای دەروونناسانی ئەقڵگەرای سەدەی حەڤدەهەم، لە بارەی زەینی مرۆڤ گشتگیر دەكات. رەنگە یەكەمین نیشانە لەوانەی كە دواتر بوو بە بابەتێكی گرینگ، لە كتێبی **هیربیرت شیربریای** دابێ بە ناوی **لە بواری حەقیقەت دا** (١٦٤٢). ناوبراو لەو كتێبەدا دەڵێ: (*بنەماو چەمكەكان لە زەیندا نەخشەیان كێشراوە*) كە (*ئێمە ئەوانە وەك بەهرەیەكی راستەوخۆی سروشتی، وەك غەریزەیەكی سروشتی... دەكەینە بابەتی. ل١٣٣*). هەرچەندە ئەم چەمكە یا تێگەیشتنە هاوبەشانە (*شتومەك دەیانبزوێنێ*)، بەڵام (*هیچ كەس، هەرچەندە ساویلكە بێت، ناڵی ئەم چەمكانە لە خودی شتەكانەوە هاتوون. ل١٢٦*). بە لێكدانەوەیەكی وردتر، ئەم چەمكانە بۆ

تایبەتمەندییەكانی فۆنێتیكی و فۆنۆلۆژی هاوبەش پێكدێنێ، بەو مانایە نییە كە هەر كام لەم تایبەتمەندییانە، لە هەموو زمانەكاندا دەوری هەیە، بەڵكو هەر زمانێك لە ناو توانای ئەم سیستەمەی تایبەتمەندییەكان دا دەسدەكات بە هەڵبژاردن. **بۆزە** لە هەمان سەرچاوە لە ل٩ دا، ئاوا دەنووسێ:

ئەم توخمە سەرەكییانەی زمان... لە راستیدا بوونیان لە هەموو زمانەكاندا پێویستە، تا شرۆڤە و شیكردنەوە و ئەبستراكتی بیركردنەوە هەستپێكراو بێ. وەلێ من ناڵێم لە بارەی پێویستێتی تایبەت دەدوێم، كە ئەم ئازادییە بە هیچ زمانێكی تایبەت نابەخشێ، تا ئەم پێویستییانە رت كاتەوە. من تەنیا دەمەوێ پێویستێتی پەیوەست بە یەك جۆر نیشان بدەم، كە ئەندازە و رادەی ئەو هەڵبژاردنەی دەتوانین ئەنجامی بدەین، دیاری دەكات.

ناسینی شتەکان و پەیبردن بە تایبەتمەندی پەیوەندی نێوانیان، پێویستن. هەرچەندە دیفاکتۆ زەینییەکان، کە دەرئەنجامی ئەم چەمکە هاوبەشانەن (*وێدەچێ لە نەبوون یا غیابی شتەکەدا بزر بن، وەلێ ناتوانن بە تەواوی چالاك بن، چونکە پەیوەندی نێوان ئەوانە و شتەکان دوو لایەنەیە... تەنیا بە یارمەتی ئەوانەیە زەین دەتوانێ لە شانەی ئاشنا و نائاشنا دا بڕیار بدات کە ئایا توانا زەینییەکانی ئێمە مەعریفەی وردیان لەمەڕ واقعییاتەکاندا هەیە یان نا؟ ل١٠٥*). بەکەڵك وەرگرتن لەم واقعییەتە زەینییە کە (*سروشت لە سەر تابلۆی ویژدانی ئێمەی هەڵکەندوە*)، دەتوانین تاك تاکی هەستەکانمان لەگەڵ یەکتر ئاوێتە یا بەراورد بکەین و، تاقیکردنەوەکانیش لەسەر بنەمای شتەکان و تایبەتمەندییەکانیان و ئەو رووداوانەی دەرکەوتەی شتەکانن، لێبکدەینەوە. ئاشکرایە کە ناتوانین ئەم بنەمایانەی لێکدانەوە، لە رێگەی تاقیکردنەوەوە فێربین، چونکە ئەوانە بەتەواوی لە ئەموونی مرۆڤ سەربەخۆن. بە پێی تیوری **هیربێت:**

(ئەوان) ئەوەندە لە دەرئەنجامی تاقیکردنەوە و بینین دوورن، کە بێ لەبەردەست دابوونی هێندێکیان، یا لانیکەم یەکێکیان، هیچ ئەزموونێکمان نەدەبوو، یا نەماندەتوانی ببینین. چونکە ئەگەر سەرەتا روحی ئێمە ئەوەندە نەبوایە بتوانین سروشتی شتەکان تاوتوێ بکەین (وە ئێمە ئەم دەستووره لە شتەکان وەرناگرین)، وە ئەگەر ئێمە بۆ ئەم کارە خاوەنی چەمکی هاوبەش نەباین، هەرگیز نەماندەتوانی جیاوازی لە نیوان شتەکان دابنێین یا پەی بە پێکهاتەی گشتی ئەوان ببەین و شکڵی پوچ و وێنەی ترسناك، بێ هیچ مانایەك و هێندێك جار لەگەڵ مەترسی زۆردا، بەبەرچاوماندا تێدەپەڕین. ئەگەر نەخشەی ئەو چەمکانە لە زەینی ئێمە دا نەکێشرابایەوە، تا توانای بەراورد کردنمان پێ ببەخشێ، چۆن دەمانتوانی خێر و شەڕ لێکجیا بکەینەوە؟ لە کۆتایی دا، هەرکەس بیەوێ بزانێ تایبەتمەندییەکانی دەرەوەی شتەکان چییە، تا

کویێ کاردەکەنە سەر تێگەیشتنی راست و دروستی ئێمە و، هەروەها دەیانەوێ بزانن ئێمە چ شتێك دێنینە ئاراوە و چ شتێك دەرئەنجامی سەرچاوەی رێکەوت و بێگانەیە، وەیا چ شتێك دەرئەنجامی کاریگەری جێنێتیکی یا هۆکارە سروشتییەکانە، ئەوا بە ئاڕاستە ئەم پرنسیپانە دەڕوا. ئێمە نەك هەر گوێ لە دەنگی سروشت دەگرین لە کاتی جیاکردنەوەی خێر و شەڕ و جیاکردنەوەی کەڵك و بێ کەڵك، بەڵکو ئەو کاتەی راست لە درۆ جیا دەکەینەوە، کەڵك لە توانا شاراوەکانمان وەردەگرین، خۆ ئەگەر شتەکان ببنە هۆی وروژاندنی ئەو تواناییانە، ئەوا بە خێرایی کاردانەوەمان لەبەرامبەریاندا دەبێ. (ل١٠٥-١٠٦)

تەنیا بە کەڵك وەرگرتن لە (توانا غەریزی یا بیرۆکە هاوبەشەکانە)، کە زەین دەتوانێ دەریانبخا (ئایا تواناکانی زەینی ئێمە بە دروستی یا بە هەڵە کەڵکی لە پەی پێبردنی خۆی، وەرگرتووە؟ ل٨٧). کەواتە ئەمە **غەریزەی سروشییە**[1] رێنوێنیمان دەکات بۆ ئەوەی، چۆنییەتی و پانتایی ئەو شتە بزانین کە دەمانەوێ فێری ببین و هیوامان پێی بێت، یا بە دوایدا بگەڕێین. (ل١٣٢).

پێویستە وردبین بین لە دیاری کردنی چەمکە هاوبەش و بنەما تیورییەکانی رێخستنی زەین، کە رێگە دەدەن تاقیکردنەوە سەربگرێ. بە بۆچوونی **هێربێرت** پێوەری سەرەکی غەرەیزەی سروشتی، هەمان **رەزامەندی گشتییە**[2] (ل٣٩). وەلێ پێویستە دوو بنەما لەبەرچاو بگیرێن، **یەکەم**: مەبەست لە رەزامەندی گشتی رەزامەنی **کەسانی هاوسەنگە**[3]، (ل١٠٥). بە واتایەکی تردەبێ ئەوانە بخەینە لاوە کە لەرووی زەینییەوە **نەخۆش** یا **شێتن** (ل١٣٩) هەروەها ئەوانەی **سەرکێش**،

---

1 -natural instinct

2 -universal consent

3 -normal men

گەمژە، حۆل یا بێ ئەقڵن. (ل١٢٥). هەرچەندە ئەم جۆرە کەسانەش، ڕەنگە بە تەواویی لەم توانایانە بێ بەری نەبن و، ڕەنگە لە سەرخۆش و شێت و منداڵانیشدا، هێزی دەروونی لەرادەبەدەر هەبێ کە نیشانەی سەلامەتیانە . ل١٢٥). وەلێ دەتوانین ڕەزامەندی گشتی لەمەڕ چەمکە هاوبەشەکان، تەنیا لە کەسانی ئاسایی و لۆجیکی و بە ویژدان، چاوەڕوان بکەین. **دووەم:** تاقیکردنەوەی گونجاو بۆ ئەکتیڤ کردن و خواستنی ئەم بنەمایانە پێویستە. (یاسای گشتی چەمکە هاوبەشەکان و لە ڕاستیدا، یاساکانی تری شێوەکانی مەعریفە ئەمەیە، کە تا کاتێك شتەکان نەیانوروژاندون، هەروا بە چالاکی بمێننەوە. (ل ١٢٠). بەم پێیە چەمکە هاوبەشەکان، بابەتی وەك تواناکانی بینین، بیستن، خۆشەویستی، حەزو ئارەزوو و هیترن، کە لەگەڵیاندا لەدایك دەبین و (ئەگەر ئەو شتانەی لەبەرچاومان گرتوون ئامادە نەبن، ئەوا دەرناکەون و تەنانەت غاییبیش دەبن و هیچ نیشانەیەکی بوونیشیان لە دوای خۆیان بەجێناهێڵن. (ل١٣٢). وەلێ نابێ ئەم ڕاستییە بەرچاومان لە بەرامبەر ئەم واقعییەتەدا بگرێ، کە (*پێویستە چەمکە هاوبەشەکان، نەك دەرئەنجامی خودی ئەم تاقیکردنەوانە، بە بنەما دابنێین و، بزانین کە هیچ تاقیکردنەوەیەك بێ ئەوان سەرناگرێ*،) و ئەم تیورییەی کە دەڵێ (*زەینی ئێمە وەك تابلۆیەکی سپی وایە و، گوایە ئێمە توانای مامەڵەکردن لەگەڵ شتەکان، لە خودی شتەکانەوە وەردەگرین*) وتەیەکی بێ مانایە. (ل١٣٢)

چەمکە هاوبەشەکان (**خۆیان پێکەوە پەیوەستن**) و دەتوانین وەك یەك سیستم ڕێکیان بخەین (ل١٢٠) و هەرچەندە تواناگەلی بێ سنوور لە بەرپەرچدانەوەی شتگەلی بێ سنووردا سەرهەڵدەدەن، دەتوانین تێکڕای ئەم چەمکە هاوبەشانەی ئەم سیستمەی واقعیاتەکان لەئامیز دەگرن، لە ڕێگەی چەند گوزارەی دیاریکراو تێیان

بگەین. (ل١٠٦). نابێ ئەم سیستەمەی چەمکەکان لەگەڵ لۆجیك بە یەك شت بزانین، بەڵکو ئەم سیستەمە تەنیا ئەو بەشەی مەعریفەیە، کە ئێمە لە سەرەتای بەرنامەی دروست بوونمانەوە بووینەتە خاوەنی) و پێویستە بزانین کە (***چۆنییەتی غەریزەی*** *سروشتی ئەمەیە کە بە شێوەیەکی لۆجیکی خۆی تێربکا واتە بێ پێشبینی داهاتوو*). لە حاڵەتێکدا (***لۆجیك*** *پرۆسەیەکە تا ئەو جێگایەی بتوانێ، چەمکە هاوبەشەکان بۆ پێشبینی کردنی داهاتوو بەکار دێنێ*) (ل١٢٠-١٢١).

هێربێرت لە بە سەرکردنەوەی بنەماکانی لێکدانەوەی جێنێتیکی، کە پێشمەرجی تاقیکردنەوە و مەعریفەن، لەجەخت کردنەوە لەسەر ئەوەی ئەمانە نائاگایانە و شاراوەن و، بۆ چالاك بوونیان یا وریا کردنەوەیان پێویستییان بە بزوێنەری دەرەکی هەیە، پتر ئەو تیۆرییە دەروناسییەی خستۆتە روو، کە بنچینەی زمانناسی دیکارتییە، هەر بە هەمان شێوە جەختی لەسەر ئەو لایەنانەی مەعریفە کردەوە، کە بە هۆی **دیکارت** و دواتر پەیڕەوانی ئینگلیزی **ئیفلاتون** و **لایب نیتس** و **کانت** هاتنە ئاراوە[1].

---

[1] - هەمووان ئاگاداری ئەم گۆڕانکارییانەن، تەنیا ئیفلاتونگەرایانی ئینگلیسی سەدەی حەڤدەهەم نەبێ. بۆ باسکردنی ئەوانە و بە تایبەتی بایەخدانیان بەم وتەیە: (بڕواگەل و ئەو گوتەزایانەی کە لە هەر هێمایەك بۆ شتەکان بەشدارن و یەکییەتی و یەك رەنگی هەر تاقیکردنەوەیەك فەراهەم دەکەن. بڕوانە :

A. O. Lovejoy"Kant and the English Platonists" in Essays Philosophical and Psychological in Honor of Willian James, NewYork, Longman Green & Co. (1908)

لێکدانەوەی **لاڤجۆی** پتر لەسەر بنەمای ئەو نووسینەی خوارەوەیە:

G. Lyons, L idealism en Angleterre au XVIII siecle, Paris (1888)

هەروەها بڕوانە :

J. Passmore, Ralph Cuworth, Cambridge University Press (1951): L. Gysi, Platonism and Cartesianism in the Philosophy of Ralph Cudworth, Bern, Verlag Herbert Lang and Cie (1962)

ئەو دەروونناسییەی کە بەم شێوەیە دەخرێتە روو، جۆرێکی ئیفلاتوونگەرایی پێشینەیە. **لایب نیتس** لە زۆر شوین دا ئەم خاڵە روون دەکاتەوە. ئەو بڕوای وایە (*ئەو شتەی ئێمە پێشتر لە زەینمادا بوونی نەبووبێ، ناکرێ فیری بین*) و ئاماژە بە **تاقیکردنەوەی** ئیفلاتون دەکا لەمەڕ منداڵە کۆیلەکە، تا بیسەلمێنی کە (*روح بە راستی هەموو ئەوانە دەزانێ (لێرەدا مەبەست واقعییاتی ئەندازیارییە) و تەنیا پێویستە ئاگادر بکرێتەوە راستییەکان دیاری بکات. لە ئاکامدا زەین لانیکەم خاوەنی وێنەی زەینییە کە راستییەکان لەسەر ئەو بنیاد دەنرێن. ئەگەر ئێمە راستییەکان بە پەیوەندی نێوان وێنەکانی زەین بزانین، تەنانەت دەتوانین بڵێین کە زەین خاوەنی راستییەکانە*)[1] (ل٢٦)

چەند گوتەزایەکی تری **دیکارت**، **لایب نیتز** و کەسانی تر، لەم نووسینەی خوارەوەدا، کە پەیوەندی ئەم روانگەیان لەگەڵ پرسەکانی ئەمڕۆدا بە کورتی روونکردۆتەوە، هاتووە:

Chomsky Aspects of the Theory of Syntax, Ch. 1&8.

هەروەها بۆ بەدواچوون لە بواری میتۆدی ژیرایەتی لە پرسی زمان فیربوون و ناتەواوی رێبازەکانی ئەزموونگەرایی، بڕوانە:

Chomsky Explamentory Models in Linguistic, and Ktz, Philosophy of Language

هەر لەم بوارەدا بڕوانە **لێنەبێرگ** (هـ.س) و هەروەها:

G. Wiley, The Biological Bases for Language

هەروەها بڕوانەبەشی شەشەمی ئەم کتێبە:

J. Fodor &J. Ktz (eds.), The Stracture of Language: readings in the Philisophy of Language, Englewood Cliffs, N. J. Prentice Hall (1964)

1 -Lleibniz, Discourse on Metaphysics

گواستنەوەی چەند گوتەزایەکە لە وەرگێراوە ئینگلیزییەکەی **مونتگێمری** (١٩٠٢). **لایب نیتز** پێ لەسەر تیوری ئیفلاتون دادەگرێ، کە دەبێ لە (هەڵەی گریمانەی **نەمریگەرایی** (ئەزەلییەت preexistence) پاك بکرێتەوە). هەر بەم شێوەیەش **کادۆرس** تیوری **بیرهێنانەوە** (reminiscence) بێ پەسند کردنی **تیوری**

دیارە ئەوەی لە زەیندا تۆمار کراوە، بۆ چالاك بوون پێویستی بە بزوێنەری دەرەکی هەیە و، زۆر لەو بنەما تیورییانەی چۆنییەتی بیرکردنـەوە و تاقیکردنـەوە دیـاری دەکەن، دەتوانن نائاگایانە بەکار بهێنرێن. لایب نیتس ئەم خاڵەی بە تایبـەتی لـە شوێنێکی کتێبەکەیدا **وتارە نوێیەکان،** دەخاتە روو.

لە زماناسی **دیکارتی** دا، بنەماکانی زمان و لوجیکی سروشـتی، کـە بـە شـێوە نائاگایانە دەزانرێن[١] و زۆرکات پێشمەرجی فیربوونی زمانن ، پێشگریمانەی گشـتین

نەمری کە ئیفلاتون پێشنیاری کردبوو، پەسند دەکا بۆ لێکدانەوە و روون کردنـەوەی ئـەو واقعییەتانـەی کـە لەبەرچاوی گرتوون:

ئەمە تەنیا چەمکی راستەقینە و جێگای پەسـندی روانگـەکانی پێشـووە. مانـای مەعریفـە بیرهێنانەوەیـە، ئەویش نەك بیرهێنانەوەی شتێك کە روح هەر لە بوونەوە ناسیویەتی، بەڵکو لەبـەر ئـەوەی ئـەم مەعریفەیـە، پەی بردنی زەین بە شتەکان، بە هۆی چالاکی دەروونی و خۆیەتییە، کە چالاکانە لە زەین دەرژێ.

(Treatise Concering Eternal and Immutable Morlity ل٤٢٤، ژمارەی لاپەلاەکان لێـرەو لە خوارەوە دەگەڕێتەوە بۆ یەکەمین چاپی کتێبی **کادۆرس** لە ئەمەریکا بەرگی ٢، ساڵی ١٨٣٨.)

بۆچوونی لایب نیتز لە (Discourse on Metaphysics, Chap. 26) لەسەر ئـەو بنەمایـەی کـە (زەین لە هەموو کاتێکی بیرکردنەوەدا داهاتوو لێکدەداتەوە و و لە هەنووکەدا، لەمەڕ ئەوەی لـە داهـاتوودا بە شێوەیەکی رێك پێك بیری لێدەکاتەوە، بیرکردنەوەیەکی نارێك و تێکەڵپێکەڵی هەیـە) رەنگـە بتـوانیٚ بـەم مانایەدا بزانیٚ، کە ناوبراو بڕوای بە دووربینی (insight) بنەمایی زمان (و بیرکردنەوە) هەیە کە لـە بەشـی ٢ ئاماژەمان پێکردووە.

[١]- بڕوانە بۆزە هـ. س. ل١٥و ١٦. ئەو ئەبستڕاکتی دەستووری جگە لە (چییەتی زمان کە دەرکەوتوو بە هۆی کردەکانی بە ئەنجام گەیشتووە و لەکۆمەڵێك چەمك دا کورت کراوەتەوە) بەشتێکی تر نازانیٚ:

ئەم شتە تاك و جوانانەی ئەم ئەبستراکتە لە زماندا دەری دەخا... لە ئەقڵمندی هەمیشەییەوە هـاتووە کـە بەرەو بیٚ ئاگایی خۆی دەمانبا... رەنگە بێهوودە بیٚ ئەگەر بڵێین ئەو کەسانەی بە باشترین شێوە دەدوێن، پەی بەم بنەما وردە نابەن. ئەم جۆرە کەسانە چۆن دەتوانن ئەم بنەمایانە تا ئەو ئاستە بەرزو کامڵ بەکاریان بێنن، بیٚ ئەوەی لە هیچ رێگەیەکەوە لە بوونیان ئاگادار بن؟ من ئەوە پشت راست دەکەمەوە، کە رەنگە ئـەوان لـە بارودۆخێـك دا نـەبووبن بتـوانن بـیٚ دواکـەوتن لێکدانـەوە بـۆ ئـەم بنەمایانـە بکـەن، چـونکە کۆمەڵـە و سیستمەکەیان تاوتویٚ نەکردووە. بەڵام ئەمان پەیڕەوەی ئەو بنەمایانە دەکـەن، چـونکە هەسـت دەکـەن ئـەم

نەك دەرئەنجامی ئۆرگانیزە بوون یا فێركردن[١]. بۆ نموونە كاتێك **كۆردۆموا** فێربوونی زمان (ھ س لە ٤٠ بەدواوە) لەبەرچاو دەگرێ، باسی ڕۆڵی فێركردن و مەرجداربوونی دەكا، وەلێ ھاوكات ئاگادارە كە زۆربەی منداڵان دەیزانن، بەجیا لە ھەر جۆرە فێركردنێكی ڕاستەوخۆ و بابەتی فیری بوون[٢] و بەو دەرئەنجام دەگات

بنەمایانە لە دەروونیاندا بوونی ھەیە. ئەوان ناتوانن خۆیان لە كاریگەری ئەم لۆجیكە بدزنەوە، ئەو لۆجیكەی بە یەكجارەكی و بێ بەرگری، ڕێنوێنی جیھانی پاك و خاوین بكەن لە كردەوەكانیاندا. كەواتە دەستووری زمانی گشتی شتێك نییە جگە لە شرۆڤەی ئەقلانی شێوەكانی ئەم لۆجیكە سروشتی و زەینییە (زاتییە).

[١]- بڕوانە ل٥٨، ڕوانگە دیكارتییە باوەكان بە ڕواڵەت ئەمانەن كە ھەرچەندە ئەم بنەمایانە نائاگایانە دەخرێنە گەڕ، دەتوانین بە دەروونگەرایی لێیان ئاگادار بین.

[٢]- (بەڵام زۆرجار بە ماندووبوونێكی كەم بۆ فێركردنی منداڵان تێدەگەین، كە ئەوان ناوی ھەزار شتی تر دەزانن تەنانەت ئێمە مەبەستمان نەبووە ئاماژەشی پێ بكەین. لەوە سەرسوڕھێنەرتر ئەمەیە، كاتێك كە دەبینین منداڵی دوو یا سێ ساڵە، تەنیا بە ھیمەتی تێگەیشتنی خۆیان، دەتوانن لە ناو تێكڕای ئەو پێكھاتانەی ئێمە كاتی ئاخاوتن لە بارەی شتێكدا دەریان دەبڕین، ئەو ناوە دیاری بكەن كە ئێمە دەمانەوێ بۆی دابنێین. ١٤٧و ٤٨).

ھەروەھا ناوبراو دەڵێ: منداڵان زمانی دایكی خۆیان باشتر فێر دەبن لەو گەورانەی دەیانەوێ زمانێكی نوێ فێربن. بەراوردكردنی ئەم بۆچوونە دواكەوتوو وەلێ ڕاستانە، كە زۆربەی نووسەرانی ئەمڕۆ بۆ زمان فێر بوون وێنای دەكەن، سەرنجڕاكێشە. لە ڕاستیدا زۆربەی ئەنجامگیری ئەم نووسەرانە نەك لەسەر بنەمای بینین، بەڵكو لەسەر بنەمای گریمانەی پێشوەخت لە بارەی بابەتێك دایە كە بڕوایان وایە ڕوودەدات. بۆ نموونە بگەڕێوە بۆ ئەم تیۆرییە كە چۆن **خووە زمانییەكان** بە ھۆی فێربوون، پەروەردەكردن، مەرجداری، بە ھێز دەبن و دێنە ئاراوە. بڕوانە: **بلۆم فیلد**، ھ. س ل٢٩ تا ٣١، ھەروەھا:

Wittgenstein, Blue Book, (Blackwell, 1958) pp. 1, 12-13, 77: Skinner, Verbal Behavior (New York, Appelton- Century- Corfts, 1957): Quine, Word and Object 9M. I. T. Wiley, 1960)

ھێندێك جار لە باس و خواسی نوێدا، پەنا دەبرێتە بەر پرۆسەی **گشتگیركردن** یا **ئەبستراكت كردن** كە وێڕای پەی بردن بە مانا و مەرجداریی كاردەكەن، وەلێ پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بكەینەوە، كە ھیچ پرۆسەیەكی ناسراوی ئاوا بوونی نییە، كە بتوانێ زاڵ بێ بەسەر كەم توانایی لێكدانەوەكانی ئەزمونگەرایان لەمەڕ فێربوونی زمان. (بۆ بەدواداچوونی پتر بڕوانە سەرچاوەكانی یاداشتی ژمارە ١١٠). پێویستە لە تاوتوێ كردنی ئەم پرسەدا، سەرنج بدەینە ئەو ڕەخنەیەی

که پێشگریمانەی زمان فێربوون، بوونی (*ئەقڵمەندی تەواوە، مانای میتۆدی فێربوون و ئاخاوتن، کاریگەری ئەقڵمەندییەکی ئاوایە، ئەقڵمەنییەکی ئەوەندە کامڵ کە ناتوانین شتێکی لە ئاسایی بەدەری وەك ئەو بدۆزینەوە*). (ل٥٩)

دەسکەوتی ئەقڵگەرایانە دووبارە لە زۆربەی بەرهەمی ڕۆمانتیستەکاندا دەردەکەوێ. **ا. و. شلگل** دەنووسێ (*دەتوانین ئەقڵمەندی مرۆڤ لەگەڵ مادەیەکی سووتەمەنی بەراورد بکەین، لەگەڵ ئەوشدا کە خۆی ناسوتێنێ، وەك کڵپەیەك لە رووح دێتە دەرێ. ریشەناسی گشتی ل١٣٧*). پەیوەندی لەگەڵ زەینی هەوێنگرتوو، بۆ بێداری ئەقڵ پێویستە. بەڵام بزوێنەری دەرەکی، تەنیا بۆ دەسبەکاربوونی میکانیزمی جێنێتیکی پێویستە و شکڵی ئەو شتە دیاری دەکا کە فێری بووین. لە راستیدا، روونە کە (*فێربوون بە هۆی گواستنەوەی بابەتەکان، خۆی توانایەکی پێشوەختی فیربوونی زمانە*) (زانستی هونەر ل٢٣٤). بە تەنیا واتایەك زمان لە مرۆڤ دا جێنێتیکییە، مانای (*بە مانایەکی رەسەنتری فەلسەفی، هەرچی دێتە بەرچاو کە بە شێوەیکی سروشتی هی مرۆڤە، دەبێ لە رێگەی چالاکی خۆیەوە بێتە سەر شانۆی دەرکەوتن*) (ه س ل٢٣٥). لەگەڵ ئەوشدا دەتوانین لە سەر مەبەستی وردی

کادۆرس (ه. س. ل٦٤٢) بۆ رەتکردنەوەی ئەو هەوڵە نووسیویەتی، کە ئامانجی سەلماندنی ئەم خاڵەیە: رەنگە وێنا گشتییەکان، لە ئاکامی **دابڕین** لە وێنە هەستییەکان (خەیاڵ و وەهم) بەرهەم بێن و، لە کۆتایی دا پێویست بەوە ناکا پێکهاتەی جێنێتیکی زەین بە (**بدیهی**) ئەژمار بکەین. ناوبراو دەڵێ، زەینی تاك یا دەزانێ چ لەو وەهم و خەیاڵانە بکا، چۆن لێکدانەوەیان بکاو چ شکلێکیان بە باڵا ببڕێ) کە لە حاڵەتێکی ئاوادا ئەم پرسە سەرهەڵ دەدا، کە بونی وێناکردنێکی پێشوەخت پێویستە، یا نازانێ و لەم حاڵەتەدا ناشیانە هەڵس و کەوت دەکات، چونکە کاری **دابڕین** رەنگە بە دەرئەنجامی بێ ماناو دڵخواز کۆتایی بێت.

بەکورتی، پەنابردنە بەر **گشتگیرکردن**، نابێتە هۆی ئەوەی لێکدانەوەی وردی بنەماکان، کە لەسەر بنچینەی ئەوان وەرگرتنی بیرو ڕاو مەعریفە دەستەبەر دەکرێ، ئیتر پێویست نییە. دەتوانین بڵێین **گشتگیرکردن** یا دابڕین لەم چەمکە نوێیەدا، پەیوەندییەکی دیاری کراوی بەو شتەوە نییە، کە ئێمە لە چەمکی هونەری خۆمان لە فەلسەفە و دەروونناسی و زماننناسی، چاوەروانی دەکەین.

شلگل لەم باسانە بدوێین، گومانی تێدا نییە کە **هامبۆلت** لە رایەکانی خۆی دا لە بـواری فێربـوون زمانـدا، لـە ژێـر کاریگـەری ئیفلاتـون دا بـووە. (فێربـوون تـەنیا... دووبـارە بەرهەمهێنانەوەیە) (هـ س ل١٢٦). زمان بـە پێچـەوانەی روالـەتی دەرەوەی (*فێربـوونی مەحاڵە... بەڵکو تەنیا لە دەروونەدا بێدار دەکرێتەوە و دەردەکەوێ. تەنیا دەتوانین سـەری رایەڵکەکەی بە دەستەوە بگرین، ئەو رایەڵکەە بە پێی پێویستی خـۆی گەشـە دەکـات*)، کەواتە زمان لە راستیدا (خۆخولقێنی تاکەکانە). (ل٥٠):

فێربوونی وشەکان لەلایەن منداڵانەوە نە تۆمارکردنە لە یادگە دا و نە دەنگـدار کردنییانـە لەسەر لێوەکان، گەشەسەندنی توانای زمانی منداڵان هۆکریاوی زیادبونی تەمەن و راهێنان و تاقیکردنەوەی پترە. (ل٢١)
لە هەمان کاتدا فێربوونی زمان لەلایەن منداڵانەوە فێربوونێکی میکـانیکی نییـە، بـەڵکو پشتبەستە بە گەشەکردنی هێزی زمانیی، خۆی نیشاندەری ئەمەیە کـە هێـزە رەسـەنەکانی مرۆیی لە کاتماوەیەکی دیاری کراودا، لە تەمـەنی منـداڵی دا دەردەکـەون و پەیوەسـتن بـە گەشەکردنی منداڵان. تێکڕای ئەو منداڵانەی لە بارو دۆخی جیاوازدا دەژین کەم تا زۆر لـە یەك تەمەندا، کە جیاوازی دیاری کراویان لە منداڵانی جۆراوجۆردا زۆر کەمە، دەست بـە قسەکردن و تێگەیشتنی گوتەزا دەکەن. (ل٧٢).

بەکورتی فێربـوونی زمـان پەیوەنـدی هەیـە بـە گەشـەکردن و دروسـتبوونی ئـەو تواناپانەی تارادەیەك لە بارودۆخی دەرەکی دا نەگۆڕن. چەند هۆکاری دەروونی هەن شێوەی ئەو زمانە دیاری دەکەن کە فێـری دەبـن و بەڵگـەی ئەمـەش لێکچـوونی تێکڕای زمانە مرۆییەکان. لەبەر ئەوەی (*مرۆڤ لە هەر حاڵەت و شوێنێکدا لەگـەڵ مرۆڤەکانی تر یەکسانە*) کەواتە منـداڵی مـرۆڤ دەتـوانی فێـری هـەموو زمانێـك

ببێت[1] (ل ٧٢و ٧٣).جگە لەوە ، توانای زمان فێربون لە قۆناغێکی تایبەتیدا کە **قۆناغی ئالۆز**[2]ی زەینە بە پلەی کامڵ بوونی خۆی دەگات.

---

[1]- بڕوانە Steinthal, Gedachtnissrede, p17

ئەو پێی وایە تێگەیشتنی پرنسیپی هامبۆڵت، بینینی ئەم پرسە بوو، کە (چۆن هیچ شتێك ناتوانێ لە دەرەوە بێتە ناو مرۆڤ، مەگەر ئەوە خۆی بوونی هەبووبێ و چۆن تێکڕای کاریگەرییە دەرەکییەکان تەنیا بزوێنەرێکن بە دەرکەوتنی دەروون. سەرچاوەی هەموو هۆنراوە نووسینەوەی رەسەن و فەلسەفەی رەسەن، سەرچاوەی تێکڕای کاریگەرییە دەرەکییەکان و تێکڕای خوڵقاندنە مەزنەکانی مرۆیی، لە قولایی ئەم دەروونەدا شاراوەتەوە و هەر لەو سەرچاوەوە زمان دێتە ئاراوە.

هەروەها **هامبۆڵت** لە بارەی فێرکردندا، نیشاندەری هەمان بیروبۆچونە لەمەڕ رۆلی داهێنەرانەی تاك. ناوبراو لە وتارێکی یەکەمی خۆیدا دژی ستەمی دەوڵەتیی (بڕوانە هـ. س. ل٢٤ بەدواوە) دەڵێ: (بێ گومان فێرکردنی گونجاو، بریتییە لە دانانی ئارەزووی شەخسی بەرامبەر تاك و، خستنە رووی رێگەچارەی جۆراوجۆر و دواتر ئامادەکردنی ئەو بۆ هەڵبژاردنیان، یا لەو باشتر ئامادەکردنی ئەو بۆ داهێنانی رێگەچارە.) هامبۆڵت بڕوای وایە ئەم میتۆدە دەستی دەوڵەتی پێراناگا، چونکە دەوڵەت لە ئامرازێکی دەسەلاتداریی و سەرکوت کردن بەولاوە شتێکی تر نییە. بڕوانە کوان هـ. س. ل٤٣). ئەو لە شوێنێکی تردا دەڵێ (شوێنی سەرەکی تێکڕای پێشکەوتنەکانی فێرکردن لە پێکهاتەی دەروونی مرۆڤدا حەشار دراوەو، ئەم پێکهاتەیە تەنیا دەکرێ بوروژێنرێ، نەك بەهۆی چەند ئۆرگانی دەرەکی بخولقێنرێ. کوان ل١٢٦). (تێگەیشتنی هەرکەسێك وەك هەموو تواناکانی ئەو، بە هۆی چالاکی و داهێنانی خۆی و کەڵك وەرگرتن لە داهێنانی ئەوانی تر، گەشە دەکات. کوان ل٤٢و ٤٣). هەروەها بڕوانە کوان ل١٣٢ بەدواوە. بەراوردکردنی ئەم وتانە لەگەڵ بۆچوونەکانی **هاریس** لە کتێبی **هۆرمز** دا جێگای سەرنجدانە. **هاریس** لێرەدا دەڵێ:

هیچ شتێك لە واتای فێرکردنی گشتی بێ ماناتر نییە. وەك ئەوەی چۆن ئاو لە کوپێك دەکرێ، ئاوا زانستە لە زەینی مرۆڤ بکرێ، گوایە زەین بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی شتێکە کە بەپێی خۆی بەرەو رووی دێت. هەرچەندە بەڵگەی دەرەکی تا رادەیەك کاریگەرییان هەیە. بەڵام هێزی ناخۆیی و خودی خود، دەرەختێکە میوەکەی تا پێدەگات پەروەردەی دەکات. کۆمەڵە بەرهەمەکان ل٢٠٩)

لێرەشدا مەبەس هەمان رێبازی **سوکرات**ە کە **کادۆرس** ئاوا پێناسەی دەکات:

نابێ زانست وەك شەراب بکرێتە ناو زەینەوە، بەڵکو پێویستە بانگهێشت بکرێت بە ئارامی کەڵکی لێوەربگیرێ، نابێ زەین وەك جامێك لەسەرچاوەی دەرەکی پڕ بکرێ، بەڵکو دەبێ لە زانست بگا و وریا ببێتەوە. هـ. س. ل٤٢٧).

[2] -critical period

شایانی ئەوەیە، کە جەخت بکەینەوە لەسەر تێڕوانینی ئەقلگەرایانەی سەدەی حەڤدەهەم، لە بواری فێربوون - بە تایبەتی فێربوونی زمان- بە شێوەیەکی بەڵگەمەند و دوور لە دەمارگیری. لەسەر بنەمای ئەم بیرو بڕوایانە، مەعریفە لەسەر زانیای پەرت و بڵاو و ناتەواو هەوێن دەگرێ و، خودی ئەو زانیارییانە، هەرگیز هاوشێوەیی ئەو شتانە دیاری ناکەن کە فێریان دەبین. لە ئاکامدا ئەم وێکچوونەیان، وەك پێشمەرجی تاقیکردنەوە بە خەسڵەتەکانی زەینیان داناوە. ئەم میتۆدە لە رووی پرنسیپەوە میتۆدی لێکدانەوەی ئەمڕۆی ئەو زانایانەیە، کە هۆگری پێکهاتەی ئامرازێکن و تەنیا چەند زانیاری دەرەکی و دەروونیان لەبەر دەست دایە. بە پێچەوانەوە لە بیروبۆچوونی ئەزموونگەرایانەیاندا هەیە، بە تایبەتی گێڕانەوە نوێیەکانی ئەزموونگەرایی، لە بارەی چۆنییەتی فێربوونی گریمانەکان پێش- ناو. (*واتە فێربوون دەبێ لەسەر بنەمای نواندن یا بەهێز کرد بێ، یا لەسەر بنەمای میتۆدەکانی هەڵێنجان لە جۆری سەرەتای- وەك میتۆدی پێرستناسی و زمانناسی نوێ و هیتر*). لە هەمان کاتدا ئەم تێڕوانینە، تاوتوێکردنی پێشگریمانەکانی لەسەر بنەمای هاوشکڵی دیار لە زانیاری دەرەکی دا، واتە لەسەر بنەمای ئەوەی دوای فێربون دەیزانین یا لێی ئاگادارین- بە پێویست نەزانیوە. لەبەر ئەوە تۆمەتی پێشوەخت وێنا کردن یا دەمارگیری، کە زۆرجار دەچێتە ناو دەروونناسی و فەلسەفەی ئەقلگەرایی زەین، دیارە لە جێی خۆیدا نییە.

ئەو گریمانە پتەوانەی فەلسەفە و دەروونناسیی ئەقڵگەرایانە، لەمەر پێکهاتەی جێنێتیکی زەین ئامادەیان کردووە، پێویستیی هەرجۆرە جیاکردنەوەیەکی راست و رەوانی نێوان تیوریی پەی پێبردن و تیوری فێربوونیان رەتکردۆتەوە. لە هەردوو حاڵەتدا تا ئەندازەیەك پرۆسەی یەکسان کار دەکەن: کۆمەڵێك بنەمای جێنێتیکی، زانیارییەکانی هەستەکان لێکدەدەنەوە. بێ دوودڵی، جیاوازی هەیە لە نێوان چالاك

بوونی سـەرەتایی پێکهاتـەی جێنێتیکـی و کـەڵك لێـوەرگرتنی، کاتێـك کـە بـۆ لێکدانەوەی (**دیاری کردن**) یا تاقیکردنەوە بەکار دەبرێن. بـە واتایـەکی تـر، ئـەو بیرورا نادیارانەی کە بەردەوام لە زەین دا شاراوەن، رەنگە دەربکەون. لەم قۆناغـەدا دەتوانن پەی پێ بردن بەهێز بکەن و ئاستی بەرز بکەنەوە. وەك:

رەنگە هونەرمەندێکی شارەزا ، ناسکی و سەرسورهێنەریی فراوانی هونەری ببینێ، و چێژێکی زۆر لە جوڵە و سێبەری وێنەك وەربگرێ، لە کاتێکدا چاوی کەسێکی ئاسایی ئەو ناسـکییە بەدی ناکات، یا موزیك ژەنێك دوای بیستنی ژەنیاریی گرۆوپێك موزیکژەن، کە کۆمـەڵێك دەنگی جیاواز بە ئاوێتەیەکی جوان بەرجەسـتە دەکـەن، رەنگـە بـەم پێکـەوە گونجاندنـەی دەنگەکان سەرمەست بن، لە کاتێکدا گوێی تاکێکی سادە لە تێگەیشتنی ئەمانە دادەمێنێ. (کادۆرس هـ س ل٤٤٦).

ئەمە **شارەزایی دەسکەوتەیە**[1] کە جیاوازییەکی ئاوا دەخوڵقێنێ. (*هەر هونەرمەندێك لـە زینی خۆی دا هەڵێنجانی فراوانی هەیە لە شارەزایی و هونـەر*) کـە توانـای پێدەبەخشـێ تا زانیارییە هەستییەکانی بە شێوەیەك لێکبداتەوە کـە تێپـەڕێ لـەو (*دەنـگ و ئـاواز و هاتوهاوارەی*) هەستە ئەکتڤکراوەکان دیخەنە بەردەسـتی، هـەروەك زەینـی هوشـیار کـە لەسەر بنەمای (**پێکگرتن و هاونەوایی دەروونی لە پەیوەندییەکان، رێژەکان، تواناییەکان و بەراوردکردنی شتەکان لەگەڵ یەکتر**) پەی بە (*سیستمی مەزنی جیهان*) دەبا. بەم پێیـە لە کـاتی سـەیرکردن و (دادوەری کـردن) لـەبارەی وێنـەی دۆسـتێك، مـرۆڤ کـەڵك لـە وێنەیـەکی زەینـی نـامۆ و دەرەکـی، وەلێ هـەبووی پێشـوەخت، وەردەگـرێ. (ل٤٥٦ و٤٥٧). بەڵام لە روانگەی ئەم زانستە ئەقڵگەرایە، کاتێك کە جیاوازی نێـوان فێربـوون و

---

[1] - acquired skill

پەی پێبردن دەرکەوت، هەروەك پرۆسە مەعریفییەکان بەسەر جیاوازییە رواڵەتییەکاندا زاڵ دەبێ. هەر لەبەر ئەمەیە کە لەم روانگە ئەقڵگەرایەوە، زۆرجار دیار نییە بابەتی لێکۆڵینەوە چالاکی زەینە بۆ پەی پێبردن یا بۆ فێربوون، واتە هەڵبژاردنی شێوەی زەینیە لەسەر بنەمای هەستەکان، یا دیاریکردنی شتێکە کە پێشتر نادیار و زارەکی بووە.

تیوری مەعریفەی[1] دیکارت بە روونی لە کتێبی (*یاداشتەکان لە بارەی بەرنامەیەکی تایبەتن (١٦٤٧) وەرگێڕانی **هاڵدین** و **راس** ل٤٤٢ و ٤٣٣*) هاتووە:

... هەر مرۆڤێك سەرەڕای سنوورداری هەستەکان و چۆنییەتیان، هەرچی بەدەم رێوە دەچێتە ناو بیرکردنەوەی ئێمە، بە روونی ئاگادارە و، دەزانێ هەستەکان هیچ وێنەیەکی شتەکان، بەو شێوەی ئێمە لە هزری خوماندا دەیان بینین، نادە بەئێمە. واتا لە وێناکردنی ئێمەدا شتێك نییە، بە شێوەی جێنێتیکی لە زەین یا توانای بیرکدنەوەدا نەبێ، مەگەر لە بارودۆخی وا دابێ کە بگا بە تاقیکردنەوە. بۆنموونە، ئەم واقعیەتەی کە ئێمە دەمانەوێ لە بارەی ئەم یا ئەو وێنە زەینییەی لە بیر و هزرمان دایە بڕیار بدەین (دادوەری بکەین)، پێویستە وابزانین پەیوەندی بە شتێکی دیاری کراوی دەرەکییەوە هەیە، نەك ئەوەی ئەو شتە دەرەکییانە، خۆیان وێناکان لە رێگەی هەستەکانەوە بگوازنەوە بۆ زەینی ئێمە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەوان شتێك دەگوازنەوە بۆ زەین، کە توانا دەداتە بەر زەین بەهۆی توانای جێنێتیکی خۆی، شکڵ بۆ ئەم وێناکردنانە دیاری بکات. ئاشکرایە ئەندامە هەستەوەرەکان جگە لە جوڵەی شتێکی تر لە شتەکانی دەروە ناهێنن بۆ ناو زەین... لە لایەکی تر، ئێمە هەر ئەو جموجوڵ و شکلانەی لە وانەوە بەدەست دێن، بەو شێوەیە وێنا ناکەین، کە لە ئەندامە هەستەوەرەکاندا دەرکەوتوون... لە ئاکامدا پێویستە بڵێین کە وێناکردنی ئێمە یا بۆچوونمان بۆ جموجوڵەکان، خۆیان لە بونی ئێمەدا هەن. کەواتە لەوێوە کە وێنا کردنەکانی ئێمە لە ئازار و رەنگ و دەنگ و هاوشێوەیان، جێنێتیکین، زەینی ئێمە لە کاتی روودانی هێندێك جموجوڵی جەستەیی دیاریکراودا، ئەم لێکدانەوانە وێنا دەکا، چونکە هیچ هاوشێوەیەکیان لە گەڵ جموجوڵە جەستەییەکاندا نییە. ئایا شتێکی نابەجێتر

---

[1] - theory of cognition

لەوە هەیە، کە پێمان وابێ تێکڕای چەمکە هاوبەشەکان کە لە زەینی ئێمە دا ڕەگ و ریشەیان هەیە، دەرئەنجامی ئەم جموجوڵانەن و بێ ئەوانە ناتوانن درێژە بە بوونی خۆیان بدەن؟ من دەمەوێ دۆستەکەم ڕێنوێنیم بکات کە کام جوڵەی جەستەیی دەتوانێ ببێتە هۆی سەرهەڵدانی چەمکێکی هاوبەش لە زەینی ئێمەدا؟ وەك چەمکی: ئەو شتانە لەگەڵ یەك شت یەکسانن یا لەگەڵ یەکتری یەکسانن، یا هەرچەمك یا واتایەکی تر کە ئەو بیەوێ. لەبەرئەوە تێکڕای ئەم جموجولانە تایبەتین، وەڵێ چەمکەکان هاوبەشی گشتیین و پەیوەندیان بەو جموجوڵەوە نییە.

کادۆرسیش هەمان بیرورای دەربڕیوە[١]. ناوبراو ئەو توانا هەڵچووەی هەستەکان، جیا دەکاتەوە لە (توانا مەعریفییەکان، جێنێتیکی و چالاکی مرۆڤ و **تەنیا مرۆڤ** لە ڕێگەی ئەوانەوە (*دەتوانێ پەی بەو شتانە بەرێ کە لە ڕێگەی هەستەکانەوە وەریگرتووە یا لە بارەیاندا بڕیار بدات*). ئەم توانا مەعریفییە هەمووی گەنجینەیەکی وێناکردنەکان نییە، بەڵکو (توانای دەرخستنی وێناکردنی شیاوی تێگەیشتن و واتای شتەکانی دەروونی خۆیەتی). (ل٤٢٥). ئەرکی هەست، (*پێدانی شتێکە بە زین، تا بتوانی چالاکی خۆی لەسەر ئەنجام بدات*) کەواتە کاتێك کە سەیری شەقام دەکەین، دەبینین خەڵك خەریکی هاتووچۆن، تەواو بە هەستەکانمان پشتبەست نابین (*کە ڕادەی زۆری دیاردەکانمان نیشان دەدەن - کڵاو، جل و بەرگ - تەنانەت خودی مرۆڤەکانیش*)، بەڵکو تواناکانی تێگەیشتنی خۆمان لەمەڕ زانیارییە هەستییەکان دەخەینە گەڕ[٢]. ل٤٠٩ و ٤١٠). (*ئەو*

---

[١]- لەمەڕ پەیوەندی نێوان کادۆرس و دیکارت، بڕوانە، یاداشتی ژمارە ١١٠ پاسمۆر (هـ. س) و جایسی (هـ. س) بۆ پانتاییەکی فراوانتر بڕوانە:

S. P Lamperchti " The Role of Descartes in 17 Century England" Studies in the History of the Ideas, vol. III edited by the Department of Philosophy of Columbia University, Columbia University Press, pp 181-242 (1935)>

پاسمۆر بەو ئاکامە دەگات کە (هـ. س) سەرەڕای هێندێك جیاوازی (دیسانەوە نابەجێ نییە کە **کادۆرس** بە **دیکارت** بزانین، چونکە لە بارەی زۆر پرسدا هاوڕان.

[٢]- بڕوانە:

Descartes, Meedition II. Hsldane 7 Ross, p155.

شێوانە دەرك دەكرێن كە شتەكان بە هۆی ئەوانەوە پەیان پێدەبرێ یا دەناسێنرێن، رۆڵ یـا ئەو كاریگەرییانە نین، كە هەڵچووانە لەدەرەوە لەسەر ویژدانی مـرۆڤ بنەخشـێن، بـەڵكوو وێناكردنێكن كە لە لە دروونەوە، چالاكانە گەشە دەكەن و بەكاردەبرێن). كەواتە زانسـتی پێشوەخت لە دیاریكردنی ئەوەی دەیبینین (*وەك بینینی دەموچاوی ئاشنا لە ناو خەڵكدا*) رۆڵێكی گرینگ دەبینیٚ. (ل٤٢٣-٤٢٤) بەهۆی كەڵك وەرگرتن لـە وێنـە زەینییـەكانی تێگە، كە بەپێی بۆچوونی **ئەرستۆ** (ئەو مەعریفانەی ئەبستراكت تر و لە مادە دوورتـرن، وردبینتر، بەرچاوتر و تێگەێنترن لەو مەعریفانەی لە مەڕ *شتە بابەتی و نائبستراكتەكاندا هەمانە. ل٤٢٧*)[1] . دەتوانین ئەم گوتەیەش لەبارەی پەی پێبردنمان بۆ شـكڵە ئەندازییـەكان نیشان بدەین. لە ل ٤٤٥ بـە دواوە). ئاشـكرایە هـەر سێگۆشـەیەك، هەسـتپێكراوێكی نارێكە و ئەگەر سێگۆشەیەك هەبێ كە مادییانەی تەواو بێـت، ئێمـە نـاتوانین بـە هـۆی هەستەكانمانەوە تێیبگەین (*و هەر سێگۆشەیەك هەر بەو شێوەی كـە هەیـە، بەئەنـدازەی رێكترین سێگۆشە كامڵە*). دادوەریمان لە بارەی شـتە دەرەكییـەكان لەسـەر ئـەو شـكڵە نارێكانەیە و چەمكی (*شكڵی رێك*) لەزەینی ئێمەدا رەگ و ریشەی لە (*رێسا و نموونـەو و نموونەییەكان*) دایە كە پێشوەخت لە زەین دا بەرهەمدێ. بە چەمكی یەك (*شكڵی ریـك و هاوئاهەنگ و هاوشێوە*) فێری چەمكی سێگۆشە، بەڵكو لە بنەڕەتدا لە خودی سروشـتدا هەڵدەچێ: (*چەمكی جوانی ئەندامێكە لە شتە مادییەكاندا*) هـەر بـە هـەمان شـێوەیە.

ئێمە دەزانین (بەكەڵك وەرگرتن لە زەین) دەتوانین چ ببینین، نەك بە (كەڵكوەرگرتن لە بینایی): كاتێك كـە لـە پەنجەرەوە دەروانینە دەرەوە و دەڵێین چەند پیاوێك دەبینین بە شەقامەكەدا تێدەپەڕن، بەراستی ئەوانـە نـابینین بەڵكو وای لێكدەدەینەوە ئەو شتانەی دەیانبینم چەند پیاوێكی ناو شەقامن).

[1]- لەگەلچ ئەمەشدا (ئەو وێناكردنانەی ئێمە هەمانە بۆ شـتە مادییـەكان، هـەم شـتی پـەی پێـبردنن هـەم خەیاڵی) و ئەمەش نیشانی دەدا كە بۆچی ئەندازیاران، پشت بە شكڵ وخشتەكان دەبەستن و (لە گوتار، خوازە و نواندندا، ئاوا دەبێتە هۆی چێژ لێوەرگرتن. ل٤٣٠تا ٤٦٨).

ناتوانین له راستییه پێشوەختەکانی ئەندازیاریش بگەین. تەنیا بـە هـۆی ئـەم **وێناکردنـە دەروونی**یانەوە[1]، بەهۆی (*هێزەکانی مەعریفەی جێنێتیکی*) بەرهەم دێن، زەیـن دەتـوانێ (پەی بە تێکڕای شتومەکی دەرەکی ببا و بیناسێ. ل٤٨٢).

دیکارت هەر ئەم پرسەی بە هەمانشـێوە لـە بـەرگی پێنجـەمی کتێبـی **وەڵامـی ناکۆکەکان** دا باسکردووە:

کەواتە کاتێك لە قۆناغی منداڵیدا، کلێشـەی سێگۆشـەیەك دەبیـنین کـە لەسـەر کاغـەز کێشراوەتەوە، ئەم کلێشەیە هەرچی واتای سێگۆشەیەکی واقعییە، بەو شێوە کە ئەندازیاران تێیگەیشتوون، بە ئێمەی ناڵێ، چونکە سێگۆشەی واقعی لە ناو ئەو کلێشە دایە، هـەروەك پەیکەری مێرکۆری لە ناو پارچە تەختەیەکی زبردا. بەڵام لەوشوێنەوە کە ئێمە لە دەروونـی خۆماندا واتای سێگۆشەیەکی واقعیمان هەیە و لە ڕێگەی زەین باشتر تێیدەگەین نـەك لـە ڕێگەی ئەو کلێشە ئاڵۆزەی سێگۆشەیەکی سەر کاغەز، کاتێك شکلێکی ئاڵۆز دەبینین، وەك هەیە تێی ناگەین، بەڵکو وەك سێگۆشەیەکی واقعی پەیی پێدەبەین (هاڵدین و راس. هەمان شوێن بەرگی ٢ ل٢٢٧و ٢٢٨).

لە روانگەی **کارۆس**ەوە لێکدانەوەی زانیارییە هەستییەکان، بە پـێ شـتەکان و پەیوەنـدی نێوانیان ، **هۆکار** و **هۆکریاو**[2]، پەیوەندی بەش و گشت، هاورێکی، رێژە، ئەرکی شتەکان و کەڵك لێوەرگرتنی تایبەتیان (لە بارەی **هەمووشتێکی ساختە**[3] یا **شتی سروشتی ئاڵۆز**) و دادوەری ئەخلاقی و شتی تر، هەر هەمووی دەرئـەنجامی چـالاکی رێکخسـتنی زەیـنن.

---

[1] -inward ideas

[2] -cause and effect

[3] -things artificial

(له٤٣٣ بەدواوە). هەر ئەم بابەتە لە بارەی هاوئاهەنگی شتومەك لـە بـارەی شـتی وەك (پارچە موزیکێك) یشدا، راستە. هەستەکان وەك (*تیلسکۆب خاوەنی مەودایەکی بینینی دیاریکراون*) کە تەنیا چەند دیمەنی یەك لە دوای یەك و بەشۆکێکمان لەو دیمەنانە دەداتێ و تەنیا زەینە دەتوانێ (*وێنەیەکی تۆکمە لـە گشـت*)مـان پێشـکەش بکـات، بـە هـەموو وردەکارییەکان، پەیوەندییەکان، رێژە و کزالێتی گشتییانەوە. لەم رووەوە، ئێمە وێناکـانی پەی بردن بە شتەکان نەك وەك (*نەخشێك یا وێنەیەك کە لە دەرەوەڕا لەسەر روحمان تۆمار دەکرێ، بەڵکو لە سەر بنەمای خودی وێنایەکی هەسپێکراو کە لە هێزی دەروونی ئەکتیڤ و کۆی زەینی وەردەگیردرێ*) پەیان پێدەبەین. ل٤٣٩)[١].

ئەم جۆرە بڕوایانە لەمەڕ پەی پێبردن، لە سەدەی حەڤدەهەمدا ئاسایی بوون، بـەڵام بەهۆی شـەپۆلێکی ئەزموونگـەرایی، لادرا، تـا کانـت و رۆمانتیکـەکان دووبـارە گیانیان بەبەردا کردەوە[٢]. بۆ نموونە با سەرنج بدەینە رایەکانی **ئا. کـۆڵڕیج** لەمـەر پرۆسە چالاکەکانی لە زەیندا:

---

[١]- **کادۆرس** بە رێبازێکی هاوشێوە بەم دەرئەنجامەی دیـاری ئەقڵگەرایانـە دەگـات، کـە زانسـتی ئێمـە لـە چوارچـێوەی سیسـتمێکی توێژینـەوەیی دا رێکخـراوە و، ئێمـە رێگـەی ئـەو سسـتمەوە (بـە پـەی پێبردنـی سەربەرەوخواری شتەکان دەگەین، ئەو پەی پێبردنەی لە وێناکردنی گشتی زەینەوە سەرچـاوەدەگرێ، نـەك لـە وێناکردنی تاك و لە رێگەی هەستەوە. ل٤٦٧)

[٢]- بۆ بەدواچوون لە بارەی گرینگیی تیوری پەیوەست بە پرۆسەکانی مەعریفـە، لەمـەڕ جوانناسـی قۆنـاغی رۆمانتیزم و شوێنی ئەو لە بۆچوونەکانی پێشوودا، بە تایبەتی بۆچـوونەکانی **فلـۆتین** کە(بەئاشـکرا چـەمکی هەستەکان وەك نیشانە یا هێمایەك کە دەکەوێتە سەر زەین) رەت دەکانەوە و بڕوای وابوو، زەین جۆرێك کردە یا هێزە کە (تاوەتیشکی هەیە و لە شتەکانی دەگرێ)، بڕوانـە ئابرامـاز هـ. س. ل٥٩. وێکچـوونی رایـەکانی کانت و فەلسەفەی ئینگلیزی سەدەی حەڤدەهەم لەم کتێبەی خوارەوەدا کەوتۆتە بەرباس و لێکۆڵینەوە:

Lovejoy, Kant and the English Platonists

لەو حاڵەتانەدا کە مەعریفەی دراو بەزەین، دەبێتە هۆی بەهێز بوونی ئەو تواناییانەی، کە مەعریفەی ناوبراو لە ڕێگەی ئەوانەوە دەست دەکەوێ، تەنانەت لە زەینی ئاساییترین بینەر بە دوور نابێ، ئەم کواڵیتییە هەم بۆ توانای زەین و هەم بۆ توانای هەستەکانیش، ڕاستە... لە ڕاستیدا زۆر جێگای سەرسوڕمانە، کە چۆن یەك وێکچوونی گچکە بەسە بۆ تێگەیشتنی دەنگێك، یا وێنەیەك، کاتێك کە دەنگ و وێنە پێشتر ناسراون و لە زەیندا بوونیان هەیە، هەروەها زۆر سەیرە کاتێك کە وێنەیەکی ئاوا پێشتر بوونی نەبووە، تەنیا یەك وردە گۆڕانکاری هەموو وێنەکە دەکاتە بولێڵ و نادیار. لە ئاکامدا بە ڕای بیانییەکان ئاوایە، کە ئاخێوەرانی تێکڕای زمانە نەناسراوەکان بە خێراییەکی زۆر دەدوێن و، ئەو کەسانەی تازە دەستیان بە تێگەیشتنیان کردووە، لێکجیانەکردنەوەی چەند بەشێك لە وتەکانیان، گێژیان دەکات[1].

ئایا لە سروشت دا، شتەکان بێ هیچ پاڵنەرێك لە لایەن خۆمانەوە بە خۆمان دەدرێ؟ ئایا سروشت تێکڕای ئەوانەی لە هەموو بارودۆخێکدا بە تەواوی پێمان دەبەخشێ ، وەك ئەوەیە پێشتر دروستکراون؟ شتێکی ئاوا تەنانەت لە زەینیشدا جێگای نابێتەوە... دەبێ ئێمە پێشوەخت نموونە یا وێنەیەکی ئەو شتەمان هەبێت کە سەرنجی ئێمەی ڕاکێشاوە...[2]

دووبارە هامبۆڵت کە ئەم بڕوایانە بە ڕوونی بە تێگەیشتن و لێکدانەوەی گوتار، گشتگیر دەکات، (ل٧٠ و ٧١) دەڵێت جیاوازی بنەمای لە نێوان تێگەیشتنی وتە و تێگەیشتنی دەنگی ناگوتاری لە ئارادایە (بڕوانە پەراوێزی ل٤٧ ژ١). بۆ دەنگی ناگوتاری (*توانای هەستە ئاژەڵییەکان*) بەسە، بەڵام بۆ پەی بردن بە وتەی مرۆڤ، تێگەیشتنی هەمەلایەنە (*تەنیا بانگەوازی بەرامبەر و بابەتی دەلالەتەکان نییە*). یەکێك لە بەڵگەکان ئەمەیە، کە زاراوە (*وێنەیەك نییە لە خودی شتەکە، بەڵکو وێنەیەکە کە لە سەردەمی ئێمەدا لە*

---

[1]- وەرگیراوە لە:

A. D. Snyder, Coleridge on Logic and Learning, New Haven, Yale University Press (1929) pp133-134

[2]- بگەڕێوە بۆ سەرچاوەی پەراوێزی سەرەوە.

بارەی دا دروست بووه) (ل٧٤). سەڕای ئەوه پەی بردن بە گوتار، پێویستی بە شیکردنەوەی نیشانە وەرگیراوەکانە لەسەر بنەمای توخمە بنەماییەکان، کە رۆڵێکی لە بنەڕەتدا داهێنەرانەیان هەیە لە بەرهەمهێنانی گوتاردا، و لەبەر ئەمە دەزگای بەرهەمهێن کە لە بەرهەمهێنانی گوتاردائەویش رۆڵێك دەگێڕێ، ئەکتیڤ دەکات. چونکە تەنیا لەسەر بنەمای یاساگەلی نەگۆڕی ئەم دەزاگایەیە، توخمەکان و پەیوەندییەکانی نێوانیان، دیاری دەکرێ. بەم پێیە دەبێ **یاسای بەرهەمهێنی** ژێرسازیی، لە تێگەیشتنی گوتاردا دەوری هەبێت. ئەگەر بەهۆی زاڵبوون بەسەر ئەم یاسایانەدا و بەهۆی توانای (ئەگەری بە واقع کردن)ی نەبوایە، زەین نەیدەتوانی لەگەڵ میکانیزمی گوتاری بەرهەمهاتوو هەڵس و کەوت بکا، هەروەك چۆن مرۆڤێکی کوێر ناتوانێ هەست بە رەنگەکان بکات. کەواتە دەرئەنجامەکە ئەوەیە، کە هەم میکانیزمی پەی پێبردن و هەم میکانیزمی بەرهەمهێنانی گوتار، دەبێ یاساکانی **ژێرسازی بەرهەمهێن** بەکاربێنن. تەنیا لە رووی یەکسانی واقعی ئەم سیستمە ژێرسازیە لە ئاخێوەر و گوێگردا پەیوەندیی وەدی دێ، بە واتایەکی تر، ئەم سیستەی برهەمهێنی ژێرسازی لە هەموو مرۆڤەکاندا هاوبەشە، و هەر ئەم خاڵەیە کە لە شیکردنەوەی کۆتایی دا بە یەکسان بوونی سروشتی مرۆیی دەگا.

لە زەینی مرۆڤدا جگە لە چالاکی زەینی شتکی تر نییە، و پەی پێبردن و بەرهەمهێنانی گوتار لە بەروبوومە جۆراوجۆر و فرەلایەنەکانی هێزی زەینی مرۆییە. ناتوانین وتووێژ بە بدە و بستێنەی مادی لەقەڵەم بدەین. دەبێ لە نێوان گوێگر و ئاخێوەردا، بە کەڵك وەرگرتن لە هێزی دەروونی خودی زەین مەبەستی هاوبەش کامڵ ببێ. ئەوەی گوێگر وەریدەگرێ جۆرێك وروژاندنی گونجاو و هاوئاهەنگکراوە...لەم روانگەوە، لە هەر مرۆڤێکدا بە تەواوی بوونی هەیە، ئەمەش لەوە بەولاوە مانایەکی تری نییە، کە هەرکەسێك بە هۆی هێزێکی دیاری کراو، بگۆڕ، کاریگەر و سنووردانەر دەست بە هەوڵێکی رێك و پێك دەکات. دەتوانین تێبگەین

زمان هەمووی، چ لە رووی دەروونیــەوە چ لــە رووی دەرەکییــەوە بەرەبــەرە لــە درەوونــەوە سەرهەڵدەدا و هەنگاو بە هەنگاو لە دەروونی خۆیەوە پەیدا دەبێ.
هەروەك زانیمان، تێگەیشتن ناتوانێ لە سەر بنەمای کردەوەیەکی دەروونی دابمەزرێ، کە لــە لایەن خودی ئێمەوە ئەنجام دەدرێ و، ئاخاوتن لەگەڵ یەکتر دەبێ شتێك بێ لە وروژاندنی هێزە ئاخاوتنی گوێگر بەولاوەتر، ئەگەر لەو جیاوازییەی کە لە نێوەن تاك تاکی مرۆڤەکاندا هەیە، یەك سروشتی مرۆیی بوونی نەبێ، کە بەتەواوی خۆی وەك تاکی تاکی لێکجیا دەربخات.

تەنانەت لەمــەڕ پــەی پێبردنــی تاکــە زاراوەیــەکیش، دەبــێ سیســتمی یاســاکانی **ژێرسازی بەرهەمهێن**، چالاك بکرێ. بە بڕوای **هامبۆڵت** ئەم گریمانەیە کە ئاخێوەر و بەروتە (**مخاطــب**) گەنجینەیەك چەمکی هەوێنکرا و دیاریکراو و هاوبەشیان هەیە، راست نییە، بەڵکو دەنگە وەرگیراوەکان زەین دەجــوڵێنن، تابەکــەڵك وەرگــرتن لــە ئامرازەکانی خۆی، بۆ ئەو مەبەست چەمکێکی تایبەت بەرهەمبێنێ:

لەیەکتر گەیشتنی مرۆڤەکان لەبەر ئەوە نییە، کە هەریەکیان نیشانەگەلی شتەکانی تر دەخاتە روو، بەم بەڵگەیەش نییە کە ئەوان شتێك بۆ یەکتری دیاری دەکەن تا تێگەیشتنێکی ورد و تەواو رابگەیەنن. لێکتێگەیشتنی مرۆڤەکان لەبەر ئەوەیە کە ئەوانە هەریەکەیان ئەنــدامی زنجیرەیەك وێنای هەستەکانی یەکترین و پشتبەست بە هێزی بەرهەمهێنی چەمکی دەروونی خۆیانن. بە لێکدانەوەیەکی تر، ئامرازی پەیوەندی هەریەکێکیان، چەندین چەمکی گونجــاو لەگەڵ یەکتری نەك بەیەك چەمك، دەخولقێنێ. (ل٢١٣)

کورتەی وتە ئەوەیە کە تێگەیشتنی گوتار، پێویستی بە بەرهەمهێنانی دەروونی و رەنگدانەوەی نیشانە، هەروەها ناوەرۆکی مانایی هەیە.

سەرنجی توێژەرانی هاوچەرخ لەمەر پەیی پێبردن، رووی لە رۆڵی نموونەکانی دووبارە دەرکەوتەی[1] دەروونییە، و هەوڵدەدەن ئەم خاڵە بە درێـژی روون بکەنـەوە، کـە لـە تێگەیشـتن یـا پـەی پێبردنـدا، تـەنیا کۆمەڵـە نموونەیـەك بەشـدار نییـە، بـەڵکو سیسـتمێکی رێسـا نـەگۆڕەکانی بەرهـەمهێنانی ئـەم نموونانـە بەشـدارە[2]. لـەم زەمینەشدا دەتوانین ئەم توێژینەوانە، بە درێژەپێدانی نەریتی زماننناسی دیکارتی و دەروونناسی ژێرخانی ئەو زماننناسییە بزانین.

---

[1]- بۆ نموونە بڕوانە:

D. M. Mac Kay "Mindilk Behavior in Artefacts" British Journal for Philosophy of Science, vol. 2 (1951), pp. 105-121 J. S. Bruner, "On Perceptual Readiness" Phycological Review, vol. 64 (1957) pp. 123-152, "Neural Mechanisms in Perception", Psychological Review, vol, 64 (1957) pp. 340-358

بۆ کورتەیەك دەربارەی پرۆسە ناوەندییەکانی تێگەیشتن، بڕوانە:

H. L. Teuber, "Preception in the Handbook of Physiology-Neurophysiology, III, J. Field, H. W. Mogoun, V. E. Hall (eds), American Physiological Society, Washington, D. C. (1960) Chap. LXV

[2]- بۆ بە دواداچوونی پتر و سەرچاوە لە بواری مۆرفۆلۆچی دا بڕوانە:

M. Halle & K. N Stevens, "Speech Recognition: A Model and a Programe for Resarch" in fodor & Katz (ed), op. cit. and G A. Miller & N. Chomsky, "Finitary Models of Language Users" Part 2, in R. D. Luce, R. Bush, & e. Galanter (eds), Handbook of Mathmatical Psychology, vol II, New York, Wiley (1963)

دەرئەنجام

بە پێی وتەی وایتهید، کە ئەم کتێبەمان بە وتەی ئەو دەسپێکرد، وادێتە بەرچاو، زمانناسی دیکارتی و دەرووناسی مەعریفی، دوای وەستانێکی دوور و درێژ، رووی سەرنجی کردۆتە میتۆدەکانی لێکدانەوەی پێکهاتەی زمان و پرۆسە زەینییەکان، واتە ئەو رایانەی تا رادەیەك رەگ و ریشەیان لە (سەدەی بلیمەتان) دا هەیە و لەو قۆناغە دا ئەو بایەخەیان پەیدا کرد، تا سەدەی نۆزدەهەم گۆڕانکارییەکی پڕ بەرهەمیان تێپەڕاند. لایەنی داهێنەرانەی کەڵك وەرگرتن لە زمان، جارێکی تر وەك خاڵێکی سەرەکی سەرنجی زمانناسانی بۆ لای خۆی راکێشا. تیوورییەکانی **دەستووری هاوبەشی گشتی**، کە لە سەدەی حەڤدە و هەژدە دا خرایە روو، جارێکی تر لە **تیوری دەستووری گەردانکردنی بەرهەمهێن** دا گیانی بەبەرداکرایەوە و کەوتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. دەسپێکردنەوەی لێکۆڵینەوەکان لە بارەی هەل و مەرجی سیمای گشتی لە سیستمی رێساکانی زمانیی دا، ئێستا جارێکی تر، هەولێ گەیشتن بە روونکردنەوەی قووڵتری ئەم دیاردەیە، کە لە زمانەکانی تردا دۆزراوەتەوە و لە کاریگەری زماندا بەدی دەکرێ، شتێك نییە مەحاڵ بێ. تویژینەوە نوێیەکان، لە کۆتایی دا روویان کردە تاوتوێ کردنی ئەو راستییە سادانەی، لەمێژ بوو پشتگوێ خرابوون، ئەو راستییانەی وەك ئەوەی ئاخێوەرێکی زمان، کە شتی زۆر دەزانێ و هەرگیز پێشتر فێریان نەبووە، ناتوانین رەفتاری سروشتی زمانی ئەو، لەسەر بنەمای **کۆنترۆڵی وروژێنەر**، **مەرجداریی**، **گشتاندن** و **پێوانە**[1]، **نموونەیی**، **خوو**، یا **ئارەزووی کاردانەوە** بە روونی بە شێوەیەکی لۆجیکی

[1]- لەفارسییەکەدا **قیاس** نووسراوە کە بەپێ شوێنی لە رستەکەدا، پێوانە، بەراورد کردن، پێکگرتن، دەگەیەنێ. و/ کوردی

روونبکەینەوە. لە ئاکامدا نەك تەنیا لە بارەی زماندا، بەڵکو لە بارەی پێشمەرجەکانی فێربوونی زمان و، ئەرکی پەی پێبردنی سستمە ئەبستڕاکتەکانی یاساکانی گشتی، روانگەی نوێ سەریهەڵدا. من هەوڵمداوە لەم تاوتوێکردنە کورتەدا، لەمەڕ زماننasی دیکارتی و تیوری زەین، کە رەگ و ریشەی لە وێدایە، دەریبخەم زۆربەی ئەو شتانەی ئێمە بە دەرئەنجامی توێژینەوەکانی ئەم دواییەیان دەزانین، لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوودا(*کە زۆربەیان لەیادکراون*) ئاماژەیان پێکراوە یا بە روونی پۆلێن کراون.

پێویستە لە بیرمان بێت کە ئەم تاوتوێکردنە زۆر ناتەواوە و لە زۆر لایەنەوە رێ بزرکەرە. هەندێك کەسایەتی گرینگ وەك **کانت**، یا ناوی نەبراوە یا رایەکانیان بە ناتەواوی کەوتۆتە ژێر باس. هەروەها رێکخستنی ئەم تاوتوی کردنەش لادانێکی تەواوی پێوە دیارە: گەڕانەوە بۆ رابردوو، بۆ دۆزینەوەی هۆگرییەکانی هاوچەرخ، لە بری دەربڕینی سیتماتیك ئەو چوارچێوەی کە ئەم رایانەی تێدا دەردەکەوتن و لە شوێنێکی تایبەتی داجێگیر دەبوون. هەر لەم رووەوە، جەخت لەسەر وێکچوونەکان کراوەتەوە و جیاوازیی و لێك دوورکەوتنەوەکان،گوێیان پێنەدراوە. لەگەڵ ئەم حاڵەشدا، بەڕای من تەنانەت تاوتوێکردنێکی ناتەواوی ئاواش نیشانی دەدا، کە دابڕان لە پەرەپێدانی تیوری زمانیی، زۆر زیانبەخش بووە و تاوتوێکردنی وردی تیورییە نەریتییەکانی زمان، وێڕای تیوری پرۆسەکانی زەینی، تاچەند بەنرخ دەبن.

سەرچاوەکان

Aarslef, H.: "Leibniz on Locke on Language," *American Philosophical Quarterly*, vol.1, no. 3, pp. 1_24, 1964.

Abrams, M. H.: *The Mirror and the Lamp*, Oxford University Press, Fair Lawn, N. J., 1953.

Aristotle: *De Interpretatione*.

____: *De Anima*.

Arnauld, A.: *La Logique, ou l'art de penser*, 1662; trans. J. Dickoff and P. James as *The Art of Thinking*, The Bobbs_Merrill Company, Inc., Indianapolis, 1964.

Bacon, R.: *Grammatica Graeca*.

Bayle, F.: *The General System of the Cartesian Philosophy*, 1669; English trans., 1670.

Bayle, P.: *Historical and Critical Dictionary*, 1697; selections trans. R. H. Popkin, The Bobbs_Merrill Company, Inc., Indianapolis, 1965.

Beauzée, N.: Grammaire générale, ou exposition raisonnée des éléments nécessaires du language, 1767; rev. ed., 1819.

Bentham, J.: *Works*, ed. J. Bowring, Russell and Russell, Inc., New York, 1962.

Berthelot, R.: *Science et philosophie chez Goethe*, F. Alcan, Paris, 1932.

Bloomfield, L.: *Language*, Holt, Rinehart and Winston, Inc., New York, 1933.

Bougeant, Père G. H.: *Amusement philosophique sur le langage des bestes*, 1739.

Brekle, H. E.: "Semiotik und linguistische Semantik in Port_Royal," *Indogermanische Forschungen*, vol. 69, pp. 103_121, 1964.

Brown, R. L.: "Some Sources and Aspects of Wilhelm von Humboldt's Conception of Linguistic Relativity," unpublished doctoral dissertation, University of Illinois, 1964.

Bruner, J. S.: "On Perceptual Readiness," *Psychological Review*, vol. 64, 1957.

Brunot, F.: *Histoire de la langue française*, Librairie Armand Colin, Paris, 1924.

Buffier, C.: *Grammaire française sur un plan nouveau*, 1709.

Cassirer, E.: *The Philosophy of Symbolic Forms*, 1923; English trans., Yale University Press, New Haven, Conn., 1953.

Carmichael, L.: "The Early Growth of Language Capacity in the Individual," in E. H. Lenneberg (ed.), *New Directions in the Study of Language*, The M. I. T. Press, Cambridge, Mass., 1964.

Chomsky, N.: *Syntactic Structures*, Mouton and Co., The Hague, 1957.

——: "Review of B. F. Skinner, 'Verbal Behavior'", *Language*, vol. 35, pp. 26_58, 1959; reprinted in J. A. Fodor and J. J. Katz (eds.), *The Structure of Language*, Prentice_Hall, Inc., Englewood Clifts, N. J., 1964.

——: "Explanatory Models in Linguistics," in E. Nagel et al. (eds.), *Logic, Methodology, and philosophy of Science*, Stanford University Press, Stanford, Calif., 1962.

——: *Current Issues in Linguistic Theory*, Mouton and Co., The Hague, 1964; reprinted in part in fodor and Katz, *The Structure of Language*.

——: *Aspects of the Theory of Syntax*, The M. I. T. Press, Cambridge, Mass., 1965.

Coleridge, S. T.: "Lectures and Notes of 1818," in T. Ashe (ed.), *Lectures and Notes on Shakespeare and Other English Poets*, G. Bell & Sons, Ltd., London, 1893.

Cordemoy, Géraud de: *Discours Physique de la Parole*, 1666; 2d ed., 1677; English trans., 1668.

Couturat, L., and L. Leau: *Histoire de la langue universelle*, Paris, 1903.

Cowan, M.: *Humanist without Portfolio*, Wayne State University Press, Detroit, 1963.

Cudworth, R.: *Treatise Concerning Eternal and Immutable Morality*, American ed. of *Works*, ed. T. Birch, 1838.

D'Alembert, J.: *Éloge de du Marsais.*

Descartes, R.: *The Philosophical Works of Descartes*, trans. E. S. Haldane and G. R. T. Ross, Dover Publications, Inc., New York, 1955.

——: "Correspondence," trans. L. C. Rosenfield (L. Cohen), *Annals of Science*, vol., I, no. 1, 1936.

——: "Correspondence," trans. H. A. P. Torrey, *The Philosophy of Descartes*, Holt, Rinehart and Winston, Inc., New York, 1892.

Diderot, D.: *Lettre sur les sourds et muets*, 1751.

Du Marsais, César Chesneau: *Véritables Principes de la grammaire*, 1729.

——: *Logiques et Principes de Grammaire*, 1769.

Fiesel, E.: *Die Sprachphilosophie der deutschen Romantik*, Verlag Von J. C. B. Mohr, Tübingen, 1927.

Flew, A.: *Introduction to Logic and Language, First Series*, Blackwell, Oxford, 1952.

Fodor, J. A.: "Could Meaning Be an 'r_m'?" *Journal of Verbal hearning and Verbal Behavior*, vol. 4, pp. 73_81, 1965.

——: *Psychological Explanation*, chap. *1*, "Is Psychology Possible?" Random House,

Inc., New York, Forthcoming.

____: and J. J. Katz: *The Structure of Language: Readings in the Philosophy of Language*, Prentice_Hall, Inc., Englewood Cliffs, N. J., 1964.

Galileo: *Dialogue on the Great World Systems*, 1630; The University of Chicago Press, Chicago, 1953.

Grammont, M.: "Review of A. Gregoire, 'Petit traité de linguistique,'" *Revue des langues romanes*, vol. 60, 1920.

____: *Traité de phonétique*, Librairie Delagrave, Paris, 1933.

Gunderson, K.: "Descartes, La Mettrie, Language and Machines," *Philosophy*, vol. 39, 1964.

Gysi, L.: *Platonism and Cartesianism in the Philosophy of Ralph Cudworth*, Verlag Herbert Lang and Cie., Bern, 1962.

Halle, M., and K. N. Stevens: "Speech Recognition: A Model and a Program for Research," in Fodor and Katz, *Structure of Language*.

Harnois, G.: "Les théories du langage en France de 1660 à 1821," *Études Francaises*, vol. 17, 1929.

Harris, J.: *Works*, ed. Earl of Malmesbury, London, 1801.

Harris, Z. S.: "Co_occurrence and Transformation in Linguistic Structure," *Language*, vol. 33, pp. 283_340, 1957; reprinted in fodor and Katz, *Structure of Language*.

Herbert of Cherbury: *De Veritate*, 1624; trans. M. H. Carré, University of Bristol Studies No. 6, 1937.

Herder, J. G.: *Abhandlung über den Ursprung der. Sprache*, 1772; reprinted in part in E. Heintel (ed.), *Herder's Sprachphilosophie*, Felix Meiner Verlag, Hamburg, 1960.

____: *Ideen Zur Philosophie der Geschichte der Menschheit*, 1784_1785.

Hockett, C. F.: *A Course in Modern Linguistics*, The MacMillan Company, New York, 1958.

Huarte, J.: *Examen de Ingenios*, 1575; English trans. Bellamy, 1698.

Humboldt, Wilhelm von: *Ideen zu einem Versuch die Grenzen der Wirksamkeit des staats zu bestimmen*, 1792; trans. in part in Cowan, *Humanist without Portfolio*, pp. 37_64.

____: *Über die Verschiedenheit des Menschlichen Sprachbaues*, 1836; facsimile ed., F. Dümmlers Verlag, Bonn, 1960.

Jespersen, O.: *The Philosophy of Grammar*, George Allen & Unwin, Ltd., London, 1924.

Joos, M. (ed.): *Readings in Linguistics*, ACLS, Washington, 1957.

Katz, J. J.: "Mentalism in Linguistics," *Language*, vol. 40, pp. 124_137, 1964.

____: *Philosophy of Language*, Harper & Row, Publishers, Incorporated, New York, 1965.

____: and P. M. Postal: *An Integrated Theory of Linguistic Description*, The M. I. T. Press, Cambridge, Mass., 1964.

Kirkinen, H.: "Les origines de la conception moderne de l'homme_ machine," *Annales Academiae Scientiarum Fennicae*, Helsinki, 1961.

Kretzmann, N.: "History of Semantics," in P. Edwards (ed.), *Encyclopedia of Philosophy*, forthcoming.

La Mettrie, J. O. de: *L'Homme_ Machine*, 1747; critical edition, A. Vartanian (ed.), Princeton University Press, Princeton, N. J., 1960; trans. *as Man a Machine*, The Open Court Publishing Company, La Salle, III, 1912.

Lamprecht, S. P.: "The Role Of Descartes in Seventeenth_century England," *Studies in the History of Ideas*, vol. III, ed. Department of Philosophy, Columbia University, Columbia University Press, New York, 1932.

Lamy, B.: *De l'Art de Parler*, 1676.

Lancelot, C., and A. Arnauld: *Grammaire général et raisonnée*, 1660.

Lees, R. B.: *Grammar of English Nominalizations*, Mouton and Co., the Hague, 1960.

Leibniz, G. W. von: *Discourse on Metaphysics*, English trans. G. R. Montgomery, The Open Court Publishing Company, La Salle, Ill , 1902.

____: *Nouveaux essais sur l'entendement humain*, trans. A. G. Lang_ley, The Open Court Publishing Company, La Salle, III, 1949.

Leitzmann, A. (ed.): *Briefwechsel zwischen W. von Humboldt und A. W. Schlegel*, 1908.

Lenneberg, E. H.: "A Biological Perspective of Language," in E. H. Lenneberg (ed.), *New Directions in the Study of Language*, The M. I. T. Press, Cambridge, Mass., 1964.

____: *The Biological Bases for Language*, John Wiley & Sons, Inc., New York, forthcoming.

Livet, Ch._L.: *La grammaire française et les grammariens du XV Ie siècle*, Paris, 1859.

Lovejoy, A. O.: "Kant and the English Platonists," in *Essays Philosophical and Psychological in Honor of William James*, Longmans, Green & Co., Inc., New York, 1908.

____: *The Great Chain of Being*, Harper & Row, Publishers, Incorporated, New York, 1936.

Lyons, G.: *L'idéalisme en Angleterre au XVIIIe siècle*, Paris, 1888.

Mackay, D. M.: "Mindlike Behavior in Artefacts," *British Journal for Philosophy of Science*, vol. II, 1951.

Magnus R.: *Goethe als Naturforscher*, Barth, Leipzig, 1906; trans. H. Norden, Abelard_Schuman, Limited, New York, 1949.
Marx, K.: *Critique of the Gotha Program*, 1875.
____: *Economic and Philosophic Manuscripts*, 1844; trans. T. B. Bottomore, in E. Fromm (ed.), *Marx's Concept of Man*, Ungar, New York, 1961.
McIntosh, Margaret M. C.: "The Phonetic and Linguistic Theory of the Royal Society
School," unpublished bachelor of letters thesis, Oxfored University, 1956.
Mendelsohn, E.: "The Biological Sciences in the Nineteenth Century: Some Problems and Sources," *History of Science*, vol. III, 1964.
Mill, J. S.: *Rectorial Address at St. Andrews*, 1867.
Miller, G. A., and N. Chomsky: "Finitary Models of Language Users," in R. D. Luce et al. (eds.), *Handbook of Mathematical Psychology*, John Wiley & Sons, Inc., New York, 1963, vol. II.
Passmore, J.: *Ralph Cudworth*, Cambridge University Press, New York, 1951.
Postal, P. M.: *Constituent Structure*, Mouton and Co., The Hague, 1964.
____: "Underlying and Superficial Linguistic Structures," *Harvard Educational Review*, vol. 34, 1964.
Proudhon, P._J.: *Correspondance*, ed. J._A. Langlois, Librairie Internationale, Paris, 1875.
Quine, W. V. O.: *Word and Object*, John Wiley & Sons, Inc., New York, and The M. I. T. Press, Cambridge, Mass., 1960.
Reid, Thomas: *Essays on the Intellectual Powers of Man*, 1785.
Robinet, J. B.: *De la Nature*, 1761_1768.
Rocker, R.: *Nationalism and Culture*, trans. R. E. Chase, Freedom Press, London, 1937.
Rosenfield, L. C.: *From Beast_Machine to Man_Machine*, Oxford University Press, Fair Lawn, N. J., 1941.
Rousseau, Jean_Jacques: *Discourse on the Origins and Foundations of Inequality among Men*, 1755; trans. in R. D. Masters (ed.), *The first and Second Discourses*, St Martin's Press, Inc., New York, 1964.
Ryle, G.: *The Concept of Mind*, Hutchinson & Co. (Publishers), Ltd., London, 1949.
Sahlin, Gunvor: *César Chesneau du Marsais et son rôle dans l'évolution de la Grammaire général*, Presses_Universitaires, Paris, 1928.
Sainte_Beuve, Ch._A.: Port Royal, vol. III, 2d ed., Paris, 1860.
Schlegel, August Wilhelm: "Briefe über Poesie, Silbenmass und Sprache," 1795; in *kritische Schriften und Briefe*, vol. I, *Sprache und Poetik*, W. Kohlhammer Verlag,

Stuttgart, 1962.
____: *Kritische Schriften und Briefe*, vol. II, *Die Kunstlehre*, 1801, W. Kohlhammer Verlag, Stuttgart, 1963.
____: *Lectures on Dramatic Art and Literature*, 1808; trans. John Black, G. Bell & Sons, Ltd. London, 1892.
____: "De l'étymologie en général," in E. Böching (ed.), *Oeuvres Écrites en Français*, Leipzig, 1846.
Schlegel, Friedrich von: *Geschichte der alten und neuen Literatur*, 1812.
Skinner, B. F.: *Verbal Behavior*, Appleton_Century_Crofts, Inc., New York, 1957.
Smith, Adam: *Considerations Concerning the First Formation of Languages, The Philological Miscellany*, vol. I, 1761.
Snyder, A. D.: *Coleridge on Logic and Learning*, Yale University Press, New Haven, Conn., 1929.
Steinthal, H.: *Grammatik, Logik und Psychologie,* Berlin, 1855.
____: *Gedächtnissrede auf Humboldt an seinem hundertjahrigen Geburtstage*, Berlin, 1867.
Teuber, H. L.: "Perception," in J. Field et al. (eds.), *Handbook of Physiology _ Neurophysiology*, American Physiological Society, Washington, D. C., 1960, vol. III.
Troubetzkoy, N. S.: "La phonologie actuelle," *Psychologie de langage*, Paris, 1933.
Vaugelas, Claude Favre de: *Remarques sur la langue françoise*, 1647.
Veitch, J.: *The Method, Meditations and Selections from the Principles of Descartes*, William Blackwood & Sons, Ltd., Edinburgh, 1880.
Wellek, R.: *Kant in England*, Princeton University Press, Princeton, N. J., 1931.
Whitehead, A. N.: *Science and the Modern World*, MacMillan, 1925.
Whitney, W. D.: "Steinthal and the Psychological Theory of Language," *North American Review*, 1872; reprinted in *Oriental and Linguistic Studies*, Scribner, Armstrong and Co., New York, 1874.
Wilkins, John: *an Essay towards a Real Character and a Philosophical Understanding*, 1668.
Wittgenstein, L.: *Tractatus Logico_Philosophicus, 1922*; New trans. D. F. Pears and B. F. McGuiness, Routledge & Kegan Paul, Ltd., London, 1961.
____: *Blue and Brown Books*, Harper & Row, Publishers, Incor_porated, New York, 1958.